# ئیمپراتۆریەتی ئاشور

**سەرچاوە:**

مجموعۀ تاریخ جهان

امپراتوری آشور

دان ناردو

ترجمۀ مهدی حقیقت خواه

چاپ اول / چاپ شمشاد

انتشارات ققنوس / تهران

---

**ناوی کتێب: ئیمپراتۆریەتی ئاشور**

**نووسینی: دۆن ناردۆ**

**وەرگێڕانی: یادگار حەمە غەریب**

**بابەت: مێژوویی**

**مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج**

**تایپ: بەختیار ئەورەحمان**

**هەڵەچنی: سارا عەبدوڵلا**

**تیراژ: 1000 دانە**

**نرخ: 2000دینار**

**ژمارەی سپاردن: 373 ی 2007**

**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چاپی : یەکەم ساڵی 2008**

**کوردستان -سلێمانی**

**www.serdam.net**

دۆن ناردۆ

# ئیمپراتۆریەتی ئاشور

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

**یادگار حەمە غەریب**

سلێمانی 2008

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی سەردەم ژمارە (444)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

# پێڕست


| | | |
|---|---|---|
| پێشەکی | نەتەوەیەك کە لەگەڵ شمشێردا ژیان و مردن. | 9 |
| بەشی یەکەم | لەنێوان دوور ڕووباری گەورەدا: یەکەمین نیشتەجێبووانی نێوان دوو ڕووبار. | 17 |
| بەشی دووەم | ئەرکی وڵات داگیرکردن و فەرمانڕەوایی: سەردەرهێنانی میللەتی ئاشور. | 39 |
| بەشی سێیەم | ناوێك کە جارێکی تر ترس دروست دەکەن: ئاشور سەرلەنوێ پێ دەگرێتەوە. | 63 |
| بەشی چوارەم | سارگۆن و میراتگرەوەکانی: ئیمپراتۆریای ئاشور لە لووتکەی خۆیدا | 85 |
| بەشی پێنجەم | کۆمەڵگایەکی سەرسپێردراو بە خواکان و پاشاکان: ژیان و کلتوری ئاشور. | 107 |
| بەشی شەشەم | دێوێکی کەم دەوام: لێکهەڵوەشانی لەناکاوی ئاشور. | 129 |
| دوا وتار | ڕابردوویێك کە لەبیرناچێتەوە. | 145 |
| | سەرچاوەی زیاتر بۆ لێکۆڵینەوە. | 152 |
| | بەرهەمە سوود لێ وەرگیراوەکان. | 153 |
| | بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر. | 157 |

# گرنگترین ڕووداوه مێژووییه‌كانی ئیمپڕاتۆریه‌تی ئاشور

| پێش زایین 5500 - 2200 - 2400 | 1600-1813-1781 | -1200-1365-1330 |
|---|---|---|
| پێش زایین<br>**نزیكه‌ی** 5500<br>دانیشتوانی ناوچه بەرزەكانی دەوروبەری نێوان دوو ڕووبار دەستیان بەهاتنە خوارەوە كرد لە تەپۆڵكەكانەوە, لە دۆڵەكانی ڕووبارەكانی دیجلەو فوراتدا نیشتەجێ دەبن.<br>**نزیكه‌ی** 3300 -3000<br>سۆمەریەكان لەو دەشتەی كە كەوتۆتە باكوری ڕۆژئاوای كەنداوی عەرەبەوە یەكەمین شارەكانی نێوان دوو ڕووبار بنیات دەنێن، سۆمەریەكان بە سوودوەرگرتن لە شێوەیەكی نووسینی ئالۆز دەست پێدەكەن كە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی كە زانایانی ئەمڕۆ پێی دەڵێن خەتی بزماری.<br>**نزیكه‌ی** 2200-2400<br>فەرمانڕەواكانی ئەكەدی، بەناوبانگترینیان شلسارگۆن، سۆمەر داگیردەكات و باكورو باشوری نێوان دوو ڕووبار دەكەن بەیەك پارچە.<br>**نزیكه‌ی** 2000<br>نووسەرێكی نەناسراوی بابلی چیرۆكە حەماسییەكانی گەلگامێش، قارەمانی كۆنی نێوان دوو ڕووبار كۆدەكاتەوە، ئێستا ئیتر بە زمانی سۆمەری قسە ناكرێت و تەنیا كاهینەكان وزاناكان سوود لەوەوەردەگرن. | **نزیكه‌ی** 1781-1813<br>فەرمانڕەوایەتی شەمەشی ئەدد، بناغەی یەكەمین بنەماڵەی گەورەی پاشایەتی ئاشورو یەكەمین فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتە كە بەشەكانی ژیانی ئاشكرایە.<br>**نزیكه‌ی** 1759<br>حامورابی پاشای بابل پاشایەتی ماری لە فوراتی سەرەوە داگیردەكات و كەمێك لە دوایی ئەوە ئاشورو شارەكانی تری ئاشوری لەوەی خۆی دروست دەكات.<br>**نزیكه‌ی** 1600<br>هیتییەكان، نەتەوەی شوێنخوازی دانیشتووی ئەنادۆڵی ناوەندی (ئاسیای بچووك)، بابل تاڵان دەكەن.<br>**نزیكه‌ی** 1365-1600<br>یەكەمین قۆناغە تاریكەكانی نێوان دوو ڕووبار، كە بەدرێژایی ئەوە یەكەمجار فەرمانڕەواكانی كاسی بابل و پاشان پاشای میتانی، كە كەوتۆتە دیجلەی سەرەوە، بەسەر ئاشوردا دەسەڵاتدار دەبن.<br>**نزیكه‌ی** 1330-1365<br>فەرمانڕەوایەتی ئاشور ئوبالیتی یەكەمن یەكەمین پاشایی ئاشور | **نزیكه‌ی** 1244-1208<br>فەرمانڕەوایەتی توكولتی - نینورتایی یەكەم، شاری بابل داگیر دەكات.<br>**نزیكه‌ی** 1200<br>زۆربەی شارەكانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و نێوان دوو ڕووبار، لەوانە شارەكانی هیتییەكان، تاڵان دەكرێت و دەسووتێنرێت و ناوچەكە دەستەمۆی ئاشوبی كارەساتاوی دەبێت، كە هۆی ئەوە بەنادیاری بەجێ دەمێنێت، ئاشور تاڕادەیەكی زۆر لە وێرانكاری بە پارێزراوی دەمێنێتەوە، وە لە ناوچەی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی نزیكدا تەنیا دەسەڵاتێكی گەورەیە كە بەسەقامگیریی دەمێنێتەوە.<br>**نزیكه‌ی** 1077-1115<br>فەرمانڕەوایەتی تیگلات پیلصەری یەكەم، كە سوپاكانی بە كەناری دەریایی ناوەڕاست دەگەن و باج لە بیبلوس (جبیل)وشارەكانی تری فینقیوەردەگرن.<br>**نزیكه‌ی** 911-1070<br>دووەمین سەردەمە تاریكەكانی نێوان دوو ڕووبارە كەلەوەدا پانتایی دەسەڵاتی ئاشور لەلایەنی گەورەیی و دەسەڵاتەوە بەشێوەیەكی بەرچاو كەم دەبێتەوەو لەلایەنی سیاسی و سەربازییەوە ئارام وجێگیرە. |

| -883- 859-1070-911<br>-744-727 | 694-722-705 | 610-626-639-671 |
|---|---|---|
| **نزیکەی** 911 -891<br>فەرمانڕەوایەتی ئەدد-نیراردووەم، یەکەمین پاشای ئاشورتازە ژیاوە، کە ئێستا دەچێتە ناو گەورەترین سەردەمی فراوان و بەشکۆو مەزنی خۆیەوە.<br>**نزیکەی** 859-883<br>فەرمانڕەوایەتی ئاشور نەصرپالّی دووەم، کە کاری پالّەوانانەی باوباپیرانی خۆی تیگلات پیلصەر دووبارە دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە دەریای ناوەڕاست.<br>**نزیکەی** 853<br>شەلم نەصری سێیەم پاشای ئاشور لەگەلّ هێزە یەکگرتووەکانی دیمەشق و ئیسرایل و پاشایەتییەکانی تری کە نارەکانی قەرقەر، لە تەنیشت ڕووباری ئۆرونتس (نهر العاصی) لە باکوری دیمەشق، دەجەنگێت و ناتوانێت ئەوانە تێکبشکێنێت، پاشەکشێی کرد.<br>**نزیکەی** 727-744<br>فەرمانڕەوایەتی تیگلات پیلصەری سێیەم، کە فەرمانڕەوایەتی ئاشور سەرلەنوێ بەسەر سوریاو فەلەستیندا دەچەسپێنێت، دیمەشق دەگرێت و نیوەی ئیسرایل داگیر دەکات.<br>**نزیکەی** 705-722<br>فەرمانڕەوایەتی سارگۆنی دووەم، بنیاتنەری بنەمالّەی | سارگۆنییەکان، کە شۆڕشە بێ شومارەکانیان تێك دەشکاندو کۆشکێکی تازەی فەرمانڕەوایەتی لەدور-شروکین، لە باکوری ڕۆژهەلاّتی نەینەوا، دادەمەزرێت.<br>**نزیکەی** 694<br>سیناخیب، جێنشینی سارگۆن، بابل وێران دەکات.<br>**نزیکە** 681<br>سیناخیب بەدەستی کوڕەکانی دەکوژرێت، یەکێك لەوانە بەناوی ئەسرحەدون، لەسەر تەخت دادەنیشێت و بەزووی دەست دەکات بەئاوەدانکردنەوەی بابل.<br>**نزیکەی** 671<br>ئەسرحەدون هێرش دەکاتە سەر میسرو پایتەختی ئەو مەمفیس داگیردەکات، پاشان لە میسردا شۆڕش هەلّدەگیرسێت و ئەسرحەدون لە سەر ڕێگاکەی بۆ دامرکاندنەوەی شۆڕش دەمرێت.<br>**نزیکەی** 637-668<br>فەرمانڕەوایەتی ئاشوربانیپالّ، کە ئیمپراتۆریەتی ئاشور لە لوتکەی دەسەلاّتیدا بە میرات دەبات.<br>**نزیکەی** 639<br>ئاشوربانیپالّ پاشایەتی عیلام، دوژمنی دێرینەی ئاشور، کە کەوتۆتە ڕۆژهەلاّتی دەشتەکانی نێوان دوو ڕووبار، وێران دەکات. | 627<br>ئاشوربانیپالّ دەمرێت و ئاشور گرفتاری شەڕی ناوخۆ دەبێت.<br>626<br>فەرمانڕەوایی کلدە نەبو پلصەر بابل داگیردەکات و دژی ئاشوری لاوازبوو دەست دەکات بە جەنگ.<br>615<br>کیاکسار (هوخشترە) پاشایی ماد لە ڕۆژهەلاّتەوە هێرش دەکاتە سەر ولاّتی ئاشور، سالّی دواتر ئاشور، پیرۆزترین شاری ئیمپراتۆریەتی ئاشور، داگیرو تالاّن دەکات، کیاکسارو نەبوپلصەر یەکێتی دژی ئاشوری پێکدەهێنن.<br>612<br>سوپایەکی پێکهاتوو لە بابلییەکان و مادەکان هێرش دەکاتە سەر ناوەندی ئیمپراتۆریەتی ئاشورو نەمرودو نەینەوا وێران دەکات.<br>610<br>بابلییەکان و مادەکان دوایەمین فەرمانڕەوایی ئاشور تێکدەشکێنن لە نزیك حەران، لە کەنارەکانی سەرووی ڕووباری فورات. ئێستا ولاّتی ئاشور لە درێژدان بەژیان بەجێ دەمێنێت. |

# پێشەکی


## نەتەوەیەك کە لەگەڵ شمشێردا ژیان و مردن.

هەتا پێش نیوەی سەدەی نۆزدەیەم ناوی ئاشور کە تا ئەو سەردەمە ترسی خستبووە دڵی ملیۆنان کەسەوە، لەڕوانگەی دنیای ئەمڕۆوە هیچ نەبوو جگەلە زاراوەیەك کە زۆرجار لە کتێبە پیرۆزەکان و کتێبی چەند نووسەرێکی یۆنانی و ڕۆمی کۆندا ناوی ئەوەیان هێنابوو. بەڕیوایەتی ئەم بەرهەمانە ئاشورییەکان یەکێکبوون لە چەند نەتەوەیەکی دەوڵەمەندو بەهێز کە لەسەردەمی کتێبی پیرۆزدا لە دۆڵی ڕووبارەکانی دیجلەو فوراتدا نیشتەجێ بوون. لەو کاتەدا زۆرجار بەم ناوچە ناوەندییە زۆر بەپیتەی ڕۆژهەڵاتی نزیکیان دەوت نێوان دوو ڕووبار(بين النهرين). ئاشورییەکانیش وەك بابلیەکان و فەرهەنگە ئەفسانەییەکانی تری نێوان دوو ڕووبار ماوەیەك لە پانتایی مێژوودا دیار نەمان، تەنانەت توێژەرانی مێژووی هاوچەرخ ڕێگەیەکیان بۆ سەلماندنی ئەوان نەبوو، تادەگاتە دۆزینەوەی شوێنی پاشماوەکانی ئەوان.

ئەم ونبوونی بەڵگە دیاریکراوانە بەگشتی لە هەڵبژاردنی نابەجێی بەرژەوەندییەکانی بیناسازی سەرچاوە دەگرێت, بەپێچەوانەی میسرییەکان، یۆنانییەکان و ڕۆمەکان کە زۆربەی یادگارییەکانی خۆیان لەسەر بەردە پتەوەکان دەنەخشاند. دانیشتوانی نێوان دوو ڕووبار بەگشتی سوودیان لە خشتی قوڕین وەردەگرت کە بەئاسانی لێك هەڵدەوەشان. هەتاوی سوتێنەری ڕۆژهەڵاتی نزیك، بارانە تاوتاوەکان و بڵاوبوونەوەی لمەکان کە وردەوردە کۆشکەکان و شارەکانی دەگرتەوەو ئەوانەی دادەپۆشی، تەنیا تەپۆڵکە نائەندازەییەکان لەو ناوەدا بەجێدەما. ئەو کاتەی کە لمی بیابان ئەوانەی دەگرتەوە ناسنامەی ڕەسەنی خۆیان

لەدەست دەداو لەدوای ماوەیەکی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ ڕازەکانی ئەوانە، تەنانەت نەوەکانی ئەو کەسانەی کە لەسەرەتاوە لەوێدا نیشتەجێ بوون بەداپۆشراوی دەمانەوە. پەردەلادان لەسەر ئەم حیجابە ڕازدارە کە ئاشورو فەرهەنگە هاوتاکانیشی داپۆشی بوو لە دەیەی (1840) دەستی پێکردو ئەو کاتە بوو کە گروپەکانی شوێنەوارناسی گەنج و تازەکار کە بەگشتی خەڵکی فەرەنساو بەریتانیا بوون، بەخێرایی کۆشکەکان و شارەکانی ئاشوریان یەك لەدوای یەکتر لەخاکدا دەرهێنا. سەرکەوتووترین، بەناوبانگترین و کاریگەرترینی ئەو توێژەرانە کارمەندێکی دەوڵەت و سەرچڵی (ماجراجو)ی ئینگلیزی بوو بەناوی (ئۆستین هێنری لایارد). لە شەوێکی ئارام و مانگەشەوی (نۆڤێمبەری 1845) لایاردی بیست و هەشت ساڵە لە چادرێکدا لەناو دەشتێکی باکوری عێراقدا دانیشتبوو، زیاتر لەوە پەشۆکابوو کە خەو بچێتە چاوەکانی نەیدەتوانی بیر لە هیچ شتێکی تر بکاتەوە جگەلەو تەپۆڵکە گەورەو نهێنیاوییەی نەمرود کە ئەو لە دامێنی ڕۆژهەڵاتیدا چادری هەڵدابوو. پشکنینی دواتری لایارد کۆشکێکی کۆنی ئاشور بوو لە تەپۆڵکەی (خورساباد)، نزیکەی پەنجا پێ بەلای باکوردا، تاڕادەیەك ئەوی جووڵاندبوو بەلای فەرەنسییەکدا بەناوی (پۆل ئەمیل بوتا)، کە بۆ نەمرود هات بوو بەئومێدی ئەوەی کە پەیکەرەکان و شتی تری دەستکرد بۆ مۆزەخانەی بەناوبانگی بەریتانیا لە لەندەن بدۆزێتەوە.

ئومێدی لایارد لەهەمان یەکەمین ڕۆژی حەفرکردندا بەشێوەی تێڕوانینێك بووبە ڕاستی. ئەوو شەش کرێکار کە لە خێڵێکی عەرەبی ناوچەکە بەکرێی گرتبوو لە بەرەبەیانەوە دەستیانکرد بە خاك و خۆڵ لابردن لەسەر تەپۆڵکەکەو لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا ژوورەکانی دوو کۆشکی جیاوازیان دۆزییەوە کە پڕبوون لە نەخشە بەناوبانگەکانی سەر دیوار. لەدواییدا ئینگلیزی گەنج یەکێك لە دیمەنە گیاندارەکانی شەڕەکەی بەم شێوەیە باسکردووە:



وێنەیەك لە نەخشەیەكی بەناوبانگ لە نەمروودا، یەكێك لە شارە سەرەكییەكانی ئاشور، دەسكەوت و جەنگاوەرە ئاشورییەكان لەكاتی گەمارۆدانی قەڵایەكی دوژمندا پیشان دەدات. بورجێكی چەرخدار تیرهاوێژەكان هەڵدەگرێت، دیواری قەڵا بەهۆی زەربەكانی قەڵاكوتەوە دەڕوخێت.

لە هەریەكێك لەو دوو گالیسكەیەدا كە ئەسپەكان ئەوانە ڕادەكێشن گروپێكی سێ كەسی لە جەنگاوەرەكان سواربوون... جەنگاوەری فەرماندە لەهەردوو گروپەكەدا بەبێ ڕیش بوو... زرێپۆشی تەواوی لەبەردابوو، وە خودەیەكی نووكتیژ لەسەریدا... كەوانەكەی بەتوندی بەدەستی چەپییەوە گرتووەو تیرێكی بەدەستی ڕاستییەوە بەوریایی گرتبوو كە ئامادەی هەڵدان بوو. جەنگاوەری دووەم هەوسارو شووڵ بەدەست تێدەكۆشا سێ ئەسپی گالیسكەكەی بەوپەڕی خێراییەوە تاودەداو ئەسپەكان لە دەشتدا چوارناڵەكی بۆ پێشەوە هێرشیان دەبرد. جەنگاوەری سێیەم بەبێ زرێپۆش و بەقژو ڕیشی زۆرەوە قەڵغانەكەی بۆ بەرگریی لە جەنگاوەرە فەرماندەكەی بەوریاییەوە هەڵگرتبوو. لەژێر پێی ئەسپەكانەوە تێكشكاوەكان بوون كە بەتیری سەركەوتووەكان برینداربوو بوون[1] .

---

[1] . Quoted in C. W. Ceram, Gods, Graves, and scholars: The Story of Archeology. Tranlated by E. B. Garside and Sophie Wilkins. New York: Random House, 1986, p. 286.

بەهێنانە دەرەوەی بینای زیاتر لە نەمرود (کالحی کۆن) نەینەوا، ئاشورو شارەکانی تری ئیمپراتۆریەتی ئاشور، لایاردو جێنشینەکانی هەزاران پەیکەری هەروەك دۆزینەوەی بەشی سەرەکی ئەوانە جەنگاوەرەکان، ئامێرەکانی جەنگ، نەبەردەکان، گەمارۆدانەکان و مەفهوومەکانی تری سەربازییان پیشان دەدا. بەرچاو دەکەوت کە ئەمانە پشتگیریی نووسینەکانی کتێبی پیرۆزو بەرهەمە کۆنەکانی ترە لەبارەی ئاشورییەکانەوە - کە ئەوان لەناو نەتەوە کۆنەکاندا لە هەموویان شەڕانی ترو مەترسیدارتر بوون. (ناحوم) پێغەمبەری عیبرییەکان لەبارەی نەینەواوە دەنووسێت: (وەی لەم شارە خوێناوییە، کە لێوان لێوە لە فێڵ و تالآن!)[2] هەر لەم بارەیەوە (ئەشعیای نەبی) دەگێڕێتەوە: (ئای! بیستووتە کە پاشاکانی ئاشور چیان بەسەر هەموو ناوچەکاندا هێناوەو ئەوانەیان بەتەواوی وێرانکردووە...؟ خوای من! بەڕاستی پاشاکانی ئاشور هەموو میللەت و ناوچەکانیان لەناو بردووەو خواکانیان فرێداوەتە ئاگرەوە)[3].

هیرۆدۆت مێژوونووسی سەدەی پێنجەمی پێش زایین باسی ئاشورییەکان دەکات وەك (ئەربابەکانی ئاسیای سەروو بەدرێژایی قۆناغێکی 520 ساڵە)، ئەو نەتەوە جۆراوجۆرانەی کە بۆ ڕزگاربوون لە (قۆچی ئاشورییەکان و گۆڕانی بۆ خەڵکی ئازاد) دلێرانە جەنگان[4].

سەدەو نیوێك لێکۆڵینەوە لەگەڵ وەرگێڕانی زۆربەی دەقەکانی نێوان دوو ڕووبار ئاشکرابووە کە ئاشورییەکان ئەوەندە وێرانکەری دڵڕەق نەبوون، بەڵکو بەوشێوەیەی کە ئەو وێرانبووانەی نەینەواو شارەکانی تری ئەوان شایەتی دەدات دروستکەرانی سەرسوڕهێنەرو بەهەمان شێوە جووتیارانی ڕەنجدەر، بازرگانانی تێکۆشەرو هونەرمەندانی لێهاتووش بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەنامەکان حیکایەتخوانی ئەوەیە کە ئاشورییەکان لەوانەیە زیاتر لەهەر

2 . Nahum, in Bible, 3:1 Revised standard Version. New York: Thomas Nelson and Sons, 1952.
3 . Isaiah, in Bible, 37: 11, 18 – 19.
4. Herodatus, The Histories. Translated by Aubrey de Selincourt. New York: penguin, 1972, p.81.

نەتەوەیەکی کۆنی تر لە ڕێگای هێرشە سەربازییە زیادەڕۆکان، لەشکرکێشی و جەنگ، ژیانی خۆیان دابین کردبێ و زۆربەی کات هەڵسوکەوتی توندوتیژو ڕەقیان لەگەڵ ئەو کەسانەدا نواندبێ کە بەسەریاندا سەرکەوتوون و لە مێژوودا نووسراوە تارادەیەك مرۆڤی بێ وێنە بوون. ئەم سیاسەتە توندو بێ ڕەحمانەیە ئاشورییەکانی بە گەورەیی و دەسەڵات گەیاند, بەهەمان شێوەی کە لە سەدەکانی سەرەتایی هەزارەی یەکەمی پێش زایینداا ئەوانە یەکەمین ئیمپراتۆریەتی گەورەی جیهانیان پێك هێنا. ئەم پاشایەتییە لەلایەکەوە بووبە کەتەلۆکێك بۆ میللەتەکانی دواتر، لەوانە ئێرانییەکان

لە دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی خۆیاندا سەرکەوتووانە لاسایی ئەوانیان کردەوە. لە ڕابردوودا ئیمپراتۆریەتی ئاشور بە ورووژاندنی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك نە بە بەشداریکردن لە یەکێتییەکی فراواندا (هەرچەند ناسەقامگیر)، لەئەنجامدا هەر ئەم کارە ئاسانکاری بۆ داگیرکەرەکانی دواتر کرد. مێژووزان (چیستەر ئیستار) دڵڕەقی ئاشورییەکان باسدەکات:

**حەکایەتەکە ئەوەیە کە بۆ شکست و جڵەوکردن (هێزو توانای مرۆیی و نەتەوەیی) ڕۆژهەڵاتی نزیك ئەم توندوتیژی و بێ ڕەحمییە پێویست بوو. لەڕاستیدا قۆناغی ئاشورییەکان یەکێك بوو لە گەورەترین خاڵەکانی گەڕانەوە بۆ مێژووی شارستانیەتی ئەم ناوچەیە. ئیمپراتۆریەتی گەورەی دواتر (هەخامنشی) سوودی لەوە وەرگرت و توانی دەسەڵاتی خۆی بەشێوازێکی نەرمتر بەکاربهێنێت[5].**

بەڵام ئەو شێوازە توندو بێ ڕەحمانەی ئاشورییەکان بەناچاری بەرەو نەمانی ئەوانە ڕووی هێنا. سەربازەکانی ئەوان سەرەڕای عادەت و خوویان یەك لەدوای یەك دەستیانکرد بە وەحشیگەرایی و پاشاکانیشیان بە لە خۆبایبوونەوە شانازییان بەکارەکانیانەوە دەکرد. پاشایەکی ئاشوری لە سەدەی نۆیەمی پێش زاییندا لە پەڕاوی ڕووداوەکانی خۆیدا ئەمەی نووسیووە:

---

[5] . Cheste G. Starr, Early Man: Prehistory and the Civilizations of the Ancient Near Eest. New York: ox ford University press, 1973, p.152.

( زۆربەی –تێکشکاوەکان–م بەزیندووی بەدیل گرت. دەست و پەنجەکانی هەندێك لەوانەم لێکردەوە، لووت، گوێچکەو پەنجەی هەندێك لەوانەم بڕی، چاوی زۆربەی ئەوانەم دەرهێنا. ستوونێکم لە لەشی ئەوانە بنیاتناو لە سەرەکانیان ستونێکی تر، بەچواردەوری شاردا سەری ئەوانەم بەتیرە بچووکەکانەوە هەڵواسی. پیاوە گەنج و کچەلاوەکانم لەئاگردا سووتاند، شارەکەم وێران و نابوود کرد، ئەوەم بەرەو ئاگر ڕاکێشاو سووتاندم6 . )

سەیرنییە کە ئەم جۆرە کارە ئازاردەرانە هەموو جارێك دوژمنەکانی سەرسەختترو بەدڕەوشت تر دەکرد. لەئەنجامدا بەهێزترینی ئەم دوژمنانە لەدەوری یەکتر کۆدەبوونەوە تاوەکو پانتایی دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە شەڕی ئەوەی کە هەمووان ئەوەیان بە موسیبەتێکی زۆر ترسناك و مەرگهێنەر دەزانی ڕزگار بکەن، وە ڕێك بەهەمان شێوەی کە ئاشور زۆربەی دراوسێکانی نابوودو ڕیشەکێش کردبوو، خودی ئەو نەتەوەیەش لەئەنجامدا بەتەواوی لە پانتایی دەشتەکانی باکوری دوو ڕووباردا ڕیشەکێش کرا.



پارچەیەك لە وێنەیەکی بەناوبانگی دیواری ئاشوری کە ئەو سەربازانە پیشان دەدات کە سەری دوژمنە بە دیلگیراوەکان تەسلیم بەو نووسەرانە دەکەن کە وێنەی ئەم نیشانە ترسناکانەی سەرکەوتن و زانیاریەکانی تر لە بارەی شەڕی کۆتاییەوە پێشکەش بە پاشا دەکرێت.

6 . Annals of Assurnasirpal, quoted in Daniel D. lucken bill, ed, Ancient Records of Assyria and Babylonia. 2 vols. Chicago: University of Chicago press, 1926. reprint: New York: Green wood press, 1968, vol. 1, p147.

له دوورنمای حه‌ماسیدا ده‌رکه‌وتن و له‌ناوچوونی میلله‌ته گه‌وره‌کان له‌م ده‌شتانه‌دا، به‌رزبوونه‌وه‌و دامرکانه‌وه‌ی ئاشورییه‌کان جێگایه‌کی دیاریان هه‌یه. به‌سه‌رهاتی ئه‌وانه وه‌ك تێکه‌ڵاوییه‌کی بێ وێنه له‌کۆتایی دلێری و ترس دروستکردندا له‌وانه‌یه نموونه‌یه‌کی کلاسیکی مێژووی نه‌ته‌وه‌یی بێت که له‌گه‌ڵ شمشێردا ژیان و سه‌رئه‌نجام مردن. خوای عیبرییه‌کان به (حزقیال نه‌بی) وت:" ئاشور له‌وێدایه (له قووڵایی دۆزه‌خ) دا، هه‌موو هاوڕێکانی... هه‌موو ئه‌وانه‌ی کوژران، به شمشێر له‌قاچ که‌وتن... (هه‌رئه‌وانه) له ناوچه‌ی ژیانی ترسناکدا بلاۆبوونه‌وه."[7] لایارد گاڵته‌ئامێزی تراژیدیای له‌ناوچوونی ئاشوری له لووتکه‌ی ده‌سه‌ڵاتی ئیمپراتۆریه‌تدا به‌رێگایه‌کی تر له پۆلای تاریکی و ونبوونی ناویدا نووسیوه. ئه‌و بۆ ئه‌و په‌یکه‌ره به‌ردینه گه‌ورانه‌ی شێره باڵداره‌کان که له ده‌روازه‌کانه‌وه کۆشکه‌کانی نه‌مرودیان ده‌پاراست چاولێك ده‌نێت و به ئاوازێکی ئارام و حه‌سره‌تاوی ده‌ڵێت:

" ئه‌مانه بیست و پێنج سه‌ده له چاوی مرۆڤه‌وه به‌شاراوه‌یی مابوونه‌وه، ئێستا جارێکی تر به گه‌وره‌ی کۆنی خۆیان سه‌ریان ده‌رهێناوه، به‌ڵام پانتایی ده‌سه‌ڵاتی ده‌وروبه‌ریان ئه‌وه‌نده گۆڕاوه!شکۆو شارستانیه‌تی نه‌ته‌وه‌یه‌کی به‌هێز جێگای خۆی به‌وێرانه‌و ته‌پۆڵکه خاك و خۆڵه نائه‌ندازه‌ییه‌کیان سپاردووه. له‌سه‌ر به‌رزایی ته‌لارێکی گه‌وره که ئه‌وانه له‌وێدا ده‌وه‌ستان، له‌جێی گاسنی ڕابردوو و ئێستا دانه‌وێڵه ڕوواوه[8].

[7] . Ezekiel, in Bible, 32: 22-23.
[8] . Quoted in Ceram, Gods, Graves, and Scholars, pp. 291 – 92.

# بەشی یەکەم

## لەنێوان دوو ڕووباری گەورەدا

## یەکەمین نیشتەجێبووانی نێوان دوو ڕووبار

ڕۆژهەڵاتی نزیك کە یەکێکە لە ناوەندە گەورەکانی جیهانی کۆن و دەشتە پان و بەرینەکان کەوتۆتە ناوەڕاستی دوو ڕووبارەوە. بەدرێژایی زیاتر لە چوار هەزار ساڵ شایەتی دەرکەوتن و لەناوچوونی هەمیشەیی دەوڵەت — شارەکان و پاشایەتییەکان و ئیمپراتۆریەتە گەورەکان بوو. لەناو ئەم ئیمپراتۆریەتانەدا ئاشور یەکێك بوو لە گەورەترین و چەسپاوترین و بەهێزترین و بەهەمان شێوە ترسناکترینی ئەوانە. هەمە چەشنەی فراوانی زەوی و ئاووهەوای ناوچەکە کە لە باشورەوە بە بیابانی عەرەبستان و کەنداوی عەرەب، لە ڕۆژئاواوە بە فەلەستین و سوریا لە کەنارە بەپیتەکانی دەریای ناوەڕاست، لە باکورەوە بە دەریای ڕەش، بەرزاییەکانی ئەرمەنستان و دەریای خەزەرو لە ڕۆژهەڵاتەوە بە بەرزاییە بەردەڵانییەکانی شاخەکانی زاگرۆس و بیابانی ئێران دەورە دەدرێت، لە سەرکەوتنی ئاشورو زۆربەی پاشایەتییەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نزیکدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە. ناوچە دەورەدراوەکان بەم ڕێگرە سروشتییانە دەبووە هۆی ئەوەی کە زۆربەی ناوچەکانی ناوخۆ بۆ نیشتەجێبوون و گەشە کۆمەڵایەتییە ناوخۆییە فراوانەکان یارمەتیدەر بێت. بە وتەی (ئەی. لیئۆ ئۆپنهایم) ئاشورناسی ناودار:

**(بەدرێژایی ڕووبارەکان، پارچە زەوییە بەپیتەکانی وەك ئاوەدانی، وەك ئەوەی کە لێرەو لەوێ لە کەنار ڕووباری دیجلەو لقەکانی ئەوو بەتایبەت لە کەنار ڕووباری فوڕات دەبینرێت، تێدەگەین کە لەوێدا**

کشتوکاڵکردن لەڕێگەی ئاودێرییەوە ئاسانە. زەوییە پان و بەرینەکان و دۆڵە باریکەکانی نێوان زنجیرەی تەپۆڵکە هاوسەنگەکان، کە لە دەشتەکانی قەدپاڵی شاخەکانی کەنار دیجلە تا قولە بەرزەکانی شاخاکانی زاگرۆس وردەوردە دامێنی بەرزتر دەدۆزنەوە، لە بارانی تەواو بۆ بەرهەمهێنانی بەروبوومی ساڵانەی دانەوێڵەو درەختی میوە سوودمەند دەبوون. لە دەشتی نێوان دوو ڕووباری گەورەو بەرزتر لەوە ناوچەی زۆر بەربلاوتر هەیە کە لەوێدا پێگەی ناوچەکەو سروشتی خاك ڕێگە بە مرۆڤ دەدا بە پەروەردەکردنی دانەوێڵەوە خەریك بن، ئەگەرچی هاوسەنگی و چۆنێتی بەروبووم تاڕادەیەکی زۆر بەستراوە بەڕادەی باران و چاودێری کشتوکاڵەکانەوە. وەردە پان و بەرینەکانی زەوی لەنێوان کێڵگە کشتوکاڵییەکان و بیابانی وشکدا لەوەڕگای گونجاوی بۆ ڕانەمەڕەکان و بزن، تەنانەت بۆ گایەڵەکانی مانگاکان گرێدراو بە وەرزو ناوچەکەوە دابین دەکرد[9].

لەم پانتاییە زۆر هەمەچەشن و ڕاکێشەرو بەپیتەدا — پێکهاتوو لە دەشتەکانی نێوان دوو ڕووبارو ناوچە بەرزەکانی دەوروبەری ئەوانەدا - بوو کە یەکەمین شارە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ دەرکەوت.

## یەکەمین ئاوەدانییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا

سروشتییە کە گوندەکان و ئاوەدانییە بچووکترەکانی تربۆ ماوەیەکی دووردرێژ لە پێش دەرکەوتنی ئەم شارانەدا هەبوون. توێژەرانی مێژوو گومانیان هەبوو لەوەی کە یەکەمین و بچووکترین و سادەترین ئاوەدانییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە دەشتە شۆڕاوەکانی ڕووبارە گەورەکانەوە دەرکەوتوون، بەڵام ئێستا ئاشکرایە کە ئەم گومانە ناڕاست بووەو یەکەمین ناوچەی نیشتەجێبوون وەردە پان و بەرینەکانی قەدپاڵی شاخەکانی دەوروبەری دەشتەکانی نێوان دوو ڕووبار بووە، ئەم وەردە بەشێوەی کەوان لە فەلەستینەوە بەرەو باکورو لەڕێگای

9 . A. leo Oppenheim, letters from Mesopotamia: official, Business, and private letters on clay Tablets from two Millennia Chicago: Universsity of chicogo press, 1967, pp. 2-3.

سوریاو ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات (یان ئاسیای بچووك، تورکیای ئەمڕۆ)و لەلای ڕۆژهەڵاتەوە بە پانتایی باکوری عێراقدا بۆ ناو بیابانی ئێران درێژبۆتەوە. بەڕووکەش گەشەی ئەم ئاوەدانییانە لەوانەیە نزیکەی نۆ یان دە هەزار ساڵ لەپێش زایینەوە لەگەڵ فراوانبوونی پیشەی جوتیاریدا هاوکات بووبێت, (یان لە ئەنجامی ئەوەدا ئاسان بوو)ە. (دانیل سنێل) توێژەری زانکۆی (ئۆکلاهما) لەو باوەڕەدایە کە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە:

**لەدوای چەندان ساڵ فێری ئەوە بوون کە بەچاندن و هەڵگرتنی دانەوێڵەوە خەریکبن، بڕی ئەوە زیاد دەکات. ئاژەڵەکانیش کاتێك کەماڵی بوون هەندێك لە تایبەتمەندییەکانیان گۆڕی. گیانەوەرەکان و ڕووەکەکان بەبەراورد لەگەڵ پێش ئەوەی کە خەڵکی بە پەروەردەو چاندنی ئەوانەوە خەریك بێت، بەکەڵکتر و پاڵپشتتربوون بۆ مرۆڤ[10].**

بە دەربڕینێکی سادە کشتوکاڵکردن و داونانەوە مایەی بەدەستهێنانی خۆراکی زیاتربوو کە بە نۆبەی خۆی بووەهۆی گەشەی کۆمەڵ و زیادبوونی بەربڵاوی و ئاڵۆزبوونی ئاوەدانییەکانی مرۆڤ.

تاوەکو هەزارەی هەشتەمی پێش زایین هەندێك لەم ئاوەدانییانە بە بەرزکردنەوەی دیواری پارێزەری خشت و بەرد بەرگرییان لە خۆیان کردبوو. ناسراوترین نموونەی یەکەمینی ئەوە شاری (ئەریحایە) لە دۆڵی ئەردەن لە فەلەستین کە لە زەوییەکی دەوردراو بە فراوانی نزیکەی پێنج کیلۆمەتر چوارگۆشە بە دیواری بەردین دەورە درابوو. ئاوەدانییەکی بەهێزی فراوانتر کە نزیکەی (130) کیلۆمەتر چوارگۆشەی دادەپۆشی بە دیوارێك دەوردرابوو، لە هەزارەکانی حەوتەم و شەشەمی پێش زاییندا لە (چاتال هویوك) لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ بە لوتکەی شکۆمەندی خۆی گەیشت. شوێنەوارناسی بەناوبانگ دکتۆر (تریڤۆر واتکینز) دەنووسێت:

---

10 . Daniel C. snell, life in the Ancient near East, 3100 – 332 b.c. new haven, CT: yale university press. 1997, p.12.

(خانووه چوارگۆشەکان سەقفی ڕێکیان هەبوو، وەك دەستەیەك لە پارچەکانی بینسازی منالآن لەپاڵ یەکتردا دانرابوون. بۆچوونە ناوەوەی هەموو خانوویەك لە ڕێگای دەرگایەکەوە دەبوو کە دەکەوتە ڕووی پشتەوەی سەربان، کە لەوەوە پەیژەیەکی لێژ بۆ شوێنی ژیانیان دوایی دەهات. پیاسە لەناو ئاوەدانیدا لەڕووی پشتەوەی سەربانە ڕێکەکان دەکرا. قەراخی ئاوەدانی بە دیواری ساف و بەهێز دروست کرابوو تا وەك سەدێك ڕێبگرێت لەهەر زیادەڕۆیی و هێرشێك. کاتێك پەیژەکان هەڵدەگیرا ئاوەدانی بە داگیرنەکراوی دەمایەوە[11].)

ڕێگرەکانی چاتال هویوك لەوانەیە بۆ ڕێگرتن لەهاتنە ناوەوەی گروپە تالآنکەرەکانی ناوچەکە نەخشەی بۆ کێشرابووبێت، بەلآم لە گێروگرفتە زۆرەکانی نێونەتەوەیش هۆشدارییان دەدا کە لەدواییدا بەتایبەت لە هەزارەی دووەمی پێش زایینیدا ناوچەکەی گرتەوە، ئەوکاتەبوو کە ئەم ناوچەیە بووبە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی (هیتی) لەگەڵ ئاشوردا بەسەرکەوتووی چاودێری دەکرد.

## دەوڵەت- شارەکانی سۆمەری

لەئەنجامدا لەوانەیە تا دەوروبەری (5500 پ. ز) ئەو کۆمەڵە خەڵکەی ناوچە بەرزەکان ئەوەندە زۆر بووبێتن کە جموجۆڵێك بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك بۆ دەشتەکانی دیجلەو فورات دروست بوو. بەڕای (سنێل) لەوانەیە خەڵکەکە هەستیان کردبێت کە ئاوەدانییەکانی ئەوان خەریکە لەڕادەبەدەر قەرەباڵغ دەبێت، ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ پێوەرەکانی دواتردا ئەم ئاوەدانییانە بەهیچ شێوەیەك قەرەباڵغ نەبوون. لەئەنجامدا ئەوانە ڕوویان لە ناوچەیەکی سنوری نەناسراو کرد کە ئاشکرابوو بۆ کشتوکاڵکردن زۆر یارمەتیدەرە.[12]، بەلآم

[11] . Trevor Watkins, "The Beginning of Warfare" in Sir john Hackett, ed, Warfare in the Ancient World. New York: Facts on File, 1989, p. 16.
[12] . Snell, life in the Ancient Near East, p. 14.

کشتوکاڵی بەرهەمبەخش لە دەشتەکاندا بە بەراورد لەگەڵ تەپۆڵکەکاندا کە لەوێدا باران بارین بۆ ئاودێری کشتوکاڵەکان بەس بوو، پێویستی بەکار بۆ قۆناغی زیاتر بوو. دەشتەکان کەم باران تر بوون، دەبووایە خەڵکەکەی هونەرێکیان بۆ ئـاودێری فـراوان دابهێنایـە. خۆشبەختانە فوڕات ڕووبارێکی ئارام و کەم وروژمە کە تاڕادەیـەك بەئاسـانی دەکـرا ڕێڕەوەکانی بگۆڕێت بەناو جۆگەی بچووکتردا، ئەوە بـوو کـە شـەبەکەیەك لـە کێڵگـە کشتوکاڵییە بەپیتەکان و ئاوەدانییە گەشاوەکان بەدرێژایی کەنارەکانی ڕووبار بەخێرایی دەرکەوت.[13]

ناسنامەی ئەم یەکەمین دانیشتوانانەی قەراخ ڕووبار بـەنادیاری مـاوەتـەوە، هـۆی سەرەکیش ئەوەیە کە ئەوانە ئەوەندە شتی دەستکردو تەنانەت هیچ بەڵگەیەکی نووسراویان لەدوای خۆیان بەجێ نەهێشتووە.

## دوو ڕووباری گەورەی بين النهرين

**(ئەی. لیئو ئۆپنهایم) ئەم هەڵبژاردەیە لە کتێبەکەی بەناوی نێوان دوو ڕووباری کۆن: سیمای شارستانیەتێکی لەناوچووە، باسی دەکات کە چۆن وروژم وهەڵچوون وداچوونەکانی ساڵانەی ڕووبارەکانی دیجلەو فوڕات کەتەلۆکەکانی نیشتەجێبوون و کشتوکاڵکردنی ئەم ناوچەیەدا خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە.**

---

[13] - دەرکەوت کـە کـۆنترۆڵکردنی ڕووبـاری دیجلـە بەبـەراورد بـە فـوڕات دژوارتـرە، چـونکە وروژمـی خێراتـرو قـەبارەی ئاوەکـەی زیـاترەو لەلایـەنی لافـاوە زیـاتر پێـشبینی ناکرێـت و وێرانکـەرە، ئـەم هۆکارانە کەشتییەوانی لە دیجلەو گۆڕینی ڕێڕەوی ئـەو بـۆ ئـاودێری دژوارتـر دەکـات. بـۆ بـەراوردی دوورودرێژتری ئەم دوو ڕووبارە بڕوانە ئەمە:

A. leo Oppenheim, Ancient Mesopotamia: portrait of a dead Civilization. Chicago: university of Chicago press, 1977, pp. 40-42, and Jorgen laessoe, people of ancient Assyria: Their Inscriptions and correspondence. Translated by F. S. Leigh – Browne. London: RoutLedge and Kegan paul, 1963, pp 12 - 13


**دیجلەو فورات هەردووکیان لە شاخەکانی ئەنادۆڵەوە هەڵدەقوڵێن و ژمارەیەکی زۆر لە جۆگە شاخاوییەکان تێردەکەن. ڕێڕەوەکانی هەندێك لەم ڕووبارە لاوەکیانە لەو جێگایانەی کە تەنیا (24) کیلۆمەتر لەیەکەوە دوورن و لەم ڕووەوە گەیشتن بەنێوان دوو ڕووبار بەبێ تێپەڕین بە دیجلە یان فوراتدا بە پراکتیکی ئاسان نییە. لەدوای تێپەڕین بە دوایەمین تەپۆڵکەکان، ڕێڕەوەکان لە لایەنی ئاراستەو تایبەتمەندییەوە بەفراوانی لەیەکتر دووردەکەونەوە. دیجلە بەتیژی بەرەو ڕۆژهەلآت و پاشان باشوری ڕۆژهەلآت بەهاوسەنگی بە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسدا دەڕوات و بەنزیك نەینەوا نەمرودو ئاشوردا تێدەپەڕێت- کە هەرسێکیان یەك لەدوای یەك پایتەختی ئیمپراتۆریەتەکانی ئاشور بوون... ڕێڕەوی ئەو لە خوارەوەی ڕووبار لەم سەردەمانەدا گۆڕانکاری زۆری دروست کرد، کە ڕێگربوو لە گەشەی ئاوەدانییە چەسپاوەکان لە کەنارەکانیدا... ڕێڕەوی فورات بەتەواوی جیاوازە, چیاکان بەجێدەهێڵێت، بەرەو باشوری ڕۆژهەلآت دەڕوات و بە خاڵێك دەگات کە تەنیا (145) کیلۆمەتر لە دەریای ناوەڕاستەوە دوورە. پاشان بە چەماوەیەکی کراوە بەرەو باشورو... سەرئەنجام ڕوودەکاتە باشوری ڕۆژهەلآت... دەگات بە دەشتی شۆراوەی (هیت) لە نزیك دیجلە... بەرزبوونەوەی سالآنە تایبەتمەندی هەردوو ڕووبارەکەیەو کاریگەریەکی قوڵی لەسەر تەواوی ژیان (لەم ناوچەیەدا) بەجێهێشتووە... هەردوو ڕووبارەکە کەتەلۆکێکی وەك یەك پەیڕەو دەکەن. بارانەکانی پایز لەبەرزاییەکاندا دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاو بەدرێژایی زستان و بەهار تا ئەو کاتەی کە بەفری شاخەکانی ئەنادۆڵ دەتوێتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووی لافاوەکان بەدەشتەکان بگات لە مانگەکانی نیسان و ئایاردا... وە لەو شوێنەی کە لافاوەکان زۆر درەنگ بەنێوان دوو ڕووبار دەگات لە وەرزی بەهاردا, پێویستبوو ڕێگرەکان و سەدەکان بۆ ڕێگرتن لە کاریگەری ئاو بۆ سەر کشتوکاڵە سەوزەکان دروست بکرێت.**

**بابەتێکی تر کە بەهەمان شێوە بایەخی هەبوو ئەوەیە کە ئەم بەرزبوونەوەی ئاوە لەکاتێکی درەنگدا دەبووە هۆی وردەوردە خوێیاوی بوونی خاك, ئەم خوێیاوی بوونە**

**لەسەرخۆیە دەبووە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەمی خاکی بەراو کە جێگۆرکێی ناوچە کشتوکاڵییەکانی بەدواوە بوو.**

یەکەمین نەتەوەی گرنگ کە شایەنی ناساندنن لە ناوچەکەدا سۆمەرییەکان بوون کە بەلایەنی کەمەوە تاوەکو کۆتاییەکانی هەزارەی چوارەمی پێش زایین لە زەوییە پان و بەرینەکانی نێوان دوو رووبار رێك لە باکوری رۆژئاوای کەنداوی عەرەب نیشتەجێ بوون[14].

لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی ئەصڵی ئەو شتەیە کە توێژەرانی مێژوو ئەوە وەك (مەسەلەی سۆمەرییەکان) باس دەکەن. هەندێك لە زاناکان گومانی ئەوەیان هەیە کە ئەوانە نەوەی نەتەوە ئەصڵەکانی تەپۆڵکەنشین بوون کە لە سەرەتای هەزارەی شەشەمی پێش زایینەوە کۆچیان کردووە بۆ دەشتەکان، ئەوانی تر لەو باوەڕەدان کە سۆمەرییەکان لە هەزارەی چوارەمدا لە رۆژهەڵاتەوە، لەوانەیە لە هندستانەوە کۆچیان کردبێت بۆ رۆژهەڵاتی نزیك. وەك دەبینرێت کە بۆچوونی دووەم خاوەنی بەڵگەیەکی بەهێزترە، چونکە زمانی سۆمەری لەگەڵ ئەو زمانەی کە لە سەرەتادا لەنێوان دوو رووباردا قسەی پێدەکرا جیاوازی هەبوو، ئەمە لەوێدا ئاشکرا دەبێت کە ناوی شوێنە گرنگەکان لە ناوچەکەدا وەك (ئور، ئوریدۆ ئوروك) سۆمەری نین. لەراستیدا



**پەیکەرێکی نێوان دوو رووباری کۆن، دروستکراو لە قوڕوبە مێژوو کۆتایی هەزارەی سێیەم یان سەرەتایی هەزارەی دووەمی پێش زایینە. پیشاندەری شوانێکە کە چرایەکی بەدەستەوەیە.**

---

[14]ـ ناوی سۆمەر لەدوای ناوی بابلی بۆ باشوری وڵاتی بابل، ناوەندی کۆنی سۆمەر دێت. خودی سۆمەرییەکان ئەم ناوچە ناودەنێن کینگیر، بەواتای (ناوچەی شارستانیەت).

سۆمەری لە هیچ لەو زمانە ناسراوە زیندوو یان مردووانەی تر ناچێت.

سەرچاوەی سۆمەرییەکان هەرچییەك بێت ئەوان و میسرییە کۆنەکانیش لە دۆڵی ڕووباری نیلدا بەهۆی دوو خاڵی عەتفی گرنگ لە گەشەو فراوانبوونی شارستانیەتدا خاوەنی پێگەن. یەکەمین شتی ئەوانە دروستکردنی شارەکان و دەوڵەت—شارەکان بوو. یەکەمین شارەکان لە سۆمەردا کەمێك لەپێش (3000) ساڵ پێش زاییندا دروستبوو. لەوانەیە یەکەمین شار بەتەواوی مانا ئیریدۆ بوو بێت کە لەو سەردەمەدا کەوتبووە نزیك کەنارەکانی کەنداوی عەرەب (کە لەو سەردەمەدا نزیکەی (200) کیلۆمەتر بەلای باشووری ڕۆژهەڵاتدا هاتۆتە دواوە). سۆمەرییەکان لەو باوەڕەدابوون کە ئەم شارە جێگای دەرکەوتنی یەکەمین دروستکراوو یەکەمین زەوییە کە لە سەرەتای زەمانەوە لەدڵی دەریادا سەری دەرهێناوە. بەپێی بڕیارێکی ئاشکرا ئیریدۆ شوێنی ژیانی یەکەمین پاشاو یەکەمین شوێنەوارو هونەرەکانیش بووە کە لەناو ئەوانەدا (ئاپسو) کۆنترین زیارەتگایە لە سۆمەر. شوێنی ژیانی (ئینکی) خوای ئاوەکانی کۆن و ئەقڵ بوو. شارە گرنگەکانی تر سەرەتا بریتیبوو لە (ئور) چەند کیلۆمەترێك لە باکوری (ئیریدۆ، لاگاش) نزیکەی (80) کیلۆمەتر بەلای باکوری ڕۆژئاوادا. لە ڕیزێکدا بەلای باکوری ڕۆژئاوادا (لارسا، ئوروك و نیپور) هەبوون. ئەمانە لەوانەیە لە سەرەتادا ئاوەدانی بچووکی وەك (ئەریحاو چاتال هویوك) بوویێتن کە ئەوپەڕی چەند (دە کیلۆمەترێك) فراوان بوون, بەڵام لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا ڕووبەریان زیادیکردو بووە چەند بەرامبەر. بۆ نموونە ئوروك لەنێوان (3000 تا 2700)ی پێش زاییندا گۆڕا بۆ شارێکی دەیان هەزارکەسی کە دیوارێکی بازنەیی بەدرێژایی نزیکەی دە کیلۆمەتر دەوری دابوو.

ئەم شارانە سەرەتا وەك هەموو شارەکانی نێوان دوو ڕووبار بەدرێژایی سەدان ساڵی داهاتوو، نۆ یەکەی داخراو لەناو وڵاتێکی گەورەتری سۆمەریدا بێگومان دەوڵەت — شارەکان تاڕادەیەك سەربەخۆبوون کە هەریەکێکیان بەواتای یەکەیەکی میللی بچووك مافی ئۆتۆنۆمییان هەبوو.



**ئەم تابلۆ بەناوبانگە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری (2600 پێش زایین ) کە لە گۆڕێکدا دۆزراوەتەوە خەڵکی ئور لەکاتی هێنانی باج بۆ پاشاکانیان پیشان دەدات. موزاییکەکان لە سەدەف و بەردی ئاهەکی سورن کە لەسەر بەردی لاجورد جێگیرکراون.**

لە هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا دەوڵەت— شارێکی نموونەیی نێوان دوو ڕووبار کە شارێکی ناوەندی چڕی لەخۆ دەگرت کە گوندە پێکەوە لکاوەکان و کێڵگە کشتوکاڵییەکان چواردەوریان دابوو. مێژوونووس (میشل ورد) لەبارەی فراوانی و دورستبوونی ئەم دەوڵەت و شارانەوە دەنووسێت:

**(دەوڵەت –شارێکی گەورەی وەك لاگاش (36000) پیاوی پێگەیشتووی هەبوو, ئوروکیش لەوانە بەهەمان شێوە بووبێت. ئەوانە بەوردی ڕێکدەخران و کۆنترۆڵ دەکران. لە قۆناغی دواتردا (200) گوند سەر بە پانتایی دەسەڵاتی (نیپور) هەبوو کە لە دەوری پێنج ڕێگای ئاوی سەرەکی و شەست ڕێگای ئاوی بچووکتر کە بەشی یەکجار زۆر لە جۆگە بچووکەکان بە ئەوانەوە لکابوون، کۆبووبوونەوە هەموو ئەوانە پەیڕەوکاری یاسا، ئەرکەکان و چاودێری بوون... لەبارەی دروستکردنی فیزیاوی خودی شارەکەوە دەبێت بووترێت سێ یەکی ئوروك پێکهاتبوو لە خانووەکان و دووکانەکان، سێ یەکی باخەکان و سێ یەکی تریش**

مولکەکانی پەرستگا بوو. نەخشەی خانووەکان هەر ئەوانەبوو کە تا دۆزینەوەی کەرەستەکانی فێنك کردنەوەی سروشت لەو ناوچەیەدا بەکاردەهاتن و هەموو حەوشەی ناوەڕاست و هەواییەکان و ژێرزەمینەکان بەمەبەستی ڕێگرتن بوو لە گەرمای بێ ئامانی هاوین[15].)

## داهێنان و دەرکەوتنی نووسین

پێشکەوتنێکی گەورەی تری سۆمەرییەکان لە مێژووی شارستانیەتدا ئیعتیبارپێدانی دۆزینەوەی نووسین بوو. داهێنانێك کە بەخێرایی بە بەشەکانی تری ڕۆژهەلاتی نزیکدا بلاوبۆوە. قۆناغێك لەنێوان (3300 تا 3000 پێش زایین)دا سیستەمێکی نووسینی ئالۆز دەرکەوت کە سەرەتای نموونەکانی ئەوە لە شوێنە وێرانەکانی ئوروکدا دۆزراونەتەوە. نووسەرەکان بە پارچە دارە نووکتیژەکان و قەلەمەکان یان شتەکانی تر لەسەر لەوحە گڵینە شێدارەکان دەیان نووسی، کاتێك لەوحەکان وشك و ڕەق دەبوون بەشێوەی نووسراوە پتەوەکان، بەلام هەمیشەیی، یەکەمین



پیتەکانی سۆمەری لەسەر لەوحێکی خشتی کە دەگەڕێتەوە بۆ (2500) سال پێش زایین، باس لە دروستکردنی پەرستگایەکی پیرۆز دەکات لەلایەن یەکێك لە پاشاکانی شاری بە ئاواتگەیشتووی

15 . Michael Wood, Legacy: The search for Ancient Cultures. New York: Sterling publishing, 1992, p.27.

کۆپی نامەکان و شێوەی حسابەکان و کتێبەکان دەرکەوتن. ئەم سیستەمی نووسینە لەبەجێماوترین شێوەشیدا بەگشتی بریتیبوون لە هێمای شێوە بزماری کە بەرێکخستنی جۆراوجۆر لێکدەدرا.



ئەم وێنەیە پەیکەرێکی مەرمەرە کە قارەمانی نێوان دوو ڕووبار گەلگامێش پیشان دەدات کە دەوترێت لە تۆفانێکی گەورەدا گیانی سپاردووە.

زانایانی مۆدێرن ناوی (کونیفۆرم)* یان لەوە ناوە، کە لە وشەی لاتینی (کونوس)** بەواتای شێوە بزماری وەرگیراوە. بەگشتی پێنج سەد یان شەش سەد هێمای جیاواز بۆ خەتی بزماری هەبوو کە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەوەدا پێویستی بە بەکارهێنانی کات و هەوڵێکی زۆر بوو، لەم ڕووەوە لەوانەیە تەنیا ژمارەیەك لە نووسەرەکان و تاکەکانی تری خاوەن خوێندنی بەرز توانیبێتیان بخوێنن و بنووسن.

لە هەزاران لەوحی خەتی بزماری کە لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەم و ساڵەکانی دواتردا کەشف کراوە زۆربەی نووسراوە سەرەکییەکان سەنەدی باج و خەرجکردنی پارەن، لەوانە شێوەی حسابەکان و ڕاپۆرتی داهات و شێوەی مادەکان و ئەندازەی جۆو مادەکانی تری خۆراك و فراوانی پارچە زەوییەکانن. ئەگەرچی ئەمانە یەك لایەنەو بێزارکەرن، بەڵام زانیاری زۆر

* cunei form

** cunus

دەدەن بەدەستەوە لەبارەی ڕێوڕەسمی کۆمەڵایەتی و شێوازەکانی ئابوری، بەتایبەت لەناو ئەندامەکانی چینە باڵادەستەکان کە خاوەنی زەوی و خاوەنی ئیختیاری بازرگانی بوون.

لەلایەکی ترەوە هەندێك لەم لەوحانە پارێزەری ئەدەمیاتی ڕاستەقینەن کە گرنگترین نموونەکانی ئەوە دروستکردنی ئەفسانەکانە کە میراتی هاوبەشی هەموو نەتەوەکانی نێوان دوو ڕووبار لەوانە ئاشورییەکان بوو.

لەناو بەناوبانگترین و کاریگەرترین ئەم ئەفسانانەدا حەماسەی گەلگامیش بەرچاو دەکەوێت. ئەم کۆمەڵە گەورەیە یەکەمین چیرۆکی حەماسی و کلتوری گشتییە کە یەکەمجار نووسەرێکی بابلی نەناسراو لە دەوروبەری (2000)ی پێش زاییندا بەشێوەی کۆمەڵێکی یەك پارچە کۆی کردۆتەوە. چوارچێوەی ئەم کۆمەڵەیە دلێرییەکانی کەسێتییەکی سەرەکییە کە لەوانەیە لەبنەڕەتدا فەرمانڕەوایەکی ڕاستەقینەی سۆمەری بووبێت[16]. گلگامش ماوەیەکی زۆر بەبێ وچان و بەناڕەحەتی بەدوای ڕازی ژیانی هەتاهەتاییدا دەگەڕێت و لەئەنجامدا تێدەگات کە هیچ مرۆڤێك ناتوانێت هەڵبێت لە پیری و مردن. ئەو بەدرێژایی ئەو ڕێبازە ڕووبەڕووی زۆر ڕووداو دەبێتەوە، لەوانە چاوکەوتن بە (ئوت نپیشتیم) کە سۆمەرییەکان بە ئەو دەڵێن (زیوسودرا)، کە داستانی گەورە بۆ ئەو باس دەکات. کە هەوڵێك لەلایەن خواکانەوە بۆ (لەناوبردنی نەوەی مرۆڤ) بوو. ئوت نپیشتیم کە لە تۆفانی چاوەڕوانکراو لەلایەن (ئا)* یان (ئینکی- خوای سۆمەری) ئاگادارکرابوو کەشتییەکی

---

16. لە ئەفسانەدا گەلگامیش پاشای ئوروك بوو. هیچ بەڵگەیەکی تایبەت لە بارەی حکومەتی ئەوەوە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام بە هەمان شێوەی کە دانیل سنێل پیشانی دەدات، (مێژوو لەلایەنی کێشەی دۆزینەوەی گەلگامێشەوە ئالۆزە کە ناوی گەلگامێش تاڕادەیەك بە دڵنیاییەوە وەك نازناوێك بۆ ئەم قارەمانە بەکاردەهات، نە ئەو ناوەی کە ئەو لە ژیانی خۆیدا هەیبوو، لەوانەیە واتای ئەوە (باپیری قارەمان بێت) (Snell, life in the Ancient Near East, p.18)

* Ea

گەورەی دروست کرد. ئەو بیری دەهێنێتەوە کە: (هەرچییەکم هەبوو کردمە کەشتییەوە، هەرچییەکم لە بوونەوەرە زیندووەکان هەبوو کردمە کەشتییەوە، هەموو خێزان و خزمەکانم برد بۆ کەشتی، مانگاو مەڕ...و گیانەوەرەکانی کێڵگەو پیشەوەرەکان لە هەموو پیشەیەك بۆ ناو کەشتییەکەم برد. پاشان تۆفان هەستا، ئاو هەموو شوێنێکی گرتەوەو مرۆڤەکانی لەناوبرد. لەئەنجامدا کەشتییەکە بە قولەی شاخێك گەیشت کە لەلافاوەکە هاتبووە دەرەوەو لەوێدا ئارامی گرت.

ڕۆژی حەوتەم کە هات کۆترێکم ئازاد کردو ناردم بۆ دەرەوە... ئەو گەڕایەوە بەبێ ئەوەی کە جێگایەکی ئاسایش بدۆزێتەوە. پەڕەسێلکەیەکم نارد... ئەویش بەبێ ئەوەی کە جێگایەکی ئاسایش بدۆزێتەوە گەڕایەوە. قەلەباچکەیەکم نارد... قەلەباچکە ڕۆیشت و خوارەوەی ڕۆیشتنی ئاوەکەی بینی خۆراکی خوارد، قیڕەقیڕی کرد، بەڵام نەگەڕایەوە. ئەو کاتە ڕێگەم بە هەمووواندا (ئەوانەی کە لەسەر کەشتییەکە بوون) بچنە دەرەوەو بەرەو هەرچوارلا (زەوی، واتە ڕۆژهەڵاتی نزیك، دنیای ناسراوی ئەو کاتە) بڕۆن و دیاری بهێنن و قوربانی بۆ خواکان بکەن.)[17]

بەهەمان شێوەی کە بەتەواوی ئاشکرایە لەدوای زیاتر لە هەزار ساڵ نووسەرە عیبرییەکان کە کتێبە پیرۆزەکانی چاخی دێرین (عتیق)یان کۆدەکردەوە. لەم داستانی تۆفانەدا بەسەرهاتی خۆیان خستۆتە ناوییەوە. لەکۆتاییدا ناوی دروستکەری کەشتییەکەیان گۆڕی بۆ نوح. ئیتر پێکهاتەکان و ناوەڕۆکەکانی داستانی گلگامش لەدوای لە سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك بەرزتربۆوەو لە حەماسە یۆنانییەکانی (ئیلیازەو ئۆدیسە)ی سرودی (هۆمیرۆس) بەرەنگ و بۆیەکی ئیسلامی لە هەزارو یەك شەودا جێگیر بووە.

[17] . . Epic of Gilgamesh, quoted in Morris jastrow, The Civilizations of Babylonia and Assyria. Philadelphia: J. B. Lippincott, 1915, pp. 448-50.

## مەزهەب و زمان

خواکـان و ڕێـوڕەسمی مەزهـەبی سـۆمەریش وەك خـەتی بزمـاری و ئەدەبیاتـە حەماسییەکەی لەسەرتاسەری نێوان دوو ڕووبارو خاڵەکانی تـری ڕۆژهـەڵاتی نزیکـدا بڵاوبۆوەو کەم و زۆر بووە هی هەمووان و تەنانەت هـەتاوەکو ماوەیـەکی زۆر لـەدوای لەناوچوونی سۆمەرییەکان مابۆوە. (جۆرج ڕۆکس) توێژەری بەناوبانگی فەرهەنگی نێوان دوو ڕووبار باسی دەکات:

**(زیاتر لە سێ هەزار ساڵ بیروباوەڕی مەزهەبی کە سۆمەرییەکان پەیڕەوکەری بوون ڕۆڵی ناوازەیان دەگێڕا لە ژیانی گشتی و تایبەتی دانیشتوانی نێوان دوو ڕووباردا. کەتەلۆکێك بۆ بنەماکانیشیان دانرا، بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانیان کەوتە ژێر کاریگەرەوە. بەسەر هەموو شێوەی چالاکییەکاندا لە بەرزترین کاروکردەوەی پاشاکان تاوەکو سەرگەرمییەکانی ڕۆژانەی پەیڕەوکەرەکانیان سێبەریان هەڵدا... ئەم ڕاستییە کە لە چواردەوری پەرستگای (تبلور) دۆزرایەوە کۆتایییەکی قوڵ و نەمری هەبوو، بۆ نموونە لە لایەنی تیۆرییەوە زەوی هەمیشە گرێدراوبوو بە خواکانەوە، پاشا بەهێزەکانی ئاشور کە فراوانی ئیمپراتۆریەتەکەیان لە نیلەوە تا دەریای خەزەر (لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زایینەدا) درێژبووبۆوە خزمەتگوزارە سادەکانی خواکانی ئاشور بوون، هەر بەو شێوەیەش فەرمانڕەواکانی لاگاش کە تەنیا بەسەر چەند کیلۆمەترێکی چوارگۆشەی سۆمەریدا فەرمانڕەواییان دەکردو خزمەتگوزارەکانی خوای خودی نینگەرسو بوون[18].**

خۆشەویستترین خوای سۆمەرییەکان (ئان) یان (ئانو) کە پەرستگا سەرەکییەکەی لە ئوروك بوو)، فەرمانڕەوای گەردوون ئینلیل (کە پەرستگاکەی کەوتبووە ناوەندی نیپورەوە)، دروستکەرو فەرمانڕەوای زەوی (ئینکی- خوای ئاوەکان, ئینزو، ئوتو و ئیناتو یان نینی)، بەرێز خواکانی مانگ، ڕۆژو ئەستێرەی ڤینۆس (زوهرە)بوون. بابلییەکان و ئاشورییەکان و

[18]Georges Roux, Ancient Iraq. New York: penguin, 1980, pp 90 – 91.
. Roux, Ancient Iraq, p. 92.

نەتەوەکانی تر کە جێنشینی سۆمەرییەکان بوون لـەم ناوچـەیەداو کلتـوری ئەوانـەیان پەسەندکردبوو ئەم خوایانەشیان پەسەند کرد، ئەگەرچی زۆرجار ناوی ئەوانەیان گۆڕیوە, وەك لە (جرگە خواکانی دواتری نێوان دوو ڕووبار، ئینکی بەئیئا، ئینزو بە سین، ئوتو بە شەمەش، و ئیناتو بە عەشتار) گۆڕا. لە هەمان کاتدا بابلییەکان خوای ئەصلی.

## دروستبوونی سزادەری گلگامش


**ئەم هەڵبژاردەیە لە حەماسەی گلگامش (بە گواستنەوەی لە جەیمزبی. پریچارد، دەقە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك پەیوەندی لەگەڵ چاخی دێرین (عتیق)دا، خواکان ئینکیدۆ، پیاوێکی بەهێزی کێوی دروست دەکەن، هەتاوەکو ڕێگرن لە گلگامش لـە حکومـەتی دیکتاتۆری بەسەر شاری سۆمەری ئوروکدا.**

**پیاوماقوڵەکانی ئوروك لە خەڵوەتی خۆیاندا خەمبارن:" گلگامش هیچ کوڕێك بۆ باوکی بەجێ ناهێڵێت، شەوو ڕۆژ بە لەخۆباییبوون و خۆپەرستییەوە پێشەوایەتی کردووە. ئەو دەبووایێ شوان و ڕێبەری ئێمە بووایە: بەهێزو شکۆمەندو هۆشمەندا!... خواکان گوێیان لە داواکانی ئەوان دەگرت.. ئەوان بە ئاروروی گەورە بانگیان دەکرد: (تۆ ئاروروو گلگامشت دروست کرد، ئێستا هاوتای ئەوە دروست بکە) بهێڵە دڵی تۆفانەکەی لە دەرگای پاڵەوانێتییەوە دەرکەوێت... ئارورو دەستەکانی شۆری، تۆپەڵێك قوڕی هەڵگرت و ئەوەی فڕێدایە دەشتەوە. ئەو ئینکیدۆی دلێری لە دەشتدا دروست کرد... ئەو هەموو لەشی تووکاوییەو قژی سەری وەك ژنانە... ئەو نە مرۆڤەکان دەناسێت و نە زەوی... لەگەڵ ئاسکەکاندا عەلەف دەخوات، خەریکی چاودێری دەبێت لەکاتی ڕۆیشتنی لەگەڵ گیانەوەرە کێوییەکان بۆ حەوزی ئاو، لە ئاودا لەگەڵ زۆربەی ئاژەڵەکاندا دڵخۆش دەبێت.**

خودی مەردوك و ئاشورییەکان خوای خودی ئاشوریان لەگەڵ ئینلیلی سۆمەریدا بەیەك دەزانی. ئەم خوایانە وەك خواکانی دواتری یۆنانییەکان و ڕۆمەکان گومان دەکرا کە خاوەنی

شێوەی مرۆڤ و تایبەتمەندییەکان و خاڵە لاوازەکان و هەستەکانی مرۆڤن. ڕۆکس دەڵێت: "پوختەی ئەوەی کە ئەوانە وەك پیشاندەری باشترین و خراپترین خەسڵەتەکانی مرۆڤ لە پێوەرێکی بالآمرۆییدا بوون."[19]

زمانی سۆمەریش لەدوای نەمانی سیاسەتمەدارانی سۆمەری (لە کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا) بەجێما. ئەگەرچی لەدوای (2000)ی پێش زایینەوە ئیتر بەفراوانی بە زمانی سۆمەری قسە نەدەکرا، بەڵام ئەم زمانە وەك جۆرێك لە زمانی پیرۆزی ئەدەبی مایەوە، ڕێك بەهەمان شێوەی کە لاتین لەدوای ئەوەی کە ئیتر بەوە قسە نەدەکرا ئەم ڕۆڵەی بۆ کلێسای کاسۆلیك و




لەوحێکی بابلی کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆیەمی پێش زایین، کە ئەمەش خوای خۆر لە کاتی درکپێکردنی ڕێزی لە سێ کەسی پاڕاوە پیشان دەدات. نیشانەی خڕی خۆر دەتوانرێت لە میحرابەکەدا ببینرێت.

کۆمەڵگای خاوەن زانیاری ئەوروپا هەبوو. ئەو زمانی قسەکردنەی کە بەبێ هۆکار بووە جێگرەوەی سۆمەری لە سەرتاسەری نێوان دوو ڕووباردا ئەکەدی بوو. زمانێکی سامی گرێدراو بە عیبری و عەرەبییەوە. ئەکەدییەکان ماوەیەکی دوورودرێژ کە لە کەنارەکانی ناوەندی و باکوری دەشتەکانی دیجلەو فوراتدا نیشتەجێ بوون و لەئەنجامدا دەسەڵاتیان بەسەر دەوڵەت-شارەکانی سۆمەری لە باشوردا سەپاند. ئەکەدییەکان بەئاسانی سیستەمی نووسینی خەتی

[19] . . Roux, Ancient Iraq, p. 92.

بزماریان لەگەڵ زمانی خۆیاندا گونجاند، کە دوولەت بوونی ئەم سیستمە پیشان دەدات، چونکە ئەم دوو زمانە بە هەمان ئەندازە جیاوازییان لەگەڵ یەکتردا هەیە کە لاتین لەگەڵ چینیدا هەیەتی.

دەبێت پێ دابگیرێت لەوەی کە ئەکەدییەکان گروپێکی جیاوازی نەژادی و نەتەوەیی یان کۆمەڵایەتی نەبوون. بە وتەی (ئێچ. دەبلیو. ئێف. سیکس) شارەزا لە زمانە کۆنەکاندا.

**پۆلێنەکانی نەتەوەی لە زۆربەی کۆمەڵگا کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا ڕۆڵێکی زۆری نەبوو. ئەم بابەتە دەربارەی نێوان دوو ڕووبار زۆر ئاشکرایە. لە هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا هیچ درزو کەلەبەرێك لەنێوان قسەکەران بە زمانە جیاوازەکان لەسەر بنچینەی سنوربەندی نەژادی باسی نەبووەو لەدوایشدا ئەم جۆرە کەلێنانە دەرنەکەوت. کێشی فەرهەنگی و کلتوری کۆمەڵگای نێوان دوو ڕووبار دەریخست کە لەگەڵ بوونی گروپە نەتەوەییە جۆربەجۆرەکان و زۆربەی ئەوانەی کە هاتبوونە نێوان دوو ڕووبار لەئەنجامدا هەموویان جێگیربوون و هیچ یەکێك بۆ هەمیشە بەجیا نەمایەوە.**[20]

## جەنگاوەرێتی و دلێرێتی

لەدوای زمانی سەرەکی جیاوازی کلتوری نێوان ئەکەدییەکان و ئەو نەتەوانەی کە بەسەریاندا سەرکەوتن، کە سۆمەرییەکانیش بەشێك بوون لەوانە. تێپەڕین بە دەوڵەت—شارە سەربەخۆکان بۆ وڵاتەکان و ئیمپڕاتۆریەتەکان ئەم فتوحاتانەی ئەکەدییەکان، کە لەنێوان (2400 تا 2200)ی پێش زایینـدا ڕوویـدا دەسـت پێـدەکات. لەسـەرەتادا ژمارەیەك لە فەرمانڕەوا ئەکەدییەکان سەرکەوتووبوون، شارە ناوەندییەکانی نێوان دوو ڕووبار لە یەکێتییەکی میللیدا یەکیان گرت، پاشان یەکەمین جیهان داگیرکەری گەورە، سارگۆنی ئەکەدی هێرشی بردە سەر شارەکانی سۆمەری و ئەوانەی خستە ژێر دەستییەوە

[20] H. W. F Saggs, Civization Before Greece and Rome. New Haven, CT: Yale university press, 1989, p. 45.

سوپاکانی هەتاوەکو کەنداوی عەرەب پێشرەوییان کرد. بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا دوو نیوەی سەروو، خوارووی نێوان دوو ڕووبار، کە لەوەوپێش تەنیا بەهۆی پەیوەندییەکانی مەزهەبی و کۆمەڵایەتی و کلتورە هاوبەشەکانی تر کە لەیەکەوە نزیك بوون بەشێوەی وڵاتێکی یەکگرتوو بەیەکەوە بەستران.

ئەو کاتە سارگۆن و جێنشینە بێ واستەکانی پانتایی دەسەڵاتی خۆیان بالآتر لە دەشتەکان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا فراوان کرد. ئەوان چوونە ناو عیلام لە باشوری ئێران، زۆربەی شارەکانیان تالآن کردو لەهەمان کاتدا شاری بچووکی عیلامی (شوش)یان تا ئاستی پایتەختی ناوچەکە فراوان کرد. لە ڕۆژئاوادا لەلایەن بنەماڵەی سارگۆنییەوە دەوڵەت— شارە گەورەو بەهێزەکانی مادی لە فوراتی سەروو، (ئیبلا) لە سوریا لە هەشتا کیلۆمەتری کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست، تەنانەت بەشێوەیەکی هاوکات تەپۆڵکەکانی ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵات لە (160) کیلۆمەتری ڕۆژئاوای باکوریترین بەشی فوراتدا داگیر کران.

فتوحاتی سارگۆنییەکان لەبەرئەوە سەرکەوتووانە بوو کە ئەوان سەرکەوتن ئامێرە جەنگییەکان و شێوازە سەربازییەکان کە ماوەیەکی زۆر لەوەوپێش لە سۆمەرو ناوچەکانی دراوسێیدا بە بەراوردێکی بچووك بەکار دەهات، بە بەراوردێکی زۆرو شوێنخوازانە بەکارهێنران. دکتۆر (واتکینز) لەم شوێنەدا ئارایشتی بەبەردێکی سۆمەری لە قۆناغی باشتری ئەکەدیدا (نیوەی هەزارەی سێیەمی پێش زایین) بەو شێوەیەی کە لەسەر بەردی بەناوبانگی (لەوحی بەردینی لاشەخۆر) هەڵکەندراوە باسی دەکات (لەوحی بەردینی لاشەخۆر ناوێکە لەو کاتەی لاشەخۆرەکان دەنووك لە جەستەی دوژمنەکان دەدەن بەم بەردە دراوە):

**لەوحەی شەڕ سوپاکە لە ساتی سەرکەوتندا پیشان دەدات کە بەسەر ڕووی جەستەی دوژمنە تێکشکاوەکاندا تێدەپەڕن. لەبەشی سەرەوەی لەوحەکەدا خودی پاشا یەکەیەکی سەربازی پیادەی**

سەنگین ڕابەرایەتی دەکات، لە خوارەوەی لەوحەکە پاشا لە گالیسکە جەنگییەکەیدا لەکاتی پێشڕەوی لە پێشی پێشەوەی یەکەیەکی سەربازی پیادەی چالاك پیشاندەدرێت. پیادەی سەربازی چالاك زرێپۆشی پارێزەریان لەبەردا نییەو قەڵغانیان پێ نییە، هەریەکێکیان نەیزەیەکی درێژ لە دەستی چەپ و تەورێك بە دەستی ڕاستیانەوە. سەربازی پیادەی سەنگین بە جوانی... بەشێوەی ریزڕیز لەپاڵ یەکتری نەیزەدارە پۆشتەکان بە خودەو لەپشت ڕیزی پێشەوەکەسە قەڵغانبەدەستەکان وێنەکێشراون... ئەوەی کە لەبەرچاوە ژمارەی ئەو نەیزەکانە کە لەناو قەڵغانەکانەوە هاتوونەتە دەرەوە. هونەرمەند بە سەرسەختی پێی لەسەر ئارایشتی جەنگی، کە لەو قەڵغانانەی تاڕادەیەك بەیەکەوە نووساون لە چەناگەوە تا پاژنەی پێ دەپارێزن داگرتووە. ئەم تاکتیکانەی جەنگ بەسەر تاکتیکەکانی ڕیزڕیزکردن لەپاڵ یەکتری (مەقدۆنی و لژیۆنی ڕۆمی) پێشینەی هەیە... وەلەناو ئەوەدا پیشانی دەدات کە سوپاکانی ئەم دەوڵەت - شارانەی نێوان دوو ڕووبار خاوەنی ناوەڕۆکێکی پتەوی سەربازیی پیشەیی و ڕێکخراویی بوون. لەگەڵ بەسەربازکردنی بەشێك لە جوتیارانی ناوچەیەك بەهیچ شێوەیەك نەدەکرا بەجۆرە وردبینی و یەك پارچەیی بەدەست بهێنرێت و ئەم سەربازانە بەشێوەی یەکەیەك بۆ شەڕ ڕێکخرابوون، یونیفورم پۆشراوو ئامادەبوون[21].

(گالیسکە جەنگییەکان) کە لەسەر لەوحێکی بەردین نەخشێندراون, لەپێش دەرکەوتنی گالیسکە جەنگییەکان گالیسکە بەد قەوارەکان کە چەرخە ناوپڕەکانیان پێوەبوو کە چوار ولاّخ یان کەرەکێوی ئاسیایی ئەوانەیان ڕادەکێشا (هێشتا بەشێوەیەکی فراوان لە ڕۆژهەلاّتی نزیکدا سوود لە ئەسپ وەرنەدەگیرا). ئەوەی کە لە جەنگدا چۆن سوود لەم کەرەستانە وەردەگیرا نادیارە! بەلاّم کێشی لە ڕادەبەدەرو بێ تواناییان لە باشترین حاڵەتی توانایەکی کەمدا، ئەوانە لەکاتی سوڕانیاندا دەبوونە هۆی ناکارامەییەکی ڕێژەیی لە

---

[21] Watkins "Beginnnings of Warfare", in Hackett, warfare in the Ancient World, p.19.

ڕوودانی شەڕدا، بەم شێوەیە لەوانەیە وەك کەرەستەی سواربوون (خاوەن ڕوانگە) بۆ جموجۆڵی پاشاو سەرکردەکان لە مەیدانی شەڕدا سوود لەوانە وەرگیرابێت.

ئامێرە جەنگییە ناسراوەکانی ئەو ڕۆژگارە نەیزەی سەنگین کە بەگشتی بۆ داچەقاندن و زەربەلێدان بەکاردەهات هەتاوەکو هەڵدان، تەور بۆ درزکردنە قەڵغان و جوجمەو خەنجەر، کە وەك چەکێکی یارمەتیدەر بەکاردەهات زۆر کارامەتر بوون. بە ڕووکەش بەدەگمەن سوود لە تیروکەوان وەردەگیرا لەو کاتەدا، چەکێك کە بەکارهێنانی لە شەڕدا تاوەکو سەدەکانی تر بەتەواوی نەناسرا. تائێستا هیچ لەوحەیەکی بەردین کە سەحنەی گەمارۆدراو لەنێوان سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان پیشان دەدات نەدۆزراوەتەوە، بەڵام لەو شوێنەدا کە زۆربەی شارەکانی نێوان دوو ڕووبار خاوەنی دیواری بەرگریی پتەوبوون. لەوانەیە ئەم شوێنە بووبێت کە تیروکەوان تیایدا بەکاردەهات و بەرگریکەران لەسەر دیوارەکانەوە هێرشبەرەکانیان تیرباران کردووە.



پەیکەرێکی برۆنزی بەشی سەرەوەی لەشی داگیرکەری گەورە سارگۆنی یەکەم، کە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (2400)ی پێش زایین. چاوەکانی کە بە بەردەگرانبەهاکان ڕازێندرابۆوە، ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش دزەکان دەریان هێنا.

## خەونەکانی نێوان دوو ڕووباری یەکگرتوو

سارگۆن و میراتگرەوەکانی دەبووایە هەموو ئەم ئامێرە جەنگییانەو شێوازانەیان بەکاربهێنایە، بەڵام ئەمانە تەنگپێهەڵچنینی ئەوانە بوو، پاشایەتی ئەکەدی کە بەهۆی ئەو جەنگانەی لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێی دا خاوەنی سوپایی بەهێزی خۆیان بوون (بێگومان بەهۆی هۆکاری نەزانراوی ترەوە) لاوازبوو بوو کەمێك لەدوای (2200)ی پێش زایین لێك هەڵوەشا. چەند سەدەی دواتر شایەتی گیروگرفتە بەردەوامەکان بوو بۆ سەرکەوتن بەسەر دەشتی نێوان نەتەوە جۆراوجۆرەکان، لەوانە عیلامییەکان و گۆتییەکان (دانیشتوانی تەپۆڵکەکان لە ناوچەی باکوری عیلام) ئامورییەکان (خەڵکی ڕۆژئاوای نێوان دوو ڕووبار)و چەند شارێکی سۆمەری.

دەسەڵاتی سارگۆنییەکان بەسەر نێوان دوو ڕووباردا ئەگەرچی تەمەنێکی تاڕادەیەك کورتی هەبوو، بەڵام ڕێبازەکانی گرنگ و بۆماوەیەکی درێژ بوو، بەتایبەت کەتەلۆکێك کە ئەوان بۆ داگیرکەرەکان و پاشا چاونەترسەکانی دواتریان بەجێ هێشت بەشێوەیەك کە پرۆفیسۆر (ڕۆکس) بیری دێنێتەوە:

بووژاندنەوەی یەکێتی نێوان دوو ڕووبارو دەست گەیشتن بەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین مەرزەکانی میللی, بووە خەونی هەموو پاشاکانی دواتر. وە لە نیوەی هەزارەی سێیەمی پێش زایینەوە تا لەناوچوونی بابل لە (539)ی پێش زایین مێژووی عێراقی کۆن بریتیبوو لە هەوڵەکان و خۆشبەختییەکان و شکستەکانی ئەوان بۆ گەیشتن بەم ئامانجە[22].

بەڕاستی دەستکەوتەکانی سارگۆن وەك بەرپاکەری ئیمپراتۆریەتەکانی دواتر ئیلهامبەخشی گەورەترین بنەماڵەکانی پاشایەتی ئاشور بۆ پەسەندکردنی ناوو ئامانجەکانی هاوکات بوو لەگەڵ سەرکەوتنێکی بێ ڕەحمانەی سەرسوڕهێنەر.

[22] . Roux, Ancient Iraq, p. 140.

# بەشی دووەم
# ئەرکی وڵات داگیرکردن و فەرمانڕەوایەتی:
# سەردەرهێنانی میللەتی ئاشور

شارە بچووکەکانی نیشتمانی ئاشورییەکان بەشێك بوون لە شارەکانی نێوان دوو ڕووبار کە لە قۆناغەکانی سەرکەوتنی سارگۆنییەکان بەسەر ناوچەی دیجلەو فوراتبۆ ماوەیەکی کورت لەژێر کۆنترۆڵدابوون و یەکیان گرت. ئەم ناوچە بچووکە — کە زیاتر لە هەزار ناوچەی سەرەکی ئیمپراتۆریەتەکانی ئاشور بەجێما - کە کەوتبووە کەنارەکانی سەرەوەی دیجلە، شوێنێك کە دوو لقی سەرەکی ئەم ڕووبارە، واتە ڕووبارەکانی زێی سەروو، خواروو، لەباکوری ڕۆژهەڵاتەوە بەوێدا دەڕوات. ئاشور یەکەمین شاری گرنگ کە ناوی خۆی لە خوایەکی پشتیوانی ناوچەکەوە وەرگرت بوو کە کەوتبووە کەناری ڕۆژئاوای دیجلەو نزیکەی چوار کیلۆمەتری باکوری زێی خواروو. (کالح- نەمرود) موسڵ و نەینەوا کەوتبووە باکوری بەیەککگەیشتنی دیجلە لەگەڵ زێی سەروودا. توێژەری گەورەو بێ سەروشوێنی ڕۆژهەڵاتی نزیك (جەیمز هێنری بریستد) دەنووسێت:

**(ئاشور لە ئاووهەوای زۆر شادی بەخشتر لە ئاووهەوای دەشتی داخبووی بابلسوودمەندبوو. دۆڵی بەپیتی زۆری هەبوو کە هەتا زنجیرە چیاکانی ڕۆژهەڵات و باکور درێژدەبوونەوە... ئەم دۆڵانەی ڕۆژهەڵات هەمە جۆربوو بە لەوەڕگا سەوزەکان و کێڵگەکانی گەنم و جۆ. گایەلەکانی مانگاو ڕانە مەڕوبزنلە دامێنی تەپۆڵکەکاندا دەلەوەڕێن. وڵاخ بەگشتی گیانەوەری بارهەڵگربوو، سوودوەرگرتن لە ئەسپ**

**لەکاتێکدا کە نەناسراو نەبوو، لە سەرەتادا باوی نەبوو. لێرەدابوو کە کۆمەڵگای کشتوکاڵی (ئاشور) گەشەی کرد)** [23].

بەلایەنی کەمەوە هەتاوەکو قۆناغی فتوحاتی ئەکەدییەکان دانیشتوانی ئەم ناوچەی باکوری— ناوەندی نێوان دوو ڕووبار دەستیان بە ناسنامەی ناوچەی خۆیان، کە بەگشتی بە پەرستنی ئاشورو ڕێورەسمی مەزهەبی و کۆمەلاّیەتی لەگەڵ ئەو پەرستنەیدا چەسپا بوو گەیشتبوو[24].



**ئەم پەیکەرە کەچینە بچووکانە ژن و پیاوێك پیشان دەدەن کە جامی شەرابیان بەدەستەوەیە کە لەو سەردەمەدا ئاسایی لە مەراسیمی مەزهەبیدا بەکاردەهات.**

لە دێرزەمانەوە ناوچەی ئاشور لە بایەخی سیاسی یان سەربازیی کەمێك سوودمەند بوو، لەدوای لەناوچوونی سۆمەرو ئەکەد لەکۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاییندا بۆ یەکەمین جار گۆڕا بۆ وڵاتێکی سەربەخۆو جێپێیەکی پتەوو چەسپاوی لە کاروبارە سەرەکییەکانی نێوان دوو ڕووباردا بەدەست هێنا. بۆ ماوەیەکی کەمی زیاتر لە دوو سەدە، زنجیرەیەك فەرمانڕەوای بەهێزی ئاشور بۆ بەدەستهێنانی دەسەلاّت و لایەنگر بە دروستکردنی پەرستگاکان و بینا گشتییەکانی ترەوە خەریك بوون، چەند کەسێك لەوانە دەستیان کرد بە چالاکی سەربازیی لە ناوچەکانی دراوسێدا (کە ئەوەندە

23 . James Henry Breasted, Ancient Times: A History of the Early World. Boston: Ginn and Company, 1944, p.180.

24- لە دەقە کۆنەکاندا شارو پاشایەتی و خوا هەرسێکیان بە ئاشور ناودەبرێن.

بەراوردی ئەوانە بچووك و تەمەنیان کورت بوو کە ناکرێت بە وڵات داگیرکەر ناو ببرێن، بەڵکو باشترە ئەوانە بە دەستدرێژکەر وەسف بکرێن)، بەڵام لەئەنجامدا ئاشوورییەکان سەربەخۆیی خۆیان لەدەستداو بە جێگۆڕکێ و سەرەوژێربوونەوەی ناوەندە سەرەکییەکانی دەسەڵات لە پانتایی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بێگانە جۆراوجۆرەکانەوە.

پاشان لە سەدەی چواردەیەمی پێش زاییندا ناوچەی ئاشور وروژمی تازەی توانای میللی ئەزموون کرد، ئەم جارە بەهێزێکی گەورەوە گۆڕا بۆ پاشا شەڕانییەکان کە سوننەتی هێرشە سەربازییەکان و فتوحاتی ساڵانەیان دەست پێ کرد. ئەم ڕابەرانەی ئیمپراتۆریەتی کۆنی ئاشور ناوێك کە هەندێك لە توێژەرانی هاوچەرخ لەوەیان ناوە، کەتەلۆکێکیان لە فراوانبوون و بەرتەسکبوونەوەی دامێنی ئیمپراتۆریەت لەو شوێنەدا دانا کە جێنشینەکانیان بەدرێژایی سەدەکان ئەوەیان پەیڕەو کرد. بە وتەی پرۆفیسۆر ئۆپنهایم:

**پاشاکانی ئاشور بە لەشکرکێشییەکانی ڕێوڕەسمی ساڵانەی خۆیان سەرکەوتن. زنجیرەیەك ئیمپراتۆریەتی کەم و زۆر کاتییان بەرپا کرد. ئەم ئیمپراتۆریەتانە - ئاسایی لەدوای مردنی پاشا - زۆرجار بەشێوەیەکی کتوپڕ لێك هەڵدەوەشا، بەڵام زۆرجار سەرلەنوێ سەری دەردەهێنایەوە، فراوان دەبوو، بە وردبینییەکی زیاترەوە ڕێکدەخرایەوە... بەرچاو دەکەوێت کە لەناو ئەنجومەنی بچووکی ئاشورییەکاندا، بەتایبەت خەڵکانی شاری بچووکی ئاشور، ئەم بیروباوەڕە ڕەگی داکوتابوو کە سەقامگیریی سەرلەنوێی یەکپارچەیی لەدەست چوو، زیادبوونی کاریگەری لەسەر ردانان و فراوانبوونی ڕێبازیی ئەوە ئەرکی ئەوانە[25].**

لەم ڕووەوە لەئەنجامی ئەم بیروباوەڕە سەرسوڕهێنەرو چەسپاوەوە -کە سەرکەوتوویی و فەرمانڕەوایەتی ئەرکی ئەوانە- مەفهوومەکانی جەنگ و فراوانخوازی لە سروشتی میللی ئاشورییەکاندا ڕەگ و ڕیشەی قووڵی دروست کرد.

---

[25] . oppenheim, Ancient Mesopotamia, pp. 167 – 68.

## یەکەمین بنەماڵەی گەورەی ئاشور

سەر زەوی ئاشور بۆ یەکەمین جار لە سەرەتای ئەوەی کە زانایانی هاوچەرخ ناوی دەنێن قۆناغەکانی بابلی کۆن (لە دەوروبەری 2000 تا 1600ی پێش زایین) سەربەخۆ بوو. ئەم قۆناغانە بەگشتی سەردەمی ناکۆکی و ناجێگیریی بوو لە پانتایی سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیکدا. زۆربەی دەوڵەت -شارەکان و پاشایەتییە-کانی پانتایی نێوان دوو رووبار وەك ئاشور پێیان لەسەر سەربەخۆیی خۆیان دادەگرت، ئەم دەوڵەتە بچووکانە زۆرجار گرفتاری گفتوگۆو جەنگ بوون لە نێوان خۆیان یان لەگەڵ نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دانیشتووی ناوچە بەرزەکانی دەوروبەری دەشتەکان. زۆرجار یەکێك لەم دەوڵەتانە لەسەر خاکی نیشتمانی خۆیەوە بەرەو سەرووتر دەڕۆیشت، چەند دراوسێیەکی بەخۆیەوە دەلکاند، بۆ ماوەیەکی کورت لە پێگەو دەسەڵاتی زۆر سوودمەند دەبوو. پاشان بۆ ماوەیەکی کاتی دەبووە دەستەمۆی ناوخۆیی و دوژمنی دەرەوە، ڕێك بەهەمان شێوەی کتوپڕ بۆ بارودۆخی ڕابردووی دەگەڕایەوە یان لەوە خراپتر ژێردەست و پێکەوەلکاوی دراوسێیەکی زیادەڕۆ دەبۆوە.

لەبارەی ئاشوری ژێر فەرمانڕەوایەتی یەکەمین بنەماڵەی پاشایەتی بەهێزییەوە، بنەماڵەی حوکمڕانی کە (شا شەمەشی ئەدد) (قۆناغەکانی پاشایەتی 1813–1781ی پێش زایین) دروستکەری بوو، بەم شێوەیەش بوو لەو شوێنەی کە ژمارەیەك لە نامەکانی ڕەتکراوەو گۆڕاو لە نێوان ئەم فەرمانڕەوایانەدا دۆزرابۆوە، ئەوانە یەکەمین پاشاکانی ئاشورن کە بەشەکانی ژیانی شەخصی و سیاسی و سەربازییان ئاشکرایە[26]. بەشایەتی

---

[26] - نزیکەی بیست هەزار لەوح بەخەتی بزماری لە ناوچە ی ماری لە فوراتی سەرەوە، لەلایەن حەفرکەرە فەرەنسییەکانەوە لە 1935دا کەشف کراوە. لە ناو ئەم لەوحانەدا نزیکەیی سێ سەد

یەکێك لەم نامانە شەمەشی ئەدد یەکەم دەسەڵات و ئیعتیباری خۆی لە ئاشوردا تەرخان کرد بۆ دروستکردنی پەرستگایەکی بەشکۆ بۆ (ئینلیل) خوای کۆنی سۆمەری، خوایەك کە بە بانگەشەی ئەو ئەوی لە دیاری گەیشتنی بە تەختی پاشایەتی سوودمەند کردبوو.

**شەمەشی ئەدد پاشای هەموو دنیا، کە پەرستگای خوای ئاشوری دروست کرد. خواکانی (ئانوم)و ئینلیل بەرێزەوە باسی کەسێك دەکەن بەهۆی کارە گەورەکانیەوە... پەرستگای خوای من ئینلیل پەرستگایەکی حەپەسێنەرە، بینایەکی پڕ لە سەختی، جێگای خوای من ئینلیل کە پتەوە لەسەر پایە وەستاوەو بەکاری بەناکان بنیاتنراوە، من لە شاری ئاشوردا بنیاتم ناو سەقفی پەرستگاکەم لە داری درەختی سیدر دروست کرد. دەرگای ژوورەکانیم لە داری سیدری ڕازاوە بە زێڕو زیو دانا. وەبەسەر پایەکانیدا ڕۆنی سیدر، باشترین جۆری ڕۆن، هەنگوین، کەرەم پرژاند**[27].

لەئەنجامدا شەمەشی ئەدد سوپاکانی بۆ هێرش و لەشکرکێشی بۆ دەرەوەی سنورەکانی ڕابەرایەتی کرد، هەتاوەکو لەم ڕێگایەوە پانتایی دەسەڵاتی ئاشور فراوان بکات. ئەو پاشایەتی بچووکی ماری (بەنزیکەی 225 کیلۆمەتری باشوری ڕۆژئاوای ئاشور) داگیرکرد، کە وەك ئاشور لەدوای نەمانی سۆمەرو ئەکەد سەربەخۆیی بەدەست هێنابوو. شا کوڕەکەی (جەمسە ئەدد)ی بۆ فەرمانڕەوایەتی ماری دانا، پاشان هێرشی برد بۆ دەوڵەت - شاری (ئیکالاتۆم) لە کەناری دیجلەو لە باشوری ئاشور بەسەریدا سەرکەوت و حکومەتەکەی ئەوی بە کوڕەکەی تری (ئیشمەداگان) سپارد.

شەمەشی ئەدد بەهەمان شێوە تێکۆشا پانتایی دەسەڵاتی خۆی بەرەو ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژهەڵات فراوان بکات. لە لەشکرکێشییەکدا هەموو ڕێگاکەی هەتا لوبنانی ئێستا لە کەناری دەریای ناوەڕاستدا بڕی. لەم ناوچەیەدا بوو کە ئاشورو دەوڵەتەکانی تری نێوان دوو ڕووبار داری مەرغوبی سیدریان دەهێنایە ناوەوە بۆ پرۆژەی بیناسازییە جۆراوجۆرەکان. ئەو

---

نامە هەیە کە نووسراوی شەمەشی ئەدد و کوڕەکانییەتی کەلە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمی پێش زایینیدا بۆ ماوەیەکی کورت لە ماریدا حوکمیان کرد.

[27] Quoted in Laessoe, people of Ancient Assyria, p.43.

له شازاده‌كانی ناوچه‌كه‌وه باجی وه‌رده‌گرت (باجێك كه نیشانه‌ی كارگێری بوو) و له‌پێش به‌جێهێشتنی ئه‌وێ له‌وحه‌یه‌كی به‌ردینی له یادگاری رووداوه‌كانی خۆی دانا (ناوی گه‌وره‌و له‌وحی یادگارییه‌كانم له ولاتی لوبنان له كه‌نار ده‌ریای گه‌وره‌دا به‌رپاده‌كه‌م) [28].

شاو كوره‌كانی له باشوری رۆژهه‌لات له جه‌نگی تاراده‌یه‌ك هه‌میشه‌یی له‌گه‌ل ده‌وله‌تی (ئیشنونا)دا به‌نزیكه‌ی (250) كیلۆمه‌تری ئاشور، كه دۆلی رووباری دیاله، لقه گه‌وره‌كانی تری دیجله له‌ژێر ده‌ستیدابوو به‌گرفتاری مانه‌وه. شه‌مه‌ش ئه‌دد له‌گه‌ل فه‌رمانڕه‌واكانی بابلدا له كه‌ناره‌كانی رێكی فورات به‌نزیكه‌ی (320) كیلۆمه‌تری باشوری ئاشور، ئاگربه‌ستی موئه‌دده‌بانه، به‌لام ساردو ناجێگیری پاراست. له‌م ناوه‌دا ئه‌وو كوره‌كانی درێژه‌یان به جه‌نگه بچووكه‌كاندا, له‌گه‌ل دراوسێكانیاندا به‌رده‌وام تێده‌كۆشان ده‌ستیان بگات به پاتتاییه‌كی ده‌سه‌لاتی تازه به‌و شێوه‌یه‌ی كه له نامه بێ شوماره‌كانیاندا ئه‌م كاره ئاشكرایه:

به جه‌مسه ئه‌دد بلێ: باوكت شه‌مه‌ش ئه‌دد به‌م جۆره ده‌لێت:"پێنج رۆژ له‌پێش فه‌رمانڕه‌وایه‌تیدا (قوبره‌م) تێكشكاند. ئێستا خێلی (جه‌عیلا نۆمی)شم تێكشكاندووه. شاری (هیبارا)شم گرتووه. له‌م شاره‌دا خۆم كرد به ئه‌ربابی (300) كه‌س له سه‌ربازه به‌رگریكه‌ره‌كانی ئه‌و (فه‌رمانڕه‌وا)یه‌و بڕیارم به یه‌كێك له كوره‌كانیداوه. شادمان به!"

به جه‌مسه ئه‌دد بلێ: براكه‌ت ئیشمه داگان ده‌لێت:" له‌گه‌ل ئه‌وه‌ی كه شاره‌كانی (تارام‌وهاتكاو شونهام)م گرت، رووم كرده (هورارا)، ئه‌م شاره‌م گه‌مارۆدا، بورجه گه‌مارۆده‌ره‌كان و قه‌لاكوتم دژی ئه‌وه به‌كارهێنا، وه له ماوه‌ی حه‌وت رۆژدا خۆم كرد به ئه‌ربابی ئه‌وێ. شادمان به!" [29]

---

[28]. Quoted in Lucken bill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol. 1, p.17.

[29]. Quoted in laessoe, people of Ancient Assyria, p.69.

## ناوەڕاستی پەردەی بابلی

لەگەڵ مردنی شەمەش ئەدد لە (1781) پێش زاییندا بەخت و چارەنووس بۆ سەر زەوی ئاشور گەڕایەوە. نامەیەك كە ئیشمەداگان، جێنشینی ئەو، نووسینەكەی بارودۆخەكە پیشان دەدات و بەسەرهاتی ئارام و وڵاتێكی هێشتا بەهێزی گێڕاوەتەوە:

بە جەمسە ئەدد بڵێ: براكەت ئیشمە داگان دەڵێت: "من لەسەر تەختی ماڵی باوكم دانیشتووم. لەبەرهەمان هۆ زۆر گرفتارم و نەمتوانیوە هەواڵی سەلامەتی خۆمت بۆ بنێرم... تۆ نابێت نیگەران بیت. پاشایەتی تۆ لەوەدایەو دەمێنێتەوە. خواكانی ئەددو شەمەش لەگەڵ مندا هاوڕان. هەوساری خەڵكی عیلام و مەرد (شا)ی ئیشنونا بەدەست منەوەیە... وەرە بابەیەكەوە سوێندی وەفاداری بخۆین و پەیوەندی برایانە لەگەڵ یەكتردا بۆ هەمیشە بپارێزین"[30].

بەڵام كەمێك لەدوای نووسینی ئەم نامەیە ئەندامێكی ناڕازی بنەماڵەی پێشووی فەرمانڕەوایەتی ماری بەناوی (زیمریلیم) جەمسە ئەددی لەسەرتەخت داگرت و سەربەخۆیی شاری سەرلەنوێ چەسپاند، بەڵام ڕۆژگاری زیمریلیم و ماری هەردووكیان زۆر كورت بوون، چونكە تەنیا لە چەند ساڵێكی دواتردا، لەدەوروبەری (1759)ی پێش زاییندا هاوڕێكەی حامورابی پاشایی بابل، كە تازە لەلایەنی فراوانكردنی پانتایی دەسەڵاتەكەی دەستی كردبوو بە لەشكركێشی، ڕووی لەو كرد. ماری كە لەوكاتەدا گەورەترین شاری دەشتی ڕۆژئاوای فوڕات بوو، بۆ هەمیشە لەناوچوو. كەمێك لەدوای ئەوە ئاشورو شارەكانی تری.

---

[30] . Quoted in laessoe, people of Ancent Assyria, p.76.

# تابۆکانی خێزانی پاشایەتی بلّیٚ

**ئەم نامەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدەیەمی پێش زایین (بەگواستنەوەی لە یورگن لائسو، خەڵکی ئاشوری کۆن: نووسینەکانی سەر بەردو نووسراوەکانی تری ئەوان). کە یەکێك لە کوڕەکانی شەمەش ئەدد بۆ یەکێك لە کوڕەکانی ناردووە، پیشانی دەدات کەوردە پێشبڕکێکان لەنێوان براکان و خوشکەکاندا پێشینەیەکی ئەندازەیی هەیە لە مرۆڤایەتیدا.**

**بە ئیشمە داگان بلّیٚ: براکەت ئیشهی ئەدد بەم شێوەیە دەڵێت:" ئەمە بابەتێکە کە نابێت لەبارەیەوە قسە بکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا ئێستا بهێڵە من لە بارەیەوە قسە بکەم، هەتاوەکو بەم شێوەیە گرێی دڵم بکەمەوە. تۆ پاشایەکی گەورەیت! تۆ لەمنت گەیاند کە حەزدەکەیت دوو ئەسپت هەبێت و من ئەوانەت بۆ بنێرم. ئێستا تۆ (20) مینا (یەکە کێش) قوڕقوشمت بۆمن ناردووە! دڵت نەیدەویست بەبیٚ هیچ قسەو گفتوگۆیەك و بەشێوەیەکی تەواو ڕەزامەندیمن بەدەست بهێنی؟ ئێستا ئەم یەك مستە قوڕقوشمەت بۆ من ناردووە!... کەسێك ئەمە بیستێت چی دەڵێت؟ بەدڵنیاییەوە ئەو ناتوانێت ئێمە لە شوێنێکدا لە بەرامبەر یەکتردا ببینێت. بنەماڵەی من بنەماڵەی تۆشە. مەگەر بنەماڵەی تۆ چ عەیبێکی هەیە کە برایەك ناتوانێت خواستی براکەی تری بەرجەستە بکات؟ ئەگەر ئەم قوڕقوشمەت بۆم نەناردایێ، بەدڵنیاییەوە من لەبەر ئەم کارە دڵم نەشکابوو. تۆ پاشایەکی گەورەنیت چۆن ئەم کارەت کرد؟**

پاشایەتی ئاشوریش کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بابلەوە. لە ماوەی چەند ساڵێکی دواتردا حامورابی بووە یەکەمین فەرمانڕەوا کە لەدوای سارگۆن دەستی بە خەونی بەشکۆی نێوان دوو ڕووباری یەکگرتوو گەیشت، فراوانی وردی پاشایەتی ئەو نادیارە, بەڵام لەوانەیە لە

کەنداوی عەرەب لە باشوری ڕۆژهەڵات هەتاوەکو مەرزەکانی سوریاو دامێنی چیاکانی ئەرمەنستان لە باکوری ڕۆژئاواوە درێژبوویێتەوە.

فتوحاتی سەرکەوتووانەی حامورابی لەوانەیە یەك دوو سەدە زووتر لەوە بەو ناوچەیەوە لکابێت کە بتوانێت لە سێ نوێگەری تازەو گەورەی سەربازیدا، کە لەو سەردەمەدا هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا هێواش، بەڵام بەردەوام بەدەست دەهات، بەتەواوی سوود وەرگرێت. یەکەمینی ئەمانە ماڵیکردنێکی زۆری ئەسپ بوو کە زیاتر بە گالیسکەوە دەبەسترا هەتاوەکو بۆ سواربوون بەکاربێت. دووەم تەواوکردنی هونەرەکانی ئیش و کارەکانی دارین بوو کە لە دروستکردنی چەرخەپەڕەدارو بەرهەمهێنانی لەشی کێش سووکی گالیسکەکاندا سوودی لێ وەردەگیراو سێیەم جۆرێکی تازەو کاریگەرتری ئامێرە جەنگییەکان بوو کە لەوەوپێشیش ناسرابوو: کەوانی بەیەکداچوو (کە بە چەسپاندنی پارچە ئێسقانەکان یان ڕیشاڵەکان لەناو داری درزاویدا دروست دەکرا).



**لەوحێك کە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری (1750)ی پێش زایین، شەمەش، خوای خۆر، کۆمەڵە یاسایەك بە حەمورابی دەبەخشێت کەلە دواییدا پاشای بابل بەهۆی ئەوەوە ناوبانگی دەرکرد.**

پرۆفیسۆر (واتکینز) دەڵێت:"**دەرکەوتنی بەرهەمبەخشی کەوانی بەیەکداچووی تۆکمە بووە هۆی دەرکەوتنی سیستمێکی هەڵدانی خێرا هەڵدانی ئاگرەکان کە بۆ سواربوون بەسەر گالیسکە نوێکان و خێراکاندا پێویست بوو... کەوانی بەیەکداچوو بەبەراورد بە**

کەوانی بەرزی سادە خێرایی زیاتر بە تیر دەدات و زۆر کورتترە (لە ئەنجامدا زۆر ئاسانتر دەتوانرێت ئەوە لە گالیسکەدا بەکاربهێنرێت)، دەتوانرێت بۆ ماوەیەکی درێژ ئەوە بەکاربهێنرێت بەبێ ئەوەی کە شێوەکەی بگۆڕێت، یان لە توانای کەم بێتەوە[31].

پێکهاتەی ئەم ئامێرە جەنگییە لەگەڵ سەکۆیەکی ئاگری خێراوجوڵاو -گالیسکەی جەنگی- دەیتوانی بەشێوەی هێرشی زۆری گالیسکەکانی شۆڕش لە مەیدانی جەنگدا دەرکەوتایە ئەگەر ئاقڵانە لە مەیدانێکی شەڕی تاڕادەیەك ساف و ڕێکدا بەکاربهاتایە، دەیتوانی ئارایشتی سەربازی پیادە تێك بشکێنێت و ئەوانە پەرتەوازە بکات.

سوپای حامورابی تەنانەت بەبێ سوودوەرگرتنی زۆر لە هێزی گالیسکە ئەسپییەکان هێزی سەربازی تەواوی بۆ کارەکانی فەرمانڕەوایەتی خۆی بەسەر شارەکانی دەشتەکاندا پیشاندا. زۆربەی بنەماڵە حوکمڕانەکانی ناوچە، لەوانە حکومەتی ئاشورن ژێردەست و فەرمانبەری بابل بوون و بەو شێوەیە ڕێگەیاندا بەسەر کاروبارەکانی خۆیاندا چاودێر بن بەو مەرجەی کە فەرمانەکانی (شای بەهێزو بەتوانا، شای بابل، شای سۆمەرو ئەکەد، شای چوارگۆشەی جیهان- نازناوێکە حامورابی بەخۆی دابوو) جێبەجێ بکەن. ئاسایی زۆربەی ئاشورییەکانی لە دەسەڵاتی سیاسی بێگانە زۆر دڵتەنگ بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بۆنەکانی بابل و ئاشور بەهیچ شێوەیەك سیاسی نەبوون. ئاشورییەکان کە هەمیشە بەرامبەر بیروباوەڕی کلتوری بێگانە خاوەنی بیری ئازادبوون. ئێستا خۆیان دووچاری سەرلێشێوان و دژایەتی عاتفی دەبنەوە لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بابلیدا لە سەرتاسەری پاشماوەی قۆناغەکانیان وەك نەتەوە درێژەیان پێدا. لە ڕۆژگارەکانی کۆندا بیروباوەڕی کەلتوری لە باشوری ڕۆژهەڵاتی نێوان دوو ڕووبارەوە دەچوو بۆ ناوچەکانی ئاشورو ئێستا کە بابل میراتگرو سەرچاوەی کلتوری سۆمەری بوو، هەندێك لە لایەنە کاریگەرەکانی کۆمەڵگای

31 . Watkins, "Benginnings of Warfare" in Hackett, Warfare in the Ancient World, p. 28.

ئاشوری هەستیان بە ڕازی بوون دەکرد بەدرێژەدانی ئەم هاندەرە. بە وتەی پرۆفیسۆر ئۆپنهایم (لە ئاشوردا ئەو ئەنجومەنانە هەبوون کە سەیری بابلیان دەکرد وەك نموونەو پێکهاتەی خودانگارە.)[32] لە بەرامبەر ئەم تێڕوانینەدا لایەنی دژی بابلییەکان هێزێك بوو کە کلتورە کۆنەکانی دانیشتوانی ناوچەکەو هەستەکانی نیشتمانپەرستی و میللیگەرایی دەپاراست, تەنانەت لەدوای ماوەیەکی زۆر کە ئاشور گۆڕا بۆ هێزێکی دەسەڵاتدار، بە چاوێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی کلتوری گەشەکردووترو بەرەوشتترەوە سەیری بابلی دەکرد. ئەم پەیوەندی خۆشەویستی و نەفرەتەی نێوان ئاشورو بابل شایەنی بەراوردە لەگەڵ ئەو پەیوەندییەی کە لەدواییدا لەنێوان یۆنان و ڕۆمدا دەرکەوت ، لە هەردوو لایەنەوە وڵاتی جەنگاوەرەکان بەگشتی بیروباوەڕی مەزهەبی و ئەدەبی و مەیدانەکانی تری کلتوری خۆیان لاوازترە لە دراوسێکان، بەڵام بە ڕەوشتتر کە بەسەر ئەوەدا سەرکەوت بوو، وەریگرت.

## زیاتر پارچەبوونی ڕۆژهەڵاتی نزیك

ئاشور تەنیا دەوڵەتی ژێردەستەی بابل نەبوو کە لەبەرئەوەی پەیڕەوکاری فەرمانەکانی حامورابی بوو دڵتەنگ بوو. ئەم مەسەلەیە لەدوای مردنی حامورابی لە دەوروبەری (1750)ی پێش زاییندا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ئاشکرابوو. ڕێك بەهەمان شێوەی کە پانتایی دەسەڵاتی شەمەشی ئەدد لەدوای مردنی لێك هەڵوەشابوو، ئێستا ئیمپراتۆریەتی حامورابیش بەهۆی شۆڕشە لەرادەبەدەرەکان لەلایەن ئەو نەتەوانەی کە ئەو بەسەریاندا سەرکەوتبوو دەستی بەکشانەوە کرد. لە هەمان کاتدا نەتەوە کۆن و تازەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لە دۆخی جێگۆڕکێدا بوون. لە قۆناغە گەشەسەندووەکانی شەمشی ئەددو حامورابیدا دانیشتوانی ئەنادۆڵی ناوەندی دەوڵەتێکی سەربازی بەهێزی حیتی-یان

---

32 . oppenheim, Ancient Mesopotamia, p. 65.

دامەزراندبوو کە سەنتەری ئەوە لە دەوروبەری شاری (هتوشش) لە نزیك ڕووباری هالیس (قزل ئیرماق)دا بوو. هیتییەکان بەرەو باشور هێرشیان دەست پێکردو بۆ ماوەیەکی کورتیش لەسەرکەوتنێکی شایەنی ئاماژە بۆکردن سوودمەند بوون. لەشکرکێشی ئەوان بۆ تالآنکردنی بابل لە دەوروبەری ($1600$)ی پێش زاییندا ئەنجام درا، بەلآم بەتەواوی دوور لە چاوەڕوانی هیتییەکان بەخێرایی پاشەکشێیان کرد بۆ ئەنادۆڵ بەبێ ئەوەی دەستکەوتەکانی خۆیان بچەسپێنن. ئەو بۆشایی دەسەلآتەی ئەوان لەدوای خۆیان بەجێیان هێشتبوو نەتەوەکانی تر بەهەمان خێرایی پڕیان کردووە.

(کاسییەکان) دانیشتوانی توندڕەو و شەڕخوازی قەدپاڵی چیاکانی زاگرۆس لە ڕۆژهەلآتی نێوان دوو ڕووبارو باکوری عیلام هێرشیان کردە سەر دەشت و بابلیان داگیرکرد. کاسییەکان بەدرێژایی دوو سێ نەوە تەنانەت زیاتری ئاشورییەکان لەژێر کاریگەریی و دەسەلآتی بابلیدا بوون، بەتەواوی چەسپان و بوونە بابلی، تا ئەو شوێنە بەرەو پێشەوەچوون کە زمانی زگماکی خۆیان پشتگوێ خست بە قازانجی زمانی ئەکەدی کە لە بابلدا قسەی پێدەکرا.

## کۆمەڵە یاسایەکی حامورابی

**حامورابی فەرمانڕەوای بابل، کە لەسەدەی هەژدەیەمی پێش زاییندا ئاشوری بە پانتایی دەسەلآتی خۆیەوە لکاند، لەوانەیە زیاتر بەهۆی کۆمەڵە یاساکەیەوە (کە لەسەر بنەمای بڕیارە پێشینەکانی سۆمەری و ئەکەدی پێکهاتبوو) بەناوبانگ بێت. ئەم یاسایانە کاریگەری لەسەر سیستەمە قەزاییەکانی زۆربەی نەتەوەکانی دواتری نێوان دوو ڕووبار بەجێهێشت. لێرەدا چەند مادەیەك لە یاسا ناسراوەکانی ($282$) مادەی ئەو (بە گواستنەوەی لە نیلزئێم. بیلکی، لێکۆڵینەوەکانی لە مێژووی کۆن) دەگێڕینەوە:**

**1ـ ئەگەر پیاوێك تۆمەت بخاتە پاڵ پیاوێكی ترەوەو بەكوشتن تۆمەتباری بكات، بەڵام نەتوانێت ئەوە بسەلمێنێت، تۆمەت هەڵبەست حوكمی مەرگی بەسەردا دەسەپێندرێت.**

**5ـ ئەگەر دادوەر حوكمێك ڕابگەیەنێت- بڕیارێك بدات، (یان) ڕایەك دەربڕێت و دادوەرانە ئیمزاو مۆری بكات، لەدوای ئەوە حوكمی خۆی بگۆڕێت، بە دادوەرەوە پەیوەستە دەبێت وەڵامدەرەوە بێت... دەبێت دوانزە بەرامبەر پیَ بژێر (غرامە) كە لەو حوكمەدا هاتووە بدات.**

**22ـ ئەگەر پیاوێك تاوانی دزی بەسەردا ساغ بێتەوە، حوكمی مەرگی بەسەردا دەدرێت.**

**23ـ ئەگەر دز دەستگیرنەكرا، پیاوێك كە دزی لێكراوە لە بەردەم خودا دا باسیماڵە دزراوەكەی خۆی بكات، شارو حوكمڕانێك كە لە ویلایەتی ئەودایە... دەبێت هەموو ئەو شتانەی كە لێی دزراوە قەرەبووی بكەنەوە.**

**55ـ ئەگەر پیاوێك ڕێگای ئاوی خۆی بۆ ئاودێری بكاتەوەو لەوەدا كەمتەرخەمی بكات و ئاوی كێڵگەی دراوسێكەی بگرێت، دەبێت دانەوێڵەكە بداتەوە بە كێڵگەكەی دراوسێی لەسەر بنەمای (زیان پێگەیشتوو).**

**109ـ ئەگەر كەسە خراپەكان لە ماڵی شەرابفرۆشەكاندا كۆببنەوەو ئەو كەسە خراپانە دەستگیرنەكات و بۆ كۆشكی نەهێنێت، ئەو شەرابفرۆشە حوكمی بەسەردا دەدرێت.**

**195ـ ئەگەر كوڕێك لە باوكی بدات، دەستی دەبڕدرێت.**

**196ـ ئەگەر پیاوێك چاوی پیاوێكی تر كوێر بكات، چاوی كوێر دەكرێتەوە.**

**229ـ ئەگەر بەنایەك خانوو بۆ کەسێك دروست بکات و بیناکە بەعەیاری دروست بکات و خانووەکەی کە دروستی کردووە وێران بێت و ببێتە هۆی مردنی خاوەنەکەی، ئەو بەنایە حوکمی مەرگی بەسەردا دەدرێت.**

لەم ناوەدا ئاشور خۆی لەناو گێروگرفتەکانی چواردەوریدا کە بەشێوەیەك زۆربەی ڕۆژهەڵاتی نزیك بەسەر ئیمپراتۆریەتە یەکجار زۆرە بچووکەکان، بەڵام بە هەیبەتەکاندا دابەش دەکرا، بەگرفتاری بینییەوە.

لەلای باشوری ڕۆژهەڵاتییەوە بابل لەژێر کۆنترۆڵی کاسییەکاندا بوو کە بۆ ماوەیەك ئاشورییەکانی لەژێر دەستیدا پاراست بوو، لەلای باکوری ڕۆژئاواو ڕۆژئاوا هیتییەکان بوون کە دیسانەوە لە ئەنادۆڵەوە بەرەو باشور ڕێگەیان کردەوەو ئەم جارە سوریایان داگیرکردبوو، وە لەلای باشوری ڕۆژئاواوە میسرییەکانیان لەناکاو لەسەر زەوی دایکی خۆیان هاتنە دەرەوە، کۆنترۆڵی فەلەستینیان بەدەستەوە گرت و لەگەڵ هیتییەکاندا ڕووبەڕووبوونەوە. مەسەلەکانی تریش ئاڵۆزییەکانیان زیاد دەکرد: نەتەوەی شوێنخوازی تر بەناوی (هوریان) دەوڵەتی کاتی، بەڵام زۆر بەهێزیان لە کەنارەکانی سەرەوەی دیجلەدا دوروست کرد. لەبارەی ئەم پاشایەتییەوە کە بە میتانی ناودەبرێت لەگەڵ پایتەختەکەی (واسوگانی)، کە کەوتبووە نزیکەی (320) کیلۆمەتری باکوری ڕۆژئاوای ئاشورەوە، زانیاری زۆر لەبەردەستدا نییە، ئەوەی کە ساخبۆتەوە ئەوەیە کە ئاشور لە سەدەی پانزەیەمی پێش زاییندا کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەوەوەو وەفاداری بۆ سەرکردەکانی جەنگی میتانی ڕاگەیاند. لەم قۆناغە ناهەموارەدا کە زۆرجار مێژوونووسان ئەوە وەك یەکەمین قۆناغە تاریکەکانی نێوان دوو ڕووبار باس دەکەن، فەرمانڕەواکانی ناوچەی ئاشورو شارەکانی تری سەر خاکی ئاشور یەکسەر ئەو ناوانەن کە لە لەوحە کۆنەکاندا لەبارەی ئەوانەوە بۆ ئێمە باسکراوە. لەبارەی خودی ئەوانەو چارەنووسی سەرزەوی دایکیان لە دەوروبەری (1600) تا کۆتاییەکانی سەدەی (1300) پێش زایین تاڕادەیەك هیچ شتێك بە دڵنیاییەوە دیارنییە.

# یەکەمین قۆناغی گەورەی فراوان

لە دەوروبەری (1360)ی پێش زایینیدا تاریکی (هەم بەمانای دەگمەنی بەڵگە بەجێماوەکان و هەم سەرکەوتنی بێگانەکان بەسەر ناوچەی ئاشوردا) کتوپڕ نەما. تێکەڵاوییەك لە فشاری زۆری هیتییەکان لە باکورو شەڕی ناوخۆ لەنێوان خودی فەرمانڕەواکانی میتانیدا بووەهۆی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی پاشایەتی میتانی کە جارێکی تر ئاشوری بەسەربەخۆیی گەیاند. ئێستا پاشاکانی ئاشور یەکەمین قۆناغی گەورەی ئیمپراتۆریەت و فراوانی خۆیان دەست پێکرد، کە یەکەمینی ئەوانە (ئاشور ئوبالیتی یەکەم) (لەدەوروبەری 1365-1330ی پێش زایینیدا) بوو کە بەشە گەورەکانی لە پانتایی دەسەڵاتی پێشووی میتانی خستە ژێر دەستی خۆیەوە.

لەم کاتە بەدواوە سیاسەتی دەرەوەو سەربازی ئاشور لە سێ جەبهەی سەرەکیدا کاری پێکرا. یەکەم بریتی بوو لە کەوانی پانی قەدپاڵی چیاکان کە لە مەرزی هیتی لە باکوری رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەڵات و لە رێگای ئەرمەنستان تا چیاکانی زاگرۆس درێژ دەبۆوە. بەردەوام ئاشورییەکان بە هێرشە قەبارە بچووکەکانیان دەستدرێژیان دەکرد بۆ ناو ئەم تەپۆڵکانەی باکورو دیلەکانی جەنگ و ئەسپ و موڵك و ماڵەکانی تریان وەك دەستکەوت دەبرد. ئەوانە قەڵاکان و جادەکانیشیان دروست کرد بۆئەوەی کە لە رێگای ئەوانەوە بەرگریی لە سنوری خۆیان بکەن لە بەرامبەر هێرشە ناوبەناوەکانی نەتەوە زیادەڕۆیە جۆراوجۆرەکاندا.

(شەلم نەصری یەکەم) (لە دەوروبەری 1274 – 1245ی پێش زایینیدا) دەستیکرد بە لەشکرکێشییەکی فراوان کە ئەنجامی ئەوە تێکشکانی یەکجارەکی خێڵەکانی باکورو

ئیئتلافی هێزەکانی دوژمن بوو کە هەموو هێزە بەکرێگیراوەکانی هیتیشی لەخۆ دەگرت. بەپێی یەکێك لە نووسراوەکانی شەلم نەصر:

**(شا توارا پاشای (هانی)و سوپای هیتییەکان و (ئاهلامۆم) لەگەلّ ئەودا گەمارۆیدا. ئەو دەروازەکان و رێگای دابینکردنی ئاوی منی بڕی. سوپاکەم بەهۆی تینویەتی و ماندویەتییەوە دلێرانە پێشڕەوییان بۆ ناو ریزی سەربازەکانی ئەوان کردو من بەجدی جەنگام و ئەوانم تێك شکاند... ژمارەیەکی بێ شومارم کوشت, لە زۆریانم کەم کردەوە، (14.400) کەسم لەوانە لەناوبردو زیندووەکانم بەدیل گرت. نۆ قەلاّی سەربازی و پایتەختەکەیم داگیرکرد. سوپای هیتییەکان و ئاهلامی و پشتیوانەکانیم وەك مەڕ کەولّ کرد.) [33]**

دووەمین جەبهەی گەورەی ئاشور لە مەرزی بەردەوام گۆڕاوی لەگەلّ ولاّتی بابل لە باشوری ڕۆژهەلاّتدا بوو. کێشەوگێروگرفتە لەڕادەبەدەرەکان لەنێوان ئەم دوو دەسەلاّتەدا بە داگیرکردنی بابل لەلایەن پاشای بەهێزی ئاشور (توکولتی نینورتایی یەکەم) (لەدەوروبەری 1244 – 1208) پێش زاییندا لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتییەکەیدا ئەنجام درا. لە نووسراوێکدا بەخۆیدا هەلّدەدات:

**(بە پشت بەستن بەخوا گەورەکان، ئاشورو ئینلیل و شەمەش... کە لەپێشی پێشەوەی سوپاکەمدا لە جوولّەدا بوون کاشتیلاش پاشای بابل، ناچارم کرد شەڕەکە بەجێبهێلّێت. سوپاکانیم تێکشکاند... کاشتیلاش پاشای کاسیم بەدیل گرت. وەك ژێرقاچێك قاچم لەسەر ملی دانا. ئەوم بە ڕووتی و قۆلّبەستراوی برد بۆ بەردەم خواکەم ئاشور. سۆمەرو ئەکەدم هەتاوەکو دوورترین سنورەکانم خستە ژێر دەسەلاّتی خۆمەوە.) [34]**

بەهۆی سەرکەوتنی ئاشورییەکان بەسەر ڕکەبەری دێرینی خۆیاندا، کە بناغەی ئەوانە نوقمی لە خۆباییبوون و شانازیکردن بوون، تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت توانییان بابل و پانتاییەکانی ئەوە بپارێزن. پیاوماقولّەکانی کاسی–بابلی ڕاپەڕین و شۆڕشیان کردو

---

[33] . Quoted in luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol. 1, p. 40.

[34] . Quoted in lucken bill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol. 1, p. 51.

کۆنترۆڵی شارەکەیان دووبارە بەدەستەوە گرت. ماوەیەکی کەم لەدوای ئەوە پاشایەکی بەهێزی عیلامی بابلی گرت و بنەماڵەی فەرمانڕەواکانی کاسی بەگشتی ڕیشەکێش کردو پیرۆزترین پەیکەری خوای مەردۆکی سەرکەوتووانە گەڕاندەوە بۆ (شوش).

لە سێیەمین جەبهەی گەورەی جەنگدا دالآنی ڕۆژئاوا بەرەو سوریاو دەریای ناوەڕاست، ئاشور دەستی بە هێرشە بەردەوامەکان کرد. ئەوان لە ڕۆژگارێکدا پاتتایی دەسەڵاتیان گرت و لە دەستیان داو پاشان گرتیانەوە. لەسەرەتادا سوودیان وەرگرت لە کێشەو گیروگرفتی هیتییەکان و میسرییەکان لەسەر موڵکدارێتی فەلەستین و سوریا. ئەم ڕکەبەرییە لە بەیەکدادانێکی خوێناویدا لە (قادش)- (لە باشوری سوریا) لە دەوروبەری (1285)ی پێش زایینیدا بە لوتکەی خۆی گەیشت، کە یەکێك بوو لە گەورەترین شەڕەکانی قۆناغی کۆن, بەڵام ئەنجامێکی یەکجارەکی بەدەست نەهات. لەدوای شانزە ساڵ ئەم دوژمنانە ڕێکەوتنامەیەکیان ئیمزا کرد، لەوانەیە هەر لەبەرئەوە بووبێت, چونکە هەردووکیان لە دەسەڵاتی ڕوولە گەشەی ئاشور دەترسان, بەڵگەی تەواویان بۆ ئەم ترسە هەبوو. پاشای ئاشور (ئەدد نیراری یەکەم) (لە دەوروبەری 1305 - 1274ی پێش زایینیدا) گەیشت بە (کرکەمیش) لە باکوری سوریاو کەمتر لە (145) کیلۆمەتری دەریا، بەو شێوەیە جێنشینە بێ واستەکەی شەلم نەصریش ئەمەی کرد، ئەم فتوحاتەو فتوحاتەکانی دواتری ئاشور مەترسییەکی تاڕادەیەك هەمیشەیی بوو نە تەنیا بۆ هێزە گەورەکانی وەك میسرو هیتی، بەڵکو بۆ پایەداریی و چەسپاوی زۆربەی پاشایەتییە بچووکەکانی ناوچەکە، لەوانە یەکەمین دەوڵەتەکانی ئیسرایل و یەهوداش.

## بەڵای لەناکاو

بەڵام ئەم جۆرە پێشهاتە کە هاوسەنگی ئاڵۆزی دەسەڵاتی لە ناوچەکەدا لەناکاو بەیەکدادا لە دەوروبەری ($1200$)ی پێش زایین، کە لەم بارەیەوە هێرشکەرە ئاشورییەکان گوناحبار نەبوون. تاڕادەیەك لەوکاتەدا ئەو بەشانەی باکورو باشوری ڕۆژهەڵاتی نزیك بەهەمان شێوە ناوچە فراوانەکانی سەر زەوییەکانی ئەولای دەریای ناوەڕاست گرفتاری ئاشوبی چاوەڕوان نەکراو بۆوە بە فراوانییەکی بێپێشینە. سەرتاسەری ئەم ناوچەیە تاڕادەیەك هەموو شارو شارۆچکە سەرەکییەکان تاڵان کران و سووتان و وێران بوون، کە زۆربەی ئەوانە ئیتر هیچ کاتێك ئاوەدان نەکرانەوە، (هتوشش)و ناوەندە گرنگەکانی تری هیتی بەشێك بوون لەوانە، کە بووە هۆی لێکهەڵوەشانی لەناکاوو تەواوی هیتی، ئوگاریت و بەندەرە قەرەباڵغ و بەشکۆکانی سوریاو فەلەستین تاڵان کران وێران بوون، لە باکوری ڕۆژئاوای ناوچە دوورەدەستەکاندا، میسن و پانتایی دەسەڵاتەکانی تری چاخی کۆن ڕووبەڕووی چارەنووسێکی هاوشێوە بوونەوە، لە هەمان کاتدا میسریش کەوتە بەر هێرشە ڕاستەوخۆکانی فەوجە دەریاییەکان کە بە ئەوانەیان دەوت (خەڵکانی دەریا)و میسرییەکان سەرکەوتن و توانییان بە زەحمەت و گیان فیدایی زۆر پاشەکشێ بە ئەوانە بکەن.

توێژەرانی مێژوو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم کارەساتە فراوانە بیرۆکەکانیان پێشکەش کردووە. هەندێك ڕای وایە کە گەشەی خێرای کۆمەڵە خێڵە نیوە کێوییەکانی دانیشتووی (ئۆراسیا) (زەوی دەشتەکییەکان و پانتاییە فراوانەکانی باکوری دەریاکانی ڕەش و خەزەر) بووەهۆی ئەوەی کە ئەوانە بەدوای ناوچەی تازەدا بەرەو باشور کۆچ بکەن و لەسەر ڕێگاکەیاندا هەموو شتێك وێران بکەن. ئەوانی تر لەو باوەڕەدان کە هۆکارەکانی هەرێمایەتی وەك قۆناغێکی دوورودرێژی وشکەساڵی بۆتە هۆی ئەم کۆچە فراوانانە.

بیرۆکەیەکی تر پشتگیری بۆچوونی کۆچە فراوانەکان ناکات و لەجیاتی ئەوە ئەم بۆچوونە دەردەبڕێت کە بەشێکی گەورەی ئەو وێرانکارییانە لەئەنجامی کێشەو گیروگرفتە ناوخۆییەکان و دابەزینی ئاستی ئابوری و قەیرانەکانی تر لەناو خودی دەوڵەتەکانی رۆژهەلاتی نزیکدا بوو کە ئەوکاتە نەتەوەکان کەمتر سوودیان لە شارستانیەتی دەوروبەر وەرگرت. دیسانەوە (رابت دیروز) لە زانکۆی (واندربیت) تازە بۆچوونێکی تری پێشنیار کردووە کە داهێنانە سەربازییەکان لەناو ئەم نەتەوانەی (دەوروبەری)دا لەناکاو ئەم توانایەی بە سەربازانی پیادەی ئەوان دا کە سوپا ئەو گالیسکەسوارانەی بەدرێژایی سەدەکان پالپشتی سوپاکانی رۆژهەلاتی نزیك بوون تێکشکاند[35]

هۆی ئەم بەلایانە هەرچییەك بێت بە وتەی دیروز (ئاشورو شارەکانی تری دەوربەری ناوەندی ئیمپراتۆریەتی ئاشور زیانیان لەم کارەساتە بەرنەکەوت.)[36] لەوانەیە پێگەی جوگرافی دەوروبەری ناوەندی ئاشور کە سەدان کیلۆمەتر لە ناوچەی وێرانبووەوە دوور بوو بووبێتە هۆی ئەوەی لە زیان بەدوور بێت. بەهەرحاڵ بە نەمانی هیتی لەسەر نەخشە پاشاگەردانی لە فەلەستین و لاوازبوونی کاتی میسر بەهۆی هێرشی خەلکانی دەریاوە، ئێستا ئاشور تەنیا هێزی گەورەی بەجێماو بوو لە پانتایی رۆژئاوای رۆژهەلاتی نزیکدا. لەراستیدا ئەم ئیمتیازە ئەوەندەی کە بەرچاو دەکەوێت گەورە نەبوو، چونکە ئاژاوەکان و بێ سەروبەرەییەکانی ئەم کارەساتە بووەهۆی ئەوەی چەندان نەتەوەی ناوچەکە کە لەوەوپێش ئەوەندە بایەخ و گرنگیان نەبوو لەپڕ بوونە خاوەنی دەسەلات و پێگەی کاریگەر.

---

[35] ـ لەناو ئەم داهێنانە زیرەکییانەدا، تاکتیکی نوێی (هێرش) هەلدەرانی نەیزە بۆ گالیسکەکان و سەرنشینەکانی ئەوان بوو، کە ئەوانەی لەکار دەخست، دیسانەوە هەلبژاردنی زرێپۆشی پارێزەر لەلایەن سەربازە پیادەکانەوە، چوونە ناو مەیدانی ئەو شمشێرە نوێیانەی کە زەربیاتی تۆقێنەری تری هەبوو، بڕوانە ئەمە:

Robert Drewsm The End of the Bronze Age: Changes in Warfare and the Catastroph ca. 1200 B. C Princeton university press, 1993.

[36] . Drewsm The End of the Bronze Age, P. 18.



**فەوجێك لە (بەربەرە) نەناسراوەكان هێرش بۆچواردەوری پانتایی دەسەلاتی ئاشوردەبەن. ئاشور بەشێوەیەك توانی خۆی ڕزگار بكات لەو شەپۆلە ئاشوبە وێرانكارەی كە هیتی لەسەر نەخشە ونكرد و زۆربەی شارە بەهێزەكانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەلاتی نزیكی وێرانكرد لە دەوروبەری (1200)ی پێش**

ئارامییەكان و خێڵەكانی دانیشتووی بیابانی سوریا لەوانەبوون كە ئێستا بە ڕێگر دەژمێردرێن لەسەر ڕێگای فراوانخوازی ئاشور. پرۆفیسۆر (ڕۆكس) ڕوونی دەكاتەوە:

**(بەهۆی لێكهەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی هیتی بۆشایی لە سوریادا دروستبووبوو.. ئارامییەكانی هاندا كە هێرش بكەنە سەر پشت كەنارەكانی سوریا، بە فوراتدا تێبپەڕن، كاریگەری لەقووڵایی نێوان دوو ڕووباردا دروست بكەن و لەوێدا تۆڕێك لە پاشایەتی گەورەو بچووك پێكبهێنن كە لە ئەڵقەیەكی تەسكدا ئاشورو بابل گەمارۆ بدەن.)**[37]

نیشانەی جدی كاریگەری بەردەوام ڕوو لە زیادبوونی ئارامییەكان ئەو ڕاستییە بوو كە زمانیان ئارامی (زمانی سامی كە ئەلفوبێی ئەوە بە بەراورد لەگەڵ خەتی بەدقەوارەی

---

[37] . Rouxm Ancient Iraq. P. 247.

بزماریدا سادە بوو) بەهەموو شوێنێکدا بلاوبێتەوە، بکەوێتە پێشبڕکێوە لەگەڵ ئاشورییەکان و ئەکەدییەکاندا، لەئەنجامدا لەدوای لەناوچوونی ئیمپڕاتۆریەتی ئاشور بەشێوەی زمانێکی ستاندەر لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی نزیکدا دەرکەوێت.

## سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی ئاشوردا

لەگەڵ ئەو ڕێگریانەی کە ئارامییەکان و نەتەوە تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکانی تر لەسەر ڕێگای فراوان بوونی ئاشور دروستیان کرد، پاشاکانی ئاشور بەو شێوەیە درێژەیان بە هێرشە سەربازییە کتوپڕە شەوانەییە سالآنەییەکانی خۆیان دا، جارجار سودمەند دەبوون لەو سەرکەوتنانەی کە شایەنی ئاماژەبۆکردنە.


بەرچاوترین پێشڕەوییەکانی ئەم قۆناغە ئەوەی (تیگلات پیلصەری یەکەم) بوو لە دەوروبەری (1115-1077)ی پێش زایینداکە پانتایی دەسەڵاتی خۆی لە هەر سێ جەبهە سەرەکییەکەدا فراوان کرد[38]. ئەو لە جەبهەی باکورەوە دەستی پێکردو یەکەم هێرشی تاکەکانی خێڵەکانی ئەنادۆڵ و موشکییەکان کە نەینەوایان دەخستە مەترسییەوە تێکشکاند, پاشان بەسەر خێڵە هێرشبەرەکانی تری ناوجەرگەی قەدپاڵی چیاکانی ئەرمەنستان لە باکوری دەریاچەی وان دا سەرکەوت. لە جەبهەی ڕۆژئاوادا لە دژی ئارامییەکان هەستا، ئەوانەی لە فوڕات دوورخستەوەو هەندێك لە سەنگەرەکانی ئەوانەی داگیرکرد. ئەو لەم چالاکییە جەنگیانەیدا سەرکەوت، خەونی دێرینی ئاشورییەکانی کرد بە

---

[38]- مێژوونووسەکانی ئەمڕۆ لە ڕیوایەتەکانی عیبریدا ناوی زۆر لە پاشاکانی ئاشور بەکاردەهێنن (چونکە چاخی کۆن (عتیق)ی عیبری ماوەیەکی دوورودرێژ سەرچاوەی سەرەکی ئەم ناوانە بوو)، لەم بارەیەوە تیگلات پیلصەر شێوەی عیبری ناوی ئەسڵی ئاشور توکولتی – ئیپل – ئیشارەیە بەواتای (تەوەکەلی من بە کوڕی خوایی ئیشارا ئاشورە)

حەقیقەت لەبارەی دەستگەیشتنیان بە کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست (کە شەمەشی ئەدد حەوت سەدە لەوەوپێش بۆ ماوەیەکی کورت بەو ئامانجە گەیشتبوو)

توانی باج لە (بیبلوس و سیدون)و شارەکانی تری فینقی وەربگرێت. لەکۆتاییدا لە جەبهەی باشور تیگلات پیلصەر بە داگیرکردنی بابل ڕەهەندی زیاتری بەدەست هێنا، بەڵام بەڕووکەش لەم هێرشەدا شتی زیاتری بەدەست نەهێنا، چونکە درێژەی بە فتوحاتی زیاتر نەدا لە پانتایی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بابلدا.



وێنەیەکی داتاشراوی بە ناوبانگ لە کۆشکی نەینەوادا هێزەکانی تیگلات پیلصەر پیشان دەدات لەکاتی هێرشکردنە سەر شارێکی دوژمن. جەستەی دیلەکانی دوژمن بەتیرە بچووکەکانەوە هەڵواسراوە (بەشی سەرەوە، لای چەپ).

تیگلات پیلصەر سەرکەوتووانە سنورەکانی ئاشوری تا گەورەترین ڕادە هەتا ئەو سەردەمە پێی گەیشتبوو فراوان کرد. بەم شێوەیە ئەوەی کە ئەوو کەسانی پێشوویان بە ئەرکی خۆیان بەرامبەر بەهی خواکانیان دەزانی-واتە دلێریتی و فراوانکردنی سنور- جلوەرگی ئیشیان بۆ دەپۆشی. لەناو بەڵگە بەجێماوەکانی قۆناغەکانی پاشایەتی ئەودا دەقێك ڕایدەگەیەنێت:

(ئاشورو خوا گەورەکان کە پاشایەتی منیان بە مەزنی دروست کردووەو دەسەڵات و توانایان بە من بەخشیووە, فەرمانیاندا کەسنوری ناوچەکانیان فراوان بکەم، وە چەکی بەهێزیان خستە بەردەستم، لە شەڕێکی بێ ئاگایانەدا سەر زەوییەکان و چیاکان و شارەکان و شازادەکانی دوژمنەکانی ئاشورم خستە ژێر دەسەڵاتی خۆمەوە. دەستم بەسەر پانتایی دەسەڵاتیاندا گرت... بە ناوچەی ئاشور زەوی و بە خەڵکەکانی قەرەباڵغیم زیاد کرد،سنوری ناوچەکانم فراوان کرد، هەموو ناوچەکانی ئەوانم خستە ژێر دەسەڵاتی خۆمەوە.)[39]

[39] . Quoted in Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol. 1, pp. 73-74.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەهەمان شێوەی کە زۆرجار لە ڕابردوودا ڕوویدابوو، ئەم پێشڕەوییە کاتیانە لەکارکەوت. تیگلات پیلصەر لە دەوروبەری (1077)ی پێش زایینندا کوژراو جێنشینەکانی کە زۆر لەو کەمتر هێزو شایستەییان هەبوو نەیانتوانی یەکپارچەیی ئەم جۆرە پانتاییە دەسەڵاتە فراوانە بپارێزن، کە نەتەوەی زۆر جۆراوجۆر لەوێدا نیشتەجێ بوون. ئەوەبوو کە ئەم قەڵەمڕەوی دەسەڵاتە بەخێرایی کەمبۆوەو ئەو ناوچانەی کە داگیریان کردبوو یەك لەدوای یەك لەدەستیان دا تاگەیشتە ئەوەی کە لە دەوروبەری شازە دەیی لەدوای مردنی تیگلات پیلصەر هەموو ئەوەی کە مابۆوە چەقی ناوەندو هەمیشەیی ئیمپڕاتۆریەتی ئاشوربوو کە کەوتبووە دەوروبەری ئاشورو نەینەواوە.

ئەم دەیانە، کە لە بارەیەوە زانیاری کەمە دووەمین قۆناغە تاریکەکانی نێوان دوو ڕووبار پێك دەهێنێت. نیشانە دەستکەوتووەکان دەربڕی ئەوەیە کە بەدرێژایی ئەم ساڵانە ڕۆژهەڵاتی نزیك گرفتاری بێ سەوربەرەبی ناوخۆیی و سیل و وشکەساڵی و هەژاری و دەردەسەری زۆر بووبۆوە. لە جەبهەی سیاسیدا بەئارامیگرتنی ئیمپراتۆریەتەکانی ئاشورو بابل ئارامییەکان و نەتەوە نیمچە کۆچەرییەکانی تر توانییان دەستکەوتی کاتی بەدەست بهێنن. بێشك ئەوانە گومانیان لەوەبوو کە ڕۆژگارێك ئاشور وەك هێزێکی گەورە دەرکەوتووەو ئەوانە بەزووی دوایەمین پاشماوەکانی ئەوەیان هەڵکەندو لەوە خۆیان دروست دەکەنەوە. ئەوان لە کوێوە دەیانزانی کە ئاشور بەپێچەوانەی سۆمەرو میتانی و هیتی و زۆری تر لە پاشایەتییەکانی ڕۆژگاری گەورەی نێوان دوو ڕووبار بۆهەمیشە لە خامۆشی و فەرامۆشیدا نەچۆتە خوارەوە, بەپێچەوانەوە پێشەوایانی ئاشور لە دەرگای بەرخۆداندا کۆرپەی میللیگەرایی و فراوانخوازی بوون کە ڕۆژهەڵاتی نزیکی لەناخەوە بۆ جۆرێکی تر دەگۆڕی و ترسی دەخستە دڵی هەموو نەتەوەکانی ئەوەوە.

# بەشی سێیەم
# ناوێك كە جارێكی تر ترس دەكەن:
# ئاشور سەرلەنوێ پێدەگێڕێتەوە

بەدرێژایی نزیكەی (160) ساڵی دووەمین و بێ تروسكەترین قۆناغی تاریكی ئاشور، پانتایی دەسەڵاتی ئەوە، ئەو كاتە شایەنی ئاماژەبۆكردن بوو بەوشێوەیە ڕووی لە سستی كرد. بەدەستپێكردنی دوایەمین دەیەی سەدەی دەیەمی پێش زایین ئەم وڵاتە بەنزمترین ئاستی دەسەڵات و پانتایی فەرمانڕەوایی خۆی گەیشت لە سەردەمی سەربەخۆیی یەكەمییەوە كە زیاتر لە هەزار ساڵ لەوەوپێش پێی گەیشت بوو, ئێستا تەنیا خاوەنی ناوچەی ئەسڵی خۆی بوو كە ئەوپەڕی (160) كیلۆمەتر درێژی و (80) كیلۆمەتر پانی ئەوەبوو، لە شوێنی بەیەكگەیشتنی دیجلەو زێی سەروودا بوو، بەڵام ئاشورییەكان شتێك زیاتر لە پوختەی ئەو زەوییانەی كە لە سەردەمی تیگلات پیلصەرو ڕابردوودا داگیریان كردبوو لە دەستیاندا. ئەوان كۆنترۆڵی ڕێگا زۆر گرنگەكانی بازرگانییان لەدەستدابوو كە بە ناوچە دەشتەكییەكان لە ڕۆژئاواو دەروازە شاخاوییەكان لە باكوردا تێدەپەڕی، ئەمە مانای ئەوەبوو كە تێكچوونی باری ئابوری درەنگ یان زوو تەنگپێهەڵچنە, لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەم بەدبەختیانەوە ئاشور خاوەنی هەندێك دەستمایەی گرنگ بوو كە ئەگەر بە ڕێكوپێكی سودی لێوەربگیرایە دەیتوانی ئامادەییەكی گەورەی شاراوە بەئەنجام بگەیەنێت. شارە سەرەكییەكانی هێشتا ئازادبوون جەنگاوەرەكانی بەهۆی ساڵانێك چالاكی سەختی سەربازییەوە بەشێوازێكی ڕێكوپێك پەروەردە كرابوون لە دنیای ناسراوی ئەو ڕۆژگارەدا

سەرسەخترین و دڵڕەقترین بوون، بنەماڵە حوکمڕانەکەی لەدوای زیاتر لە دوو سەدە هێشتا



پێنج ڕیز وێنەی بەناوبانگ لەم تاقە ستوونە ڕەشەدا پیشاندراوە، یادەوەری سەرکەوتنەکانی شا (شەلم نەصر)ی سێیەمە نەتەوە تێکشکاوەکان لەکاتی دانی باج پێی پیشان دەدات. (ییهو) پاشای ئیسرایل لەناو ئەم دوژمنانەدا تێکشکاوە.

دەست لێنەدراوبوون و ئەندامەکانی ئەو ڕێکەوتنە دەستکەوتووە پڕ شانازییەکانیان بە زیندوویی دەپاراست. لە ئەدد نیراری دووەم لە دەوروبەری (911 – 891)ی پێش زایین بەدواوە زنجیرەیەك پاشای بەهێز لەسەر ئەم ڕێکەوتنە مانەوەو ئاشوریان گۆڕی بۆ فراوانترین و ترسناکترین ئیمپراتۆریەت کە جیهان تا ئەو کاتە بەخۆیەوە بینیبووی, بەڵام وەسفی داگیرکاری ئەم ئیمپراتۆریەتە گەورەیە بەشێوەی هەنگاونانێکی بەرنامە بۆداڕێژراو ڕێکخرابوو، کە لەوەی هەموو پاشایەك پرۆژەیەکی فراوانخوازی وردو زیادکردنی ناوچە تازەکانی بۆ سەر پانتایی دەسەڵاتەکەی بەدوادا دەهات گومراکەرە. ئەگەرچی پاشاکانی ئاشور بەگشتی ئامانجی یەکسانیان هەبوو— دەستکردن بە جەنگ و دەستکەوتی فتوحات- بەڵام ئەم ئامانجانە ئاسایی کورتخایەن و کەمتر ناسرابوون. بەو شێوەیەی پرۆفیسۆر ڕۆکس باسی دەکات:

**ئەو جەنگانەی کە هەموو ساڵێك پاشاکانی ئاشور پێوەی خەریك دەبوون... سێ هۆکاری جیاواز، ئەگەرچی بە تەواوی بەیەکەوە ئاڵابوون... ئەم جەنگانە لە بنەڕەتدا بەرگرییان زیاتر ڕێگریێك بوو کە ئامانج لەوانە پاراستنی (سەر زەوی خوای ئاشور) لە بەرامبەر دوژمنەکانی دراوسێیدا بوو. ئەو کاتە لەو شوێنەی کە چالاکییە جەنگییە سەرکەوتووەکان بەمانای بەدیلگرتن و بەدەستهێنانی دەستکەوتە جەنگییەکان بوو، لەوێدا کە وڵاتێك تێك دەشکا ناچار دەکرا بەدانی باج بەڕێکوپێکی، ئەم جەنگانە تاڵانکەرانە بوون, لەبەرئەوەی کە وڵاتە بێگانەکان دەکرا تاڵان بکرێت و ئەوانە حەزیان دەکرد نرخی سەربەخۆیی خۆیان بزانن، پێویستیان بە داگیرکاری و فەرمانڕەوایەتی نەبوو بەسەر ئەواندا. دوایەمین، بەڵام نەك کەم بایەخترین هۆکاری پشتەوەی ئەم لەشکرکێشییانە، هۆکارێکی مەزهەبی و تاڕادەیەك ئەخلاقی بوو... دوژمنانی شا دوژمنانی خودابوون، ئەوانە (شەیتانە شەڕانییەکان بوون کە دەبووا سزا بدرێن)[40].**

سەرەڕای ئەمە، هەموو چالاکییەکی جەنگی لە ڕوانگەیەکەوە لایەنێکی بەرگریکردن لەخۆی هەبوو، لەڕوانگەیەکی ترەوە لەپێناو تاڵانکاریدا بوو، وە لە ڕوانگەیەکی تریشەوە بە جیهادێکی مەزهەبی دەژمێردرا، لەو شوێنەی کە جیهاد بەناوی خواوە ئەنجام دەدرا، سوودوەرگرتن لە هەموو هۆکارێك بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن، هەرچەندە بێ ڕەحمانەو دڕندانە بوایە بەڕەوا دەژمێردرا. ئەم ڕێبازی ستەمکارییانە یاسایی بوون کە ئاشورییەکان بەوە ناسران. (ناحومی عیبری) لەدواییدا باسی دەکات:

**(لێدانی قامچییەکان و خڕەخڕی چەرخەکان، ئەسپە هەوسار بڕاوەکان و پەرش و بڵاوبوونەوەی گالیسکەکان! زۆری کوژراوەکان و تێکڕژانی جەستەکان و لاشەی بێ سەری مردووەکان... ئەوانە لەکاتی تێپەڕین بەسەر جەستەکاندا بە تەقلە دەکەون!)[41]**

---

[40] . Roux, Ancient Iraq, p. 264.
[41] . Nahum, in Bible, 3: 2-3.

## پێکهاتنی ئیمپراتۆریەتێك لەسەر بنچینەی پێویستی

لەڕاستیدا شێوازەکان و سیاسەتە بەردەوامەکانی هێرشکردن بێ ڕەحمانەو زۆرجار دڕندانە تایبەتمەندی هەموو سەرکردە تازەکانی ئاشورن، لەوانە (ئەدد نیراری دووەم) کە بووە مایەی سەرلەنوێکردنەوەی ژیانی لەناکاو لەم وڵاتەدا، ئەو دەڵێت:

**" ئەو بەهێزی شەڕانییە، کە شارەکانی لەناودەبرد، کە زۆربەی ناوچەکانی دەسووتاند منم. قارەمانێکی بەهێز کە دوژمنەکان تەفروتونا دەکات و شەڕەنگێزەکان و خراپەکارەکانی لە ئاگری توڕەیی خۆیدا دەسووتاند منم... وەك تۆفان هێرش دەبەم. وەك لێزمەوهەور دەناڵێنم... وەك توربەکەمیندا دەردەچم... خاوەن سەردەم و ڕۆژگارەکانی هەرچوارلای (جیهان) بەناوهێنانی پڕ هەیبەتم لە خۆیانەوە دەلەرزن."[42]**

دەبێت بووترێت کە ئەم ئاگادارکردنەوانە، کە بۆ کردنە ژێرکاریگەریی و ترساندنی هاوپەیمانەکانی داڕێژدرابوو بەلایەنی کەمەوە زیادەڕۆیی بوو، بەدڵنیاییەوە ئەدد نیراری بەتواناترین و گەورەترین داگیرکارە نوێکانی ئاشور نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەکردنە دەرەوەی ئارامییەکان لە دۆڵی ڕووباری دیجلەدا داگیرکردنی بەردەوامی ئەو شارە لەدەستچووانەی وڵات لە دەشتەکانی ڕۆژئاوای دیجلەدا ئاوەدانکردنەوەی هەندێك لە شارە کۆن و وێرانبووەکان نەزانانە بەشی کۆتایی و پڕشکۆی مێژووی دووروودرێژی ئاشوری کردەوە. ئەو بەخۆیدا هەڵ دەدات کە:

**(تێکشکانی بیابانشینەکان، ئارامییەکان بەئەنجام گەیەنرا... من ئەوکەسەم کە شارەکانی (هیت و ئیدوو زاکۆ)و پێگەکانی ئاشورم بۆ پانتای دەسەڵاتی ئەم ناوچەیەم گەڕاندەوە... شاری کۆنی (ئاپکۆ) کە**

---

[42] . Quoted in Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylona, vol. 1, p. 110.

**پاشاکانی پێش من دروستیان کردبوو، ڕووی لە نەمان کردبوو گۆڕابوو بۆ تەپۆڵکەیەك لە وێرانی. ئەو شارەم ئاوەدان کردەوە . . . من ئەوەم جوان و بەشکۆو گەورەتر لە یەکەمجاری دروست کرد)** [43].

جێنشینەکانی ئەدد نیراری هەمیشە ئەم مانشێتی (گەورەتر لە یەکەمجاری)یان بەکاردەهێناو هەریەکێکیان تێدەکۆشان لە ڕێگای پێشکەوتنەکانی سەربازیی و بەرنامەکانی بیناسازی (چ بینا نوێکان و چ نوێکردنەوەی بیناکۆنەکان) خۆی و خوای ئاشور گەورەو شایەنی ستایش پیشان بدەن. وەك کوڕەکەی (توکولتی –نینورتایی دووەم) لە دەوروبەری (890 – 844)ی پێش زایینەدا هەم دەستکەوتەکانی ئەوی چەسپاندو هەم دیوارەکانی بەرگریی شاری ئاشوری چاککردەوە. هەموو پاشایەکی نوێ بە هێرشەکان و لەشکرکێشییە سنوردارەکانی تاڕادەیەك سالآنەوە خەریك دەبوو، کەمێك ناوچەی زیاتری و چەند شارێکی تازەتری بۆ پانتایی دەسەڵاتی خۆی زیاد دەکرد. لەسەرەتادا سەرەڕای ڕێوڕەسمی کۆن زۆربەی شارەکان و نەتەوە داگیرکراوەکان فەرمانڕەوایەتی ناوچەکەی خۆیان دەپاراست و ئەوانە ژێردەستەو فەرمانبەری پاشای ئاشور بوون، بەلآم هەرچی پانتایی دەسەڵاتی پاشایەتییە زیاتر فراوان دەبوو، کۆکردنەوەی باجەکان لە ناوچە دوورەکان و سەرکوتکردنی شۆڕشەکان لەوانەدا دژوارتر دەبوو. سەرەڕایی ئەوە بەرژەوەندی زیاتر لەوەدایە کە زۆربەی ئەم ناوچانە بەشێوەی ویلایەتە ڕەسمییەکان دەربکەون، لەلایەن پاشای ئاشورەوە بەسەر هەر یەکێکیان فەرماندەیەکی ئاشوری دانرا کە حوکم بکات. بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتێکی ڕاستەقینە لەگەڵ دەزگایەکی کارگێڕی ئاڵۆزدا وردەوردە لەسەر بنچینەی پێویستی پێکهات.

سیستەمێکی ئابوری کە ئاشور بەسەر ویلایەتەکانی خۆیدا دەسەپاند بێ پێچوپەنا سەربەخۆ و سەختگیرانە بوو، مادەکانی خۆراك و گیانەوەرە ماڵییەکان و کاڵا گرانبەهاکان

---

[43] . Quoted in luckenbill, Ancient Records of Assyria and Baby lonia, vol. 1, p.111.

و کاڵاکانی ترو زەخیرەکان بەردەوام لە ناوچە دوورەکانەوە بۆ ناو ناوچەی ناوەندی ئیمپراتۆریەت ڕەوانە دەکران، بەڵام ئەوەی بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خەڵکە زیان لێکەوتووانە ڕەوانە دەکرا زۆر کەم بوو. ڕۆکس باسی دەکات:

**(ئاشورییەکان زۆریان وەردەگرت و زۆر کەمیان دەدا، ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە لەکاتێکدا دەوڵەت دەوڵەمەند بوو پەیڕەوکارە دوورکەوتووەکانی دەستبەتاڵ و لەئەنجامدا تاڕادەیەك هەمیشە لە دۆخی شۆڕشدا بوون.)**[44]

دەوڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە شۆڕشانەو بەشێوەیەکی گشتی بۆ بەئارامی پاراستنی کۆمەڵانی ناوچەکە تۆڕێك لە سیخوڕەکان و بارەگا سەربازییەکان ملکەچانە دەیانپاراست و بەم کارەش ئەوان بەناچاری و بێ چەندوچوون جێبەجێکەر دەبوون. کاتێك کە دەردەکەوت تاکەکان یان گروپە ناسەربەخۆکان سەرکەشی دەکەن، هەندێکجار ڕابەرانی ئاشور ئەوانەیان دەکوشت، بەڵام زۆرجار یەکسەر ئەوانە ناچاردەکران ناوچەکەی خۆیان بەجێبهێڵن. (دانیێل سنێل) دەڵێت:

**" وەك هەندێك لە داگیرکەرەکانی پێشووی نێوان دوو ڕووبار (ئاشورییەکان)یشیان دوور دەخستەوە، زۆرجار تاکەکانی خاڵەکانی تریان لە خودی ناوچەی ناوەندی ئاشوردا نیشتەجێ دەکرد، لەوانە 4/5 ملیۆن کەس لە ماوەی سێ سەدەدا دوورخرابێتنەوە کە زۆربەی ئەوانە لە قۆناغی (745-627)ی پێش زاییندا بوون. ئامانج لەم جۆرە دوورخستنەوانە لەناوبردنی کەسێتی و ڕۆحی شۆڕشگێڕی تاکەکان بوو، کە ئاسایی بەرچاو دەکەوێت لە ماوەیەکی کورتدا کارایی هەبوو."**[45]

[44]. Roux, Ancient Iraq, p. 267.
[45]. Snell, Life in the Ancient Near East, p. 79.

## فەرمانڕەوایەك كە نابێت بە چاوێكی كەمەوە سەیربكرێت

یەكەمین پاشای گەورەی ئیمپراتۆریەتی نوێی ئاشور (نەصیرپالّی دووەم)ە لە دەوروبەری (859–833)ی پێش زاییندا. كوڕی (توكولتی– نینورتا)یە، بە سوود وەرگرتن لە شێوازی توندوتیژیی بێ ڕەحمانە، جارێكی تر بەو شێوەیە ئاشوری دروست كردەوە كە ناوەكەی ترسی لە ڕۆژهەلاّتی نزیكدا دروست دەكرد. پاشای نوێ لەدوای چەسپاندنی دەستكەوتەكانی باوكی لە دەوروبەری (877)ی پێش زاییندا دلێرانە هێزەكانی بەرەو باشور ئاڕاستە كرد، بەو ئومێدەی كە كارێك ئەنجام بدات كە پاشاكانی تری ئاشور لە سەردەمی (تیگلات پیلصەر)ی بەهێزەوە زیاتر لە دوو سەدە لەوەوپێش بەسەر ئەنجامەكەیدا سەركەوتوو نەبوون – واتە دەستگەیشتنی بە كەنارەكانی دەریای ناوەڕاست. ئاشور نەصیر پالّ یەكەمجار هەتاوەكو ئەوەی كە بە (كەركەمیش) لە كەنارەكانی ڕۆژئاوای فوراتی سەروو گەیشت. نووسینی ڕووداوو هەواڵەكانی سالاّنەو دووروودرێژی ئەو، كە زۆربەی ئەوانە بەجێماوە، چۆنێتی درێژەپێدانی جموجۆلّی ئەو بەرەو ڕۆژئاوا، پێشڕەوی نزیكەی (32) كیلۆمەتری ئەو لە ڕۆژێكدا تێپەڕینی بە ڕووباری (ئورنتوس)و لەئەنجامدا گەیشتنی بە (دەریای گەورە) باس دەكات:

(لەو كاتەی بە قەراخ چیای لوبناندا تێپەڕیم هەتا بەدەریای گەورە گەیشتم.. لە دەریای گەورەدا ئامێرەكانی جەنگم شۆری و دیارییەكانم پێشكەش بە دەرگای خواكان كرد. باجەكانی پاشاكانی كەنار دەریاو خەڵكی شارەكانی (صورو سیدون و بیبلۆس و ماهالاتا)... لە زیو، زێڕ، حەوجۆش، مس، دەفری مسین، جلوبەرگی خوری ڕەنگ تێر... تا داری ئەفرا، داری شیمشادو عاجم لەوانە وەرگرت و ئەوانەیان لەبەر قاچمدا خستبوو... ئەو دیارییانەی پێشكەشی دەرگای خوام كرد لەوحێكی بەردینی یادگاریم بە پاسی دلێرێتی خۆم دروستم كردو لەوێدا بەرپام كرد.)[46]

---

[46]. Quoted in Luckenbillm Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol. 1, pp. 166 – 67.



ئەم وێنە بەناوبانگە، کە لەوێرانەکانی کۆشکی ئاشور نەصیرپالی دووەم لە نەمرودا دۆزراوەتەوە، ئەو پاشایە لەکاتی جموجۆڵ لە مەراسیمێکی قەرەباڵغدا پیشان دەدات.

کەمێك لەدوای ئەوە ئاشور نەصیرپاڵ بە ڕێی نیشتمان سپێردرا، لەوێدا کە ئەو سوپایەکی لەپشت سەریەوە بەجێنەهێشت بوو کە فەرمانڕەوایەتی ئەو بەسەر خەڵکانی کەناردا بچەسپێنێت، لەشکرکێشییەکەی ئەو بەکەمتر لە فتوحات و دلێرێتی و زیاتر لە ژینگەیەکی فراوانی هێرش بۆ تالآنکاری دەژمێردرا, لەگەڵ ئەوەشدا ئەم نمایشە هێزێکی درەوەشاوەش بوو، بۆ هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەلآتی نزیکی دەرخست کە سەرکردەکانی ئاشور دەتوانن سوپا سامناکەکانی خۆیان هەتا ناوچە دوورەدەستەکان پێشڕەوی پێ بکەن و هەموو ئیرادەیەك تێك بشکێنن، کاتێك ئەمەیان کرد ترساندنی ئەوانە لەپێشترە لە یەکسەر تێکشکانیان. ئاشور نەصیرپاڵ بەهۆی ترس دروستکردن و ستەمکارییەکانییەوە بەوجۆرە ناوبانگی دەرکرد کە ڕێی لە هەموو کەسانی پێش خۆی گرت. لە نووسینی ڕووداوەکانی یەکێك لەم لەشکرکێشیانەدا بە لەخۆباییەوە شانازی بەخۆیەوە دەکات کە:

**( شارەکەم داگیر کرد. لە دواوە شمشێرم لە (600) کەس لە جەنگاوەرەکانی ئەوان هەڵچەقاند. (3000)دیلم لە ئاگردا سووتاند، تەنانەت کەسێکم لەناو ئەواندا بەزیندوویی بەجێنەهێشت کە بەمەرجێك دەرچێت. فەرمانڕەواکەشیان، (هولای) بە زیندوویی بەدیلم گرت. کۆڵوانەکانم لە جستەکانیان**

دروست کرد. پیاوانی گەنج و دەستگیرانەکانیانم لەئاگردا سووتاند. هولای پێستەکەیم داماڵی و پێستەکەیم بە بەرزایی دیواری شارەوە هەڵخست... و شارەکەم وێران کرد.)[47]

لە نووسینی ڕووداوێکی تردا دڕندەیی شا زیاتر دەردەکەوێت لەوانە بڕینی لووت و گوێ و پەنجەکان و بڕینی ئەندامەکانی تری لەش و قەسابکاری هەندێك لە قوربانییەکان و بەزیندوو لەگۆڕنانی هەندێکی تر لەناو دیوارەکانی کۆشك دا . ئاشکرایە کە ئەمە تەنیا فەرمانڕەوا نەبوو کە بێت و سەرسەرێتی بکات.

## فەرماندەکان و سەربازەکانی ئەوان

بێگومان ئامێری سەرەکی ئەو ستەمکارانە کە ئاشور نەصیرپاڵ و جێنشینەکانی بە نمایش دایان دەنا سوپای بەهێزو باش ڕێکخراوو ئامادەی دڕندەیی ئاشور بوو، لەم قۆناغەی یەکەمین ئیمپراتۆریەتی نوێدا ڕیزەکانی ئەم سوپایە تاڕادەیەکی زۆر سەربازانی ڕەسەنی ئاشور بەرێوەیان دەبرد کە لە سەرەتای لەشکرکێشییەکاندا بۆ خزمەت بانگ دەکران و لە کۆتایی چالاکییە سەربازییەکاندا بۆ کشتوکاڵکردن یان کارەکانی تری خۆیان دەگەڕانەوە. لقێك لە دەزگای دەوڵەت ئەرکی ئەوەبوو کە بەجێگیرکردن و سەقامگیریی شارەکان و ئاوەدانییەکانی ئیمپراتۆریەتەوە خەریك بێت تاوەکو ئامادەکاری خێرای سەربازیی و کاریگەری هێزی مرۆیی ئاسان بکات. (ئەم هێزە مرۆییە بانگکراوە زۆرجار بۆ پڕۆژە گشتییە گەورەکان، وەك دروستکردنی کۆشکەکان یان حەفری کەناڵەکانیش بەکاردەهێنرا).

بەوشێوەیەی کە نەتەوەی زیاتر بۆ ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەت بێنە ناوەوە، فەرمانڕەواکانی ژێردەست ناچاربوون تاکی پێویست بۆ یەکەکانی هاوکاری سوپا دابین بکەن، لە سەربازە بەکرێگیراوەکان (لەوانە ئارامییەکان)یش سوود وەردەگیرا.

---

[47] . Quoted in lucken bill, Ancient Records of Assyria and Bablonia, vol.1, p. 146.

سەیرنەبوو کە شا فەرماندەی گشتی سوپا بێت و لەشکرکێشییە سەرەکییەکان ڕابەرایەتی بکات. (سەرکردەی سوپا) یان (تارتانو) کە لەژێر چاودێری شاو مایەی پشت پێبەستنی ئەوبوو، لێپرسراوی بەڕێوەبردن و چاودێری بوو بەسەر چالاکییە مەیدانییەکانەوە، لەژێر دەستی تارتانودا، زنجیرەیەکی ڕێکوپێك فەرماندەی کارامە هەبوون کە بریتی بوون لە فەرماندەی یەکەکانی (1000، 200، 100، 50) کەسی بەهەمان شێوە فەرماندەی (دەستەکان)ی دە کەسی هەبوو کەزۆر جیاواز نەبوو لە دەستەکانی سوپای ئەمڕۆ . گالیسکە جەنگییەکان پێکهات بوون لە دەستە (50) کەسیەکان و هەموو دەستەیەك

## کۆشکی تازەی ئاشور نەصیرپاڵ

**لەگەڵ ئەوەی کە ئاشور نەصیرپاڵ وەك زۆربەی پاشاکانی تری ئاشور بەرامبەر بە معیارەکانی کۆن و ئەمڕۆ داگیرکارێکی خوێنڕێژو توندوتیژ خوازبوو، بەڵام بەهەمان ئەو ئەندازەیەی وێرانکەر بوو دروستکەریش بوو. ئەمە هەڵبژاردەیەکە لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەو (بەگواستنەوەی لە دانیل دی. لوکنبیل، بەڵگە کۆنەکانی ئاشورو بابل) بە باسی ئاوەدانکردنەوەی شاری نەمرود، لەوانە بینای کۆشکێکی جوان لەلایەن ئەوەوە خەریك دەبێت.**

**ئەو شارە گۆڕابوو بۆ وێرانەیەك و لە قاچ کەوت بوو. من ئەو شارەم سەرلەنوێ دروست کردەوە، ئەو خەڵکانەی کە بەسەریاندا سەرکەوتبووم و ناوچەکانیانم خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆمەوە.. هێنام و لەوێدا نیشتەجێ بووم. تەپۆڵکە کۆنەکەم وێران کردو تائاستی ئاو چاڵم کرد... کۆشکێکم لە داری درەختەکانی سیدرو سەروو، سەرووی شاخی و شیمشادو توو، فستق و گەزۆ بۆ نیشتەجێبوونی کەسە پیرۆزەکانی خۆم و بۆ شادی و کامەرانی شکۆمەندی خۆم بۆ هەمیشە لەوێدا دروستم کرد. گیانەوەرە کێوییەکان و گیانەوەرانی دەریام لە بەردەکانی ئاهەك و مەڕمەڕ دروست کردو ئەوانەم لە دەروازەکانیدا دانا، لە دەروازەکانی**

**ئەودا تاکە دەرگاکـانم لـە داری سـیدرو سـەروو، سـەرووی شـاخی و تـوو هەڵواسـی، دەستکەوتەکانی جەنگم لە زیوو زێڕو حەوجۆش و مس و ئاسن بە ئەندازەیەکی زۆر لەو ناوچانەی کە خستبوومە ژێر دەسەڵاتی خۆم هێنام و لەوێدا دامنان.**

فەرماندەیەکی هەبوو. ئەم ئەفسەرە جۆراوجۆرانە لە ڕێگای نامەوە پەیوەندییـەکی ڕێکوپێکیان لەگەڵ فەرماندەکانی لە خۆیان بەرزترو نـزمتردا هـەبوو. لـە پـەیامێکی بەجێماودا بەم شێوەیە هاتووە:

(1119) کەس پەیوەندییان بە تۆوە کردووە, کە تایبەتبوون بە سەربازی پیادەی کۆشك، بەڵام تۆ بۆچی خۆت هەندێك لەوانە بە (یەکەی) سەربازەکان بە پێداویستی تەواوە (واتە سەربازی پیادەی تۆکمە)، هەندێك بە (یەکەی) سەربازە هەڵبژێردراوەکان (سەربازانی پاشایەتی خاوەن پەروەردەی تایبەت)، دیسانەوە بەشێکی تری بۆ (یەکەی) سەربازی سواری دەگۆڕی و ئەوانە دەکات بە بەشێك لە لەشکری خۆی؟... ئێستا ئەم پەیامە بۆ تۆ دەنێرم:"ئەوانە بانگ بکە، تەنانەت ئەگەر زۆربەی ئەوانە لە شوێنێکی تر بن... (لەبەرئەوەی کە) هەموو ئەوانە دەبێت لەکاتی لێکۆڵینەوەی ئەفسەری من لەوانە ئامادەبن!" ئێستا ئەفسەری خۆم دەنێرم، ئەو لەوانە دەکۆڵێتەوە[48].

ژمارەی هەموو سەربازەکانی ژێر فەرماندەی شاو سەرکردەی سوپاو فەرماندەکانیان نەزانراوەو لەوانەیە لە لەشکرکێشییەکەوە تا لەشکرکێشییەکی تر بەشێوەیەکی بەرچاو گۆڕابێت. دەقێکی پەیوەست بە پاسەوانانی ماری لە هەزارەی دووەمی پێش زایینداهێزی سەربازی پیادە سەد هەزارو تیرهاوێژەکان بیست هەزارو هێزی سەربازی سواری (1500) کەس باس دەکات (ئەمە لە پێش هاتنە ناوەوەی گالیسکە جەنگییەکان بەشێوەیەکی زۆر لە مەیدانەکانی شەڕدا بوو). لەوانە ئەم ژمارە زۆرانە زیادەڕۆیی بێت، ئەگەرچی ناتوانرێت بووترێت تا چ ڕادەیەك بووە. لە دواییدا لە هەزارەی یەکەمدا لەوانەیە ئاشور نصیر پاڵی دووەم و هەندێك لە جێنشینەکانی بابەتە دەگمەنەکانی ئەو سوپایانەیان بە فراوانی بۆ

48 .Quoted in oppenheim, letters from Mesopotamia, pp. 176 -77.

پانتایی شەڕ داخڵ کردبێت، بەڵام تاڕادەیەك دەتوانرێت بەدڵنیاییەوە بووترێت کە لەشکرکێشی ساڵانەی هاوشێوە بەردەوام سنووردارتر بووە لەمە.

## ئامێرە جەنگییەکان و هونەرەکانی جەنگ

هەندێك لە ئامێرە جەنگییەکان و هونەرەکانی شەڕی سوپای نوێی ئاشور وەك هەمانییەکان بوو کە لە کۆتایی هەزارەی دووەمی پێش زاییندا بەکاردەهات. چەکی سەرەکی کەوان بوو، کە زۆرجار لە یەکەی تاکتیکی ئەسڵیدا -جووت کەوانگر- بەکاردەهێنرا. ئەم یەکەیە لە دوو پیاو پێك دەهات کە یەکەمیان ئامادەکرابوو بە نەیزەیەك یان خەنجەرێك و ئەوی تر قەڵغانێکی زۆر پانی پێبوو کە سەری ئەوە بۆ سەرەوە پشتەوە دەچەمایەوە تا جۆرێك لە چەتر بۆ پارێزگاری لە بەرامبەر تیرەکان و شتە هەڵدراوەکانی تردا پێکبهێنێت. ئەم جۆرە قەڵغانانە، کە لە دەستە شووڵی (بی) دروستکراوەو بە چەرمێکی بەهێز بەیەکەوە بەسترابۆوە، سووك و لە هەمان کاتدا زۆر پتەو بوو. پیاوی دووەم، واتە کەوان گرەکە، کە لەگەڵ هاوکارەکەیدا لەپشت قەڵغانەکەوە خۆی ماتکردبوو، سوودی لە کەوانێکی ئاوێتەی بەهێز وەردەگرت بۆ هەڵدانی ڕیزە تیرەکان. ڕیزەکانی سەدان یان هەزاران لەم جووتانە، کە لەشەڕدا بەشێوەیەکی هەماهەنگی بەرەوپێشەوە دەچوون، ناوەڕۆکی ئەسڵی سەربازی پیادەی ئاشوری پێك دەهێنا.

گالیسکەکانیش لە ئارایشتی هاوشێوە سوودمەندبوون -گالیسکە سواران و کەوانگرێك- لەپشت پەڕەی پارێزەرەوە کە سواری بەشی پێشەوەی گالیسکەکە بوو بوو دەوەستان (لەدواییدا کەسی سێیەمیش بۆ ئەوانە زیاددەکرا)، بەڵام لە سەرەتایی ئیمپراتۆریەتی نوێی ئاشوردا ژمارەو بایەخی گالیسکەکان کەمبۆوەو لەجیاتی ئەوە سوود

له سه‌ربازی سواری وه‌رگیرا، كه له سه‌ره‌تادا وه‌ك سه‌ربازی پیاده، به‌شێوه‌ی یه‌كه دوو كه‌سییه‌كان كاریان ده‌كرد، ڕووی له زیادبوون كرد. به وته‌ی (ڕۆبه‌رت دریوز):



ئارایشتێكی نوێی سه‌ربازه‌كانی ئاشور، ئه‌ندامه‌كانی جووتێكی كه‌وانگر (پیاوانی لای چه‌پ و ڕاست) پیشان ده‌دات كه له‌گه‌ڵ سه‌ربازی سێیه‌مدا (كه‌سه‌رێكی بڕاوه‌ی به‌ده‌سته‌وه‌یه) خه‌ریكی گفتوگۆن.

"یه‌كه‌مین هێمای ئه‌و كه‌وانگرانه‌ی كه له‌كاتی هێرشكردندا له‌پشت ئه‌سپه‌كانه‌وه تیره‌كانیان ده‌هاویشت ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ سه‌ده‌ی نۆیه‌می پێش زایین. نه‌خشه به‌ناوبانگه‌كانی ئاشور... كه‌وانگره‌كانی سه‌ربازه سوارییه‌كان (پیشان ده‌ده‌ن) كه به‌شێوه‌ی جووت كارده‌كه‌ن: سوارێك هه‌وساری خۆی و هاوكاره‌كه‌ی ده‌پارێزێت و ڕێگا به هاوكاره‌كه‌ی ده‌دات كه سوود له ده‌سته‌كانی خۆی وه‌رگرێت بۆ

بەکارهێنانی تیروکەوان. بەم شێوەیە تیمە سەرەتاییەکانی سەربازی سواری ڕێك وەك گالیسکسوارەکان و کەوانگرەکان بوون. کاری کەوانگری سەربازی سواری بەبێ گومان بە بەراورد لەگەڵ هاوتاکەی لە گالیسکەدا کەمتر لە وردەکاریدا بەشدار بوو...، بەڵام لە ڕوانگەکانی ترەوە بەبێ دوودڵی تیمەکانی سەربازی سواری باشتر بوون. یەکەم لە هەموو ئەوانەدا دەیانتوانی لەو زەوییانەی کە بۆ کەرستەکانی گواستنەوەی چەرخدار کە لەڕادەبەدەر ناهەمواربوون کاربکەن. چانسی ئەوانە بۆ هەڵهاتن، لەکاتێکدا کە بارودۆخ ڕووی لە ئاڵۆزبوون و نائارامی دەکرد، زۆر زیاتر بوو... ئەگەر ئەسپی سەربازێکی سواری کوژرا یان بریندار دەبوو، ئەو دەیتوانی یەکسەر خۆی بۆ سەرپشتی ئەسپی هاوکارەکەی هەڵبدات و گیانی بەسەلامەتی لە مردن ڕزگار بکات[49] .

## هاوڕێیەتی لە نێوان هێزە چەکدارەکاندا

**لێرەدا مێژووزان دانیل سنێل لە کتێبەکەیدا بەناوی ژیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا باسی دەکات کە چۆن پێدانی مافەکان بە سەربازەکانی ئاشور دەیانتوانی لە بۆنەکاندا پیشەیەکی کاریگەر لە نێوان ئەفسەرەکان و سەربازەکاندا بەجێبهێڵێت.**

**"سوپا سەرنجڕاکێشترین مەیدانی پرۆژەکان (لەژێر چاودێری دەوڵەت)دا بۆ سوودوەرگرتن لەکاربوو. لەوانەیە بەشی زۆری داهاتی پاسەوانی سەربازەکان ڕاستەوخۆ لە دەستکەوتەکانی شارە تاڵانکراوەکانەوە دابین کرابێت، بەڵام لەکاتی ئاشتی یان خزمەتێك کە مایەی تاڵان و فەرهوود نەبوو لە خەزێنەکانی دەوڵەت حەقدەست دەدرا بە سەربازەکان، ئەم حەقدەستانە بۆ ئەفسەرو سەربازەکان یەکسان بوو، کە مانای ئەوەبوو ئەم حەقدەستانە بە مەبەستی دابینکردنی پێویستییە بنچینەییەکان لەکاتی خزمەتی ئاشتیدا دەدرا، بەڵام لەناخەوە پیشان دەدرا کە سوپا بڵاوکەرەوەی ڕەوشتی یەکسانخوازییە، وەك سوپای مۆدێرنی ئیسرائیل کە ڕێگای بە ئەفسەرەکان دەدا تاوەکو لە ناو هێزە چەکدارەکاندا سەرەڕای دەسەڵاتی**

---


[49] . Drews, The End of the Bronze Age, p. 165.

**فەرماندەیەتی و کارە قورسەکان بڵاوکەرەوەی هاوڕێیەتیش بن، تاوەکو تاکەکانی خۆیان لە کاری گەمژەیی و مەترسیدار دووربخەنەوە."**

سوپاکانی ئاشور شارەزاییەکی زۆریان لە هونەرەکانی گەمارۆدانیشدا هەبوو، کە لەکاتێکدا دوژمنەکان لە شوێنی ڕووبەڕووبوونەوەیان لە شەڕدا ئاشکرا بەپشت دیوارەکانی شارەکاندا پاشەکشێیان دەکرد، بەڕووکەش کارامەیی و وەحشیەتیان بەکاردەهێنا.

یەکێك لەو ڕاپۆرتانەی ئاشور نەصیرپاڵ لەبارەی ئەم جۆرە قەڵای سەربازییەوە پیشانی دەدات:

**"شار لە ڕادەبەدەر پتەوبوو، چواردەوری ئەوە بە سێ دیوار گیرابوو. تاکەکان (سەربازانی دوژمن) پشتیان بەستبوو بە دیوارە پتەوەکان و ژمارەی زۆری خۆیان و لە خوارەوە (لە مەیدانی کراوەدا) بۆ پێشوازیم نەدەهاتن. بەجەنگ و خوێنرێژی شارەکەم گەمارۆدا، داگیرم کرد. خەنجەرم لە خوێنی سێ هەزار کەس لە جەنگاوەرەکانی ئەوان هەڵچەقاند"** [50].



**ئاشورییەکان بەناوبانگ بوون بەهۆی شارەزاییانەوە لە گەمارۆدانی سەربازیدا. ئەم وێنە بەردینە بە ناوبانگە بورجێکی گەمارۆدراو پیشان دەدات کە قەڵاکوتێکی پێوەلکاوە، زۆربەی نەتەوەکانی دواتر لاسایی هونەری ئابڵوقەدانی ئاشورییەکانیان کردەوە.**

ئاشورناسی ناودار (دی. جەی. وایزمان) لێرەدا هەندێك لە هونەرەکانی گەمارۆدان کە ئاشور نەصیرپاڵ و

[50]. Quoted in Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol, p. 147.

جێنشینەکانی بەکاریان دەهێنا، باس دەکات:

"بەرزی و نزمی گەشەسەندوو لە کۆبوونەوەی خۆڵ و خاك، پارچە بەرد یان دار یارمەتی هێرشکەرەکانی دەدا تاوەکو لە دیواری بەرزترو شەق بردووتر نزیك ببنەوە. قەڵاکوتیان بەهێزی گیانەوەرەکان بۆ سەرەوە ڕادەکێشاو پاشان بەهێزی مرۆڤ لە شوێنی گونجاودا دایان دەنا. ئەم چەکە بەهەیبەتە چەکوشێکی دارینی سەرکانزایی بوو کە لە لەشێکی داپۆشراودا دانرابوو. قەڵاکوت لەسەر چەرخەکان یان قاچەکان بۆ پێشەوە لێدەخوردرا هەتاوەکو خشتکارییەکانی بەشی سەرەوەی (دیوارەکان) لە شوێنی خۆیان هەڵتەکێنێت یان دەروازەکان یان ناجێگیرەکان بکوتێتەوە. لەو شوێنەی کە ئامانجەکە کەوتبووە کەنار ڕووبارەوە، ئاشورییەکان سوودیان لە بورجێکی گەمارۆدان وەردەگرت. ئەوەیان لەبەشی سەرەوەی ڕووباردا بەرپادەکردو بەشێوەی مەلەوانێکی سەرئاوکەوتوو بەسەر ڕووی ئاوەکەوە بەشوێنی مەبەستیان دەگەیاند، ئەمە مەیدانێکی ئاگرینی گونجاوی بەسەر بەرگریکەرەکانی ناو دیوارەکاندا دروست دەکرد... لەم ناوەدا کۆنکەرەکان، بەجلوبەرگی کەوانگرەکان و قەڵغانەوە، تێدەکۆشان کەلێن و درزو دەروازەیەك لە دیوارەکاندا دروست بکەن"[51].

## شەڕی کۆتایی لە قەرەقەردا

(شەلیم نەصری سێیەم) لە دەوروبەری (858 – 824)ی پێش زایینیدا، کوڕی ئاشور نەصیرپاڵ، بە تواناو سەرسەختییەکی نەزانراوەوە ئەم هونەرو تەکنیکانەی بەکارهێناو لە نزیکەی (35) ساڵی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا (31) ساڵی تەواوی لە هێرشە توندوتیژە سەربازییەکاندا بەکارهێنا. شەلم نەصر لە هەر سێ جەبهە کلاسیکییەکەی وڵاتدا دەستی بە

[51]. D. J. wiseman, "The Assyrians" in Hackett, Warfare in the Ancient World, p. 48.
These techniques were later in herited by the Persians and later still used by other ancient peoples, in cluding the greeks and romans, whose own siegecraft inspired that of medieval European warlords and military engineers.

ئەم هونەرانە پاشان فارسەکان و دیسانەوە لە دوایی ئەوان خەڵکە کۆنەکانی تر، لەوانە یۆنانییەکان و ڕۆمەکان، بەکاریان هێنا کە لە هونەرەکانی گەکارۆدان سوودمەندبوون کە ئیلهام بەخشبوو بۆ سەرکردەکانی جەنگ و ئەندازیارانی سەربازیی ئەوروپایی سەدەکانی ناوەڕاست.

لەشکرکێشی کردو هێزەکانی ئاشوری تا کەنداوی عەرەب لە باشور، چیاکانی زاگرۆس لە ڕۆژهەڵات و فەلەستین لە ڕۆژئاوا بەرەو پێشەوە برد، بەڵام دوو هۆکار ڕێیگرت لە زیادکردنی پانتایی دەسەڵاتی زۆر بۆ سەر ئیمپراتۆریەتەکەی:

یەکەم:- ئەوەی حەزی نەکرد کە سەرکەوتنەکانی خۆی بەسەر پێکهاتە سەربازییەکان و ڕەواکردنی بەسەر ناوچە داگیرکراوەکاندا بسەپێنێت, بۆ نموونە سەرکەوتنێکی زۆری لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا بەدەست هێنا، کە تازە لەوێدا پاشایەتی نوێی (ئورارتو) سەری دەرهێنابوو، بەم شێوەیە لە ڕۆژهەڵات دوورتر، لە جێگایەکدا کە ئێستا باکوری ئێرانە و ئەو لەوێدا لەگەڵ دوو نەتەوەی نوێی تر، واتە مادەکان و فارسەکاندا جەنگا. لە هەردوو لایەنەکەوە، بەرچاو دەکەوێت کە شەلم نەصر بە تەخت و تاراجکردن و تاڵانکردنی شارەکان و وەرگرتنی باج و پاشان بە پاشەکشێ کردن ڕازییە. بەم شێوەیە فرسەتی بەم نەتەوانە دەدا کە درێژە بە کۆکردنەوەی هێز بدەن. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە ئەنجامدا یەکێك لەوانە، واتە مادەکان لە لەناوبردنی ئیمپراتۆریەتی ئاشوردا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا. هۆکارێکی تر ئەوەیە کە ئەو هەوڵانەی شەلم نەصر بۆ فراوانکردنی ئیمپراتۆریەتێکی نەزۆك دای ئەوەبوو کە ئەو بە بەراورد لەگەڵ باوك و ڕابردووانی تردا ڕووبەڕووی سەرپێچی زۆر توندتر بۆوە، بەتایبەت لە ڕۆژئاوادا. لەوێدا ئیئتیلافی دەوڵەتە بچووکەکان زۆرجار ڕێگرییان لەسەر ڕێگاکەی دروست دەکرد. ئەو لەگەڵ سەرسەختترین ئەم یەکێتییانەدا ڕووبەڕووبۆوە لە (853)ی پێش زایینیدا ئەوکاتە بوو کە لەسەر ڕێگای بەرەو دەریا سوپاکەی خستە ناو دەشتە ناوەندییەکانی سوریا. شەڕی کۆتایی و چارەنووسساز لە (قەرقەر)*دا لە کەناری ڕووباری (ئورونتس) بەنزیکەی (190) کیلۆمەتر لە باکوری دیمەشق یەکێك بوو لە گەورەترین شەڕەکانی جیهان لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین. زیاتر لە حەفتا هەزار سەربازی یەکگرتوو دژی ئاشورییەکان ئامادەی شەڕ

* Qarqar

بوون، لەوانەیە شەلم نەصریش بەسەر هێزە هاوئارایشتەکانی ئەوەدا فەرمانڕەوایی کردبێت. ئەو لە یەکێك لە ڕاپۆرتەکانیدا پێڕستی هەندێك لە تایبەتمەندییە هاو زانیارییەکانی لە ڕووداوی سەرکەوتنی بانگەشەکەیدا بەم شێوەیە دەیژمێرێت:

**"1200 گالیسکەی جەنگی، 1200 سەربازی سواری، 20.000 سەرباز لەلایەن هەردەر عەزەری دیمەشقی، 700 گالیسکەی جەنگی، 700 سەربازی سواری، 10,000 سەرباز لەلایەن ئێرهولنی حەماتی, 2000 گالیسکەی جەنگی, 10.000 سەربازی ئەخاب، ئیسرائیلی... من لەگەڵ ئەوانەدا بە شەڕەوە خەریك بووم. ئەوانەم لە قەرقەرەوە تا شاری (گیلزاوا)* ڕیشەکێش کرد. 14.000 جەنگاوەرم بە شمشێر کوشت... جەستەکانی ئەوانم بەهەموو جێگایەکدا بڵاوکردەوە... لەو شەرەدا گالیسکەکان و سەربازی سواری و ئەسپەکانیانم لێگرتن و ئەوانەم خستە ژێر دەسەڵاتی خۆمەوە"** [52].

ئەو بەخۆدا هەڵدانانە وەك ئەوەی کە لەناو پاشاکانی ئاشوردا بڵاوبووبۆوە، چاوپۆشین لەوەی کە لە جەنگدا سەردەکەون یان تێکدەشکێم. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە شەلم نەصر لە قەرقەردا سەرنەکەوت، بەڵکو لەئەنجامی شەڕەکەدا وەك یەك بوون، ئاشورییەکان کە نەیان توانیبوو دیمەشق داگیربکەن، بەزووی پاشەکشێیان کرد.

## چاکسازییەکانی تیگلات پیلصەر

لەدوای بە ئامانج نەگەیشتنی لە ڕۆژئاوادا، شەلم نەصر ڕووبەڕووی نائومێدییەکی تر بۆوە. لە دەوروبەری (827)ی پێش زاییندا یەکێك لە کوڕەکانی بەناوی (ئاشور دنینپلی) شۆڕشی هەڵگیرساندو جڵەوی ئاشورو نەینەواو هەندێك لە شارە گرنگەکانی تری بەدەستەوە گرت. ئێستا شا، ئەم پیرەمێردە بەدبەختە بەزۆری لە کونجی گۆشەگیری لە کۆشکەکەیدا لە

---

* Gilzu

52 . Quoted in lucken bill, Ancient record of Assyria and Babylonia, vol. 1, p. 223.

نەمرود مایەوەو ڕۆڵی شەڕی لە جەنگێکی ناوخۆیدا بە کوڕەکەی تری (شەمەشی ئەددی پێنجەم) سپارد. هێشتا گێروگرفتێکی زۆری هەبوو کە شەلم نەصر لە (824)ی پێش زاییندا مرد، شەمەشی ئەدد بووە جێنشینی و کەمێك لەدوای ئەوە شۆڕشەکانی تێکشکاند. بەڵام ناچاربوو باقی دەسەڵاتەکەی لە دەوروبەری (824 – 811)ی پێش زاییندا لە سەرکەوتن بەسەر باجدەرە دەرەکییەکاندا بەکاربهێنێت کە دەرکەوتنی شەڕی ناوخۆیان بە دەستکەوت لە قەڵەم دابوو، وە شۆڕشیان هەڵگیرساندبوو. پاشان قۆناغێکی زیاتر لەنیو سەدەی بەدوای ئەوەدا هات کە لەوەدا ئیمپڕاتۆریەتی ئاشور دووچاری لەکارکەوتن بوو، هۆی ئەوە ئاوێتەیەك لە فەرمانڕەوایانی بێ توانـاو درێژەپێدەری ناسەقامگیریی ناوخۆیی بوو.



ئەم وێنە بەناوبانگە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایین، نیوە لەشێکی تیگلات پیلصەری سێیەم پیشان دەدات کە لە گەورەترین وکاریگەرترین پاشاکانی ئاشوربوو.

ئەم قۆناغە سستی و لاوازییە لەگەڵ هاتنە سەرتەختی تیگلات پیلصەری سێیەم لە دەوروبەری (744-727)ی پێش زاییندا یەکێك لە گەورەترین و داگیرکەرترین پاشاکانی ئاشور، بەشێوەیەکی زۆر کتوپڕ کۆتایی هات. تیگلات پیلصەر کە فەرمانڕەوایەکی زیرەك و چالاك و لەخۆبایی بوو، بە دروستی بەڵگەی دەهێنایەوە کە ئەگەر ئیمپڕاتۆریەت بەبێ چاکسازی بەڕێوەبردن و سەربازی وەك خۆی بمێنێتەوە، ناتوانێت

بەردەوام بێت، ئەوەبوو کە لەئەنجامدا ئەم چاکسازییەی دوانەخست. بەگشتی گۆڕانکاری بەڕێوەبردن بە مەبەستی زیادکردنی دەسەڵاتی دەزگای ناوەند بەسەر تاکەکان و ناوچە جیاوازەکاندا، چ ناوخۆیی و چ دەرەکی پێشنیارکرا. پرۆفیسۆر ڕۆکس باسی دەکات:

**لە خودی ئاشوردا ناوچەکان دابەشکراو بەم شێوەیە ژمارەی ناوچەکان زیادی کرد. لە دەرەوەی ئاشور (ناوچە باجدەرەکانی دەرەوە) هەرکاتێك کە لەبار یان گونجاو بوو لە فەرمانڕەواکانی ناوچەکە وەردەگیراو بەشێوەی ویلایەت دەردەچوو. لەگەڵ هەموو ویلایەتێکدا وەك ناوچەیەکی ئاشوری سوودمەندبوو، بەیەك... (حوکمڕان) (شا کنو، ڕێك بەمانای: "دامەزراو") دانرا کە لە بەرامبەر پاشادا لێپرسراوبوو. وڵاتەکان و ئەو نەتەوانەی کە نەدەکرا ئەوانە بە ئیمپراتۆریەتەوە بلکێندرێت بە حکومەتی خۆیان دەسپێردرا، لە کۆتاییدا دەکەوێتە ژێر یەك سەرپەرشت (چاودێر) (قیپۆ)*. سیستەمێکی زۆر کارامەی پەیوەندی لەنێوان دەرباری پاشایەتی و ویلاتەکاندا سەقامگیر بوو[53].**

لە مەیدانی سەربازیدا تیگلات پیلصەر ئەو سوپایەی کە لە کۆندا بەگشتی لە پیاوانی ئاشور پێك دەهات کە لە قۆناغێکی دیاریکراودا بۆ خزمەت بانگ دەکران، کە هێزێکی پیشەیی هەمیشەیی جێی گرتەوە کە بەگشتی پێکهات بوو لە خەڵکی ویلایەتەکان. ئەو قەبارەی سوپاشی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادکرد، ئەگەرچی ژمارەی ئەوە بەڕێکی نەزانراوە.

ئەم پاشایە، بەم سوپا نوێیەوە ڕووی لە ڕۆژئاوا کردو هێرشی بۆ سوریا بردو لەوێدا سوپایەکی ئارامییەکانی تێکشکاندو کەمێك لەدوای ئەوە سوپاکەی تریشی شکاند کە شا ئورارتو بۆ یارمەتی ئەوان ناردبووی. شارێکی ئارامییەکان بەناوی ئارپاد دەستی بە بەرگریی کرد، بەڵام لەدوای سێ ساڵ لە گەمارۆدان تێکشکاو گۆڕا بۆ پایتەختی ویلایەتێکی نوێی ئاشور.

تیگلات پیلصەر پاش پێکەوەلکاندنی بەشی زۆری سوریاو لەوانە بەهەمان شێوە فینقیە لە کەناری دەریای ناوەڕاست، باجی لە زۆربەی پاشا ترسنۆکەکانی ناوچەکە، لەوانە

---

* qepu

53 . . Roux, Ancient Iraq, p. 283.

پاشاکانی دیمەشق و ئیسرائیل وەردەگرت. پاشان سوپای ئاشور ئەوێی بەجێهێشت و بەرەو ڕۆژهەڵات ڕووی لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس کرد هەتاوەکو لەگەڵ مادەکان و نەتەوەکانی قەدپاڵی چیاکاندا بجەنگێت. کاتێك کە بەشێکی زۆری هێزەکانی تیگلات پیلصەر ڕۆیشت بوون فەرمانڕەواکانی فەلەستین کتوپڕ ئازایانەو بێباکانە ئیتلافێکیان دژی ئاشور پێك هێنا کە هەڵەیەکی کوشندەی لەکاردا لێدەرچوو. پاشای ئاشور گەڕایەوە، شۆڕشەکەیان سەرکوت کرد، ماوەیەك لەدوای ئەوە دیمەشق و نیوەی ئیسرائیلی داگیرکرد.

تیگلات پیلصەر لە (727)ی پێش زاییندا مرد، یان بەهەمان شێوەی کە زۆربەی ئەوانەی نیوان دوو ڕووبار دەیان وت"بەدوای چارەنووسیدا ڕۆیشت". ئەو لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی کەمتر لە بیست ساڵەیدا توانی بووی گیانێکی تازە ببەخشێت بە پاشایەتییەکی ڕوو لە فەوتان و جارێکی تر ئاشور بەچەسپاوییەکی زیاترەوە بخاتە سەر ڕێگای سەرکەوتن و فراوانبوون (شکۆمەندی). ئاشکرایە کە جێنشینەکانی، کە لە سەدەی دواتردا ئەم ئیمپڕاتۆریەتەیان بە لووتکەی گەورەیی گەیاند، تاڕادەیەکی یەکجار زۆر قەرزاری ئەو بوون.

# بەشی چوارەم
# سارگۆن و میراتگرەوەکانی:
# ئیمپڕاتۆریەتی ئاشور لە لوتکەی خۆیدا

چاکسازییەکانی بەڕێوەبەردنی تیگلات پیلصەر لە ئاشوردا ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی دروست کرد و ڕێگای بۆ سەرکەوتنی دواتری ئەو دەوڵەتە تاڕادەیەك بەسەر سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی نزیکدا خۆش کردبوو. کوڕەکەی (شەلم نەصری پێنجەم) فەرمانڕەوایەتییەکی زۆر کورتخایەنی هەبوو لە دەوروبەری (726 – 722)ی پێش زاییندا، کە زانیاری زۆر ڕوون لەبارەی ئەوەوە لەبەردەستدا نییە. هەموو ئەوەی کە بەدڵنیاییەوە زانراوە ئەوەیە کە ئەو لەکاتی گەمارۆدانی شارێکی فەلەستینیدا کۆچی دوایی کردووە. بەپێچەوانەوە لەبارەی جێنشینەکەیەوە (سارگۆنی دووەم) زانیاری زۆر لەبەردەست دایە. لەڕاستیدا دەربارەی فەرمانڕەوایـەتی (سـارگۆن و جێنـشینە بێواسـتەکانی –سـیناخریب، ئەسـرحەدون و ئاشوربانیپاڵ)، کە توێژەرانی مێژوو بە کۆمەڵ ئەوانە ناودەنێن سارگۆنییەکان- لە هەموو فەرمانڕەوایەتییەکانی تری نێوان دوو ڕووبار بەڵگەو زانیاری باوەڕپێکراو لەبەردەست دایە. زمانەوان و مێژووزانی ئەڵمانی (ولفرام ڤۆن سۆدێن) تایبەتمەندی ئەم سەرچاوە دەوڵەمەندە بەجێماوانە بەم شێوەیە کورت دەکاتەوە:

**هەموو پاشایەتییەك نووسراوی یەکجار زۆرو زۆرجار دووردرێژی لەدوای خۆی بەجێهێشت کە چ لەلایەنی ڕێبازو چ لە لایەنی ئەوەی کە دەیگێڕنەوە یان نایگێڕنەوە نیشانەی کەسێتی ئەو لە خۆدەگرن. قەبارەی زۆری نووسراوەکان بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ نەینەواو بە زمانەکانی ئاشورو بابلییە، زۆر**

بەرهەمبەخشە چاخی کۆن (عتیق)، زۆرجار ئەو راپۆرتانەی یۆنانی لە بایەخی تەواوی سوودمەندن. لەکۆتاییدا دەبێت راپۆرتە وێنەییەکان لەسەر دیوارەکانی کۆشکیش باس بکرێن[54].

لە رێگای ئەم بەڵگە بەجێماوانەوە دەتوانین تارادەیەك بەدڵنیاییەوە رووداوەکان و پێشهاتە سەرەکییەکانی ئیمپراتۆریەتی ئاشور لە قۆناغەکانی سارگۆن و میراتگرەکانی نوێ بکەینەوە. ئەم پاشایەتییە هەتا ئەوکاتە لە هەموو پاشایەتییەکانی تر فراوانتر بوو لە مێژووی جیهاندا هەموو رێگا ئاوییەکانی رووبارەکانی دیجلەو فوراتی لەژێر کۆنترۆڵدا بوو، کاریگەری لەسەر زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە رۆژهەڵات، ئەرمەنستان (ئورارتو) لە باکور، ئەنادۆڵ لە باکوری رۆژئاوا دروست کردبوو، رۆژنەکانی لە کەنارەکانی کەنداوی عەرەب و دەریای ناوەڕاستدا هەبوو, بەڵام دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە کە ئەم ئیمپراتۆریەتە ئەگەرچی زۆر فراوان بوو، بەردەوام ناجێگیرو لەبەردەم لێکترازاندا بوو. لەلایەکەوە بەهۆی دژوار پاراستنی دەسەڵات بەسەر ئەم ناوچانەو نەتەوە یەکجار زۆرو جۆراوجۆرەکاندا بوو کە هەر یەکێکیان کەلتور بەخۆدا هەڵدانی خۆیان هەبوو, بەڵام تەنانەت کاریگەرتر لە نەبوونی رێکخستنی ئیمپراتۆریەت، سیاسەتەکان و شێوازە رەق و سەرکوتکەرەکانی ئاشورییەکان بوو کە دەبووە هۆی ئەوەی نەتەوە ژێردەستەکان زۆرجار شۆڕش بەرپا بکەن.

## بە پشت ئەستوری ئامێرە جەنگییە سەرگەردانکەرەکانم

لەبەرهەمان هۆ مێژووی سیاسی فەرمانڕەوایەتی سارگۆن لەدەوروبەری (722 – 705)ی پێش زایینیدا لێوان لێو بوو لە خەباتی بێئەمان لەگەڵ ئەو جۆرە شۆڕشانەی کە هەبوو. هۆی هەشتەمین لەشکرکێشی بەناوبانگی ئەو بۆ ئورارتو نموونەیەکی باوەڕپێکەرە. ئورارتو لەو ساڵانەدا هێزێکی زۆری دەستکەوت بوو، نەتەنیا ڕاستەوخۆ بەمەترسی مەرزە

---

54. Wolfram von Soden, The Ancient Orient: An Introdution to the Ancient Near East. Translated by Donald G. Schley. Grand Rapids, MI: William B. Eerdmans, 1994, pp. 57 – 58.

هاوبەشەکانیان، بەڵکو ناڕاستەوخۆش، بە وروژاندنی شۆڕش لەناو دەوڵەتە باج پێدەرەکانی ئاشور لە نزیکەوە، بۆ ئاشور مەترسیداربوو. سارگۆن لەو باوەڕەدابوو کە هێرش بۆ سەر ئورارتو و سزادانی پاشایی ئەوێ، ئورسا (یان روساس) لەو ناوچەیەدا ڕێ لە شۆڕشەکانی ئاینده دەگرێت.

ئەوەبوو کە پاشای ئاشور کە تێدەکۆشا بەرامبەر ئەو ناوەی کە بۆ خۆی هەڵبژاردبوو- داگیرکەری گەورەی ڕابردوو، سارگۆنی ئەکەدی- بژیت، لە (714)ی پێش زایینـدا هێزەکانی بەرەو باکور ئاڕاستە کرد هەتاوەکو دوژمنی خۆی لەناوبەرێت. ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەو لەم سەفەرە دوورودرێژەدا بە ڕوونی دژواری و مەترسیداری دەنووسێت:

**ڕێك بەرەو چیاکان کەوتمە جووڵە. چیاکان بەرزبوو داپۆشرابوو بە جۆرەها درەخت، ڕووکارەکەی دارستان بوو لەگەڵ دەروازە ترسێنەرەکان و ئەو سێبەرانەی کە بەسەر بەرزاییەکاندا بڵاوبووبۆوە، ناوەوەی وەك دارستانی سیدر لێدەکرد. کەسێك کە بە دەروازەکاندا تێدەپەڕی هەرگیز ڕەنگی هەتاوی نەدەبینی... لە دەوروبەریدا دۆڵە قووڵەکان و لێژاییە زۆر سەخت و دەمکراوەکان بوو کە بەسەیرکردنیان ترسیان لە دڵی مرۆڤدا دروست دەکرد، جادەکەی بۆ هاتوچۆی گالیسکەکان لە ڕادەبەدەر ناهەموارو بۆ ئەسپەکان نەگونجاو بوو، هەروەها بۆ جموجۆڵی سەربازە پیادەکان لە ڕادەبەدەر لێژبوو لەگەڵ درکی خێراو وشیارانە فەرمانم بە تاکەکاندا پاچە پتەوەکان هەڵبگرن... ئەوان قەدپاڵی شاخە بەرزەکەیان داتاشی و جادەیەکی باشیان دروست کرد[55].**

بەدرێـژایی ڕێگـا، نوێنـەری خێڵـەکان و ئـەو نەتەوانـەی کـە لـە نزیکبوونـەوەی لەشـکری گـەورەی ئاشور ترسابوون، گوێڕایەڵی خۆیان ڕاگەیاندو دیارییەکانی خۆیان پێشکەش دەکرد.

لەئەنجامدان لەشکر لە دۆڵێك نزیکبۆوە کە لەوێدا شا (ئورسا) لەگەڵ هێزەکانیدا چاوەڕوان بوو. تەنیا ڕێگایەك بۆ گەیشتن بە دۆڵی سەرەوە ڕۆیشتن بوو بـە بەشـێك لـە

---

55 . Quoted in Luckenbillm Ancient Records of Assyraa and Babylonia, vol. 2, pp. 74 – 75.

شاخێکی داپۆشراو بە سەهۆڵ، سارگۆن خۆی دلێرانە هەنگاوی نا و بە شاخدا سەرکەوت و ڕێگاکەی پیشاندان، لەکاتێکدا ئەوانەی لەگەڵیدا بوون گالیسکەکەیان هەڵدەگرت. هەر لەگەڵ ئەوەی کە ئاشورییەکان ئورارتوییەکانیان بینی یەکسەر هێرشیان بۆ بردن لە ماوەیەکی کورتدا ئەوان لەوانە شا ئورسا هەراسان بوو بەناچاری هەڵهاتن. پاشان هێزەکانی سارگۆن بەلێکۆڵینەوەی ئەوانەوە خەریك بوون و زۆربەی بەجێماوەکانیان کوشت، بەو شێوەیەی کە ڕاپۆرتی سارگۆن باسی دەکات:



پاشای گەورە سارگۆنی دووەم، دامەزرێنەری بنەماڵەی سارگۆنییەکان و یەکێك لە ڕاوێژکارەکانی لەم وێنە بەناوبانگەدا کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتەمی پێش زایین دەبینرێن، کە لە کۆشکی سارگۆن لە دوور – شارۆکین (خورسابادی ئەمڕۆ) دۆزراوەتەوە.

لە سوپاکانیانم کەمکردەوەو ڕێکخراوەکانیانم بەیەکدادا. سوپاکانی ئورارتو ئەم دوژمنە شەڕانییەو هاوپەیمانەکانیانم تێکشکاند... ڕێگا ئاوییەکان و دۆڵەکانم پڕکرد لە ئەسپەکانیان، لەکاتێکدا کە ئەوان وەك مێروولەکان لە بیاباندا، لە سەختترین کوێرە ڕێگاکاندا بەدوای ڕێگادا دەگەڕان بۆ هەڵهاتن. بە پشتئەستوری ئامێرە جەنگییە سەرگەردانکەرەکانم دوای ئەوانە کەوتم.[56]

پاشان ئورسا بۆئەوەی کە ڕووبەڕووی ئەشکەنجەو لەسێدارەدانی موتڵەق نەبێتەوە دەستی بە خۆکوژی کرد. سارگۆن بۆئەوەی کە ڕێ لە شۆڕشەکانی (ئاتی) بگرێت، بێ ڕەحمانە ئاگری لە زۆربەی شارەکان و کشتوکاڵەکان و دارستانەکانی ئورارتو و ناوچەکانی دەوروبەری بەردا.

[56] . Quoted in lucken bill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol. 2, p. 82.

## ئەو ڕاپۆرتانە لە ئورارتووەوە

**لە قۆناغەکانی فەرمانڕەوایەتی سارگۆندا کیمرییەکان (کە ئاشورییەکان بەوانەیان دەوت گامیر) نەتەوەی شەڕانی خەڵکی باشوری ڕوسیای ئێستا، هێرشیان بۆ مەرزی باکوری ئورارتو دەست پێکرد. ئەمە هەڵبژاردەیەکە لە نامەی شازادەی گەنج و (پاشای ئاینده) سیناخریب، سارگۆن کە لەوانەیە لەو سەردەمەدا لە بابل بووبێت. لە زۆربەی ڕاپۆرتەکانیدا هۆشداری دەدات سەبارەت بە سەرگەردانییەکان لە ئورارتودا. بە گواستنەوەی لە لیروی واترمان، نووسراوەکانی فەرمانڕەوایەتی ئیمپڕاتۆریەتی ئاشور.**

**بۆ سەروەرم پاشا.. لە خزمەتکارتانەوە سیناخریب. بە ئومێدی ئەوەی کە حاڵی سەروەرم پاشا باش بێت. لەسەر زەوی ئاشور بارودۆخەکان بەڕێوەیە... خەڵکی ئوکایی هەواڵیان پێداوم کە"کاتێك کە پاشای خەڵکی ئورارتو بۆ ناوچەی گامیر (شوێنی نیشتەجێبوونی کیمرییەکان) چوو، سوپاکەی ڕووبەڕووی شکستێکی گەورە بۆوە، خودی ئەوو فەرماندەکانی ناوچەکەی بە ڕێکەوتنیان لەگەڵ سەربازەکانیاندا پاشەکشێیان کردووە".(ڕاپۆرتێکی تر) بەم جۆرە دەڵێت:"هەواڵی ئورارتو- ڕاپۆرتی پێشوو کە ناردم... ڕاستە (پشتگیری کراوە) کوشتارێکی بە کۆمەڵ لەناو ئەوانەدا ڕوویداوە. ئێستا سەر زەوی ئەو ئارامە"... هێزە جێگیرەکان لە هەموو قەڵایەکی سنوریدا ڕاپۆرتی لەم جۆرە دەنێرن.**

## شارێکی نوێ بەتەواوی لەوەی ئەو

باکور تەنیا ناوچەیەك نەبوو کە لەوێدا سارگۆن ناچاربێت شۆڕشەکان سەرکوت بکات. زنجیرەیەك لە کلدانییەکان (ئارامییەکانی نیشتەجێی شوێنێك لە نزیك کەنداوی عەرەب کە سەردەمێك سۆمەر بوو) بە پشتیوانی عیلامی، دیسان یەکێك لە دوژمنە دێرینەکانی ئاشور، تاج و تەختی پاشایەتی بابلیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوەو لەژێر کۆنترۆڵی


ئاشوردا دەریان کرد. سارگۆن لە دژی دەسەڵاتی خۆیانەوەو لەژێر کۆنترۆڵی ئاشوردا دەریان کرد. سارگۆن لە دژی بابلییەکان و عیلامییەکان لەشکرکێشی کردو لە شوێنێکدا لەنێوان ڕووباری دیجلەو قەدپاڵی چیاکانی زاگرۆسدا لەگەڵیاندا کەوتە شەڕەوە.

هەروەك کەلتوری کۆنی ئاشور، ئەو لە ڕاپۆرتی خۆیدا بانگەشەی سەرکەوتنێکی گەورەی کرد، بەڵام دەقە بابلییەکان ڕاستییەکە ئاشکرا دەکەن: (سارۆگۆن تێکشکا)[57]. بەردەم پێشڕەوی ئاشور بەرەو باشور بۆ ماوەیەکی کاتی گیرا، ستەمکاری کلدانی (مەرودەك-بەلدان)، یانزە ساڵ لە دەسەڵاتدا مایەوە. لەئەنجامدا لە دەوروبەری (710)ی پێش زایینیدا بە هێرشی دووبارەی بۆ سەر بابل تۆڵەی سەندەوەو ئەمجارە سەرکەوت. مەرودەك -بەلدان بۆ عیلام هەڵهات و پاشای ئاشور سەرکەوتووانە چووە ناو شاری بابلەوە. سارگۆن بەسەر گروپێك لە شۆڕشگێڕانی سوری، و بەهەمان شێوە شای غەزە لە باشوری فەلەستین، کە بە هاوکاری سوپایەکی بچووکی میسری شۆڕشی بەرپاکردبوو دووبارە سەرکەوت.

گیروگرفت و لەشکرکێشییە بەتواناکانم بۆ شوێنە دووردەستەکان، لەو ناوەدا سارگۆن فرسەتێکی دۆزییەوە هەتاوەکو خۆی وەك ڕەمزی دروستکەری گەورە بچەسپێنێت. ئەو یەکەمجار لە نەمرودا نیشتەجێ بوو، لەوێدا ئەو کۆشکە بەشکۆیەی کە ئاشور نەصیرپاڵ زیاتر لە سەدەونیوێك لەوەوپێش دروستی کردبوو (ئۆستین هێنری لایارد لەدوای زیاتر لە (25) سەدە ئەوەی لەژێر خاك وخۆڵدا دەرهێنا) چاکی کردەوەو چاکسازی تێدا کرد، بەڵام

[57]ـ لە دوایی چەندان ساڵ، سارگۆن، لەدوایی ئەوەی کە لە ئەنجامدا سەرکەوت بابل داگیر بکات، باسی شکستی یەکەمجاری خۆی لە گاهشماری بابلی شاری ئوروکدا سڕییەوە و لە جیاتی ئەوە ڕیوایەتێکی ساختەیی خۆی لە شوێنی دانا. ئەو هەوڵیدا ڕاپۆرتی بابلییەکان لە نەمرودا بشارێتەوە، کارێك کە بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز بۆ ئاشکرابوونی حەقیقەت لە ئایندەدا خەزنی کرد، چونکە حەفرکەرەکانی هاوچەرخ ئەوەیان لە ناو بەڵگە زۆروبەیەکداچووەکانی ئاشودا دۆزییەوە.

سارگۆن بەزوویی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە کۆشکێکی لە شارێکی نوێدا کە بەتەواوی لەوەی خودی ئەو بێت دروست بکات. لە دەوروبەری (717)ی پێش زایینـدا (دور— شاروکین بەواتایی قەڵای سارگۆن)، خورسابادی ئێستای بنیات نا کە لەو کاتەدا ناوچەیەکی تازە لە نزیکەی (24) کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی نەینەوادا بوو. بە وتەی توێژەری ناسراوی ڕۆژهەڵاتی نزیك (ئای. تی. ئومستد):



ئەم نەخشەیەی ئەمڕۆی کۆشکی سارگۆن لە دور —شاروکین پیشان دەدات کە لەسەرەتای سەدەی هەشتەمی پێش زایینـدا نیشانەیەك بووە لە شان و شەوکەت و شکۆ.

"هەم شارو هەم کۆشکی کارووزەی - شار - ئاشور سەری بیناسازی (پاشایەتی) بوو... شار بەشێوەی لاکێشەیەکی ناڕێکوپێك نەخشەی بۆ کێشرابوو کە هەر لایەکی نزیکەی (**1800**) مەتر درێژبوو، گۆشەکانی تاڕادەیەك بەرەو چوار لای بنەڕەتی (باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا)بوو. جادەیەکی تاڕادەیەکی بەردرێژکراو بە پانی دوانزە مەتر بەرەو شار دەڕۆیشت کە لەناو دەروازەدا بەشێوەی شەقامێك بەهەمان دووری درێژ دەبۆوە... چواردەوری هەموو لاکێشەکە دیوارێکی بەرزبوو. زیاتر لە

(150) بورج ئەوەی دەڕازاندەوە، هەشت دەروازەی هەبوو کە ناوی خواکانی ئاشورییان لەوانە نابوو... گابالّداره بەردینە پەیکەر گەورەکان بەسەری مرۆڤ چاودێرییان دەکرد... کۆشك لەسەر سەکۆیەك کە کەوتبووە لایەکی دیواری ڕۆژئاوای شاری بنیاتنراوەو تاڕادەیەك بۆ لایەك هاتبووە دەرەوە... لەسەر ڕووی ئەم قەبارە بەرزە ڕیزێك بینا هەبوو کە بۆ جێکردنەوەی کۆمەڵانی شارۆچکەیەك بە ئەندازەیەکی مامناوەند... لەگەڵ سی حەوشە و دووسەد ژوور بە ئەندازەی کافی جێگای هەبوو، دوو شوێنی سەرەکی هاتنە ناوەوەی هەبوو، یەکێکیان بەپێی شێوەی دەروازەکانی شار ڕووی لە شار بوو، دەروازەی سەرەکی سەرداپۆشراو پڕنەخش و نیگارتر کە بە کاشیکاری ڕازێندرابۆوەو لە دوولایەوە گابەردینە گەورەکان دانرابوو[58].

لەکاتی کردنەوەی کۆشکدا لە (706)ی پێش زایینـدا سـارگۆن ئـەم نووسـراوەی هەڵبژارد:

"بۆ من سارگۆن، کە لەم کۆشکەدا دەژیم، دەبێت کە ئەو (خوای ئاشور) ژیانی نەمر وەك چارەنووسم دیاری بکات"[59]. بەڵام ژیانی شا، دوور لە نەمرێتی ساڵێ دواتر لـە ڕووداوی لەشکرکێشی لە دژی گروپێکی شۆڕشگێڕی تر کۆتایی هات. جێنشینەکانی ئەو کە بڕیاریان دەدا لە نەینەواییەکان کەلتوری تر بژین (دور — شارۆکین)یان بەجێهێشت و ئەم شارۆچکەیە وردەوردە گۆڕا بۆ وێرانەیەك و لەبەرچاودا نەما.

## سیناخریب

ئەگەرچی فەرمانڕەوایەتی سارگۆن دەستەمۆی شۆڕشە بێ شومارەکان بـوو، بـەڵام بەهێزو سەرکەوتووش بـوو، چـونکە لەکۆتایـدا ئـەو بەسـەر هـەموو شۆڕشـگێڕەکان و ستەمکارەکاندا سەرکەوت و لەکاتی مردنیدا ئیمپراتۆریەتی ئاشور لە هەموو کاتێك

58 . A. T. Olmstead, History of Assyria. Chicago: University of Chicago: university of Chicago press, 1968, pp. 271, 274 – 75.

59 . Quoted in Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol. 2, p.45.

فراوانتر بوو، پانتاییەکی زۆر فراوان کە تەواوی نێوان دوو ڕووبارو زۆربـەی ناوچـەکانی دراوسێی لەخۆ دەگرت. کوڕەکەی سیناخریب لە دەوربەری (704 – 681)ی پـێش زاییندا توانی ئەم پاشایەتییە بەهێزە بەشێوەیەکی یەکپارچەیی بپارێزێت, بەلاّم دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە کە بەدژوارییەکی زۆر ئەم کارەی ئەنجامدا، چونکە ئەویش لـە بەشەکەی خۆیدا گرفتاری شۆڕشی خوێناوی زۆر بووبۆوە. پاشای نوێ تازە لەسەرتەختی پاشایەتی دانیشتبوو کە ئاگاداربوو ستەمکاری کلدانی مەرودەك - بەلدان گەڕاوەتەوە دووبارە بابلی خستۆتە ژێردەستی خۆی. لەوە خراپتر ئەوەیە کە پێـشەوایانی میـسری هەستاون بە پارێزگاریکردنی پاشایی کلدانی و هانی ئەمیرەکانی سیدون و عـەقرون و یـەهوداو چـەندان دەولـەتی فەلەسـتینی تریـشیان داوە بـۆ شۆڕشـکردن لـە بەرامبـەر فەرمانڕەوایانی ئاشوردا[60].

سیناخریب بڕیاریدا یەکەمجار حساب بۆ بابل بکات و یەکسەر هێرشی بۆ ئەو ناوچەیە کردو مەرودەك — بەلدان یەکسەر بۆ جاری دووەم هەڵهات، بەلاّم لـەدوای سـێ سـاڵ دیسانەوە ئەم ستەمکارە گەڕایەوە. جارێکی تر پاشایی ئاشور ئەوی ڕاوناو بابلی سەرلەنوێ خستەوە ژێر دەستی خۆی و ئەمجارە یەکێك لە کوڕەکانی بەناوی (ئاشور نادینشومی) لەسەر تەختی پاشایەتی بابل دانیشاند، بەلاّم جەبهەی باشوری ئاشور هێشتا نائارامبوو، لەدوای شەش ساڵ لە دەوروبەری (694)ی پێش زاییندا دۆستەکانی مەرودەك —بەلدان، واتە عیلامییەکان هێرشیان کردە سەر وڵاتی بابل و شاری بابلیان خستە ژێر دەسەڵاتی

---

60 - لەم سەردەمەدا، ئیسرایل، دەوڵەتی یەهودی و دەستەخوشکی یەهودا، (کە لە ڕاستیدا ڕێك کەوتبووە بـاکوری یـەهودا)، کە لەوانەیـە بەدەسـتی شـەلم نەصری پێنجـەم یـان جێنـشینەکەی، سارگۆن کەوت بێت. هەزاران ئیسرایلی هەڵهاتوو لە ئاشـوردا شـوێنی نـشتەجێبوونیان هەڵبـژاردبوو، و ناوچـەی دایکیـان گۆڕابـوو بـۆ ویلایـەتێکی نـوێی ئاشـور لەگـەڵ پایتـەختی سـامرە (بـاکوری ئورشەلیم).

خۆیانەوە. ئەمە دوایەمین زەربە بوو بۆ سیناخریب. ئەو کە تورەیی چاوەکانی کوێرکردبوو، بە درندەییەکی بێ وێنە دەستی بە تۆڵەسەندنەوە کردو بابل، شاری پیرۆزی دەشتەکانی وێران کرد:

"شارو خانووەکانی سەرتاسەریم وێران کرد، لەناوم برد، ئاگرم تێبەردا، دیوارەکانی ناوەوەو دەرەوە، پەرستگاکان و خواکان... هەموویانم لەگەڵ خاکدا یەکسان کردو خۆڵ و خاشاکەکەیانم ڕشتە ناو ڕێگایی ئاوی ئاراهتو. لە ناوەڕاستی شاردا حەفرەکانم هەڵکەندو ئاوم کردە ناویانەوە... بۆئەوەی کە لە ئایندەدا شوێنەوارێك لەو شارە بە یادگاری نەمێنێتەوە، ئەوەم بەتەواوەتی لەلاپەڕەی ڕۆژگاردا نەهێشت" [61]

## هەڵهاتنی دوژمنەکانی سارگۆن

**ئەم بەشە لە ڕاپۆرتی سارگۆن (بەگواستنەوەی لە دانیل. دی. لوکنیل، بەڵگە کۆنەکانی ئاشورو بابل) دەڵێت:**

**کە چۆن پاشای ئاشور لە هێرشی دووەمی خۆیدا، لە (710)ی پێش زایینیدا بەسەر ستەمکاری کلدانی، مەرودەك –بەلداندا سەرکەوت و لە شەڕەکەدا ئەو بڕیاری هەڵهاتنیدا بۆ عیلام.**

**لە دوانزەیەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتیمدا مەرودەك –بەلدان کوڕی ئەیاکینی پاشای کلدان، کە ئاوەدانییەکانی کەوتۆتە کەناری دوور کەوتووەکانی دەریای ڕۆژهەڵات (کەنداوی عەرەب)... سوێندی خۆی کردە ژێر پێیەوە. بەناوی خوا گەورەکان پشت ئەستور بوو، ریگەی لەدانی خەرجییەکانی خۆی گرت. هومبن –نیکشی عیلامی یارمەتیدا... ئەو ئامادەی شەڕ بوو، هێرشی کردە سەرناوچەی سۆمەرو ئەکەد (باشوری ولاتی بابل). پانزە ساڵ، بەپێچەوانەی خواستی خواکان دەسەڵاتی بەسەر بابل، شاری خوای خواکاندا هەبوو, فەرمانڕەوایی بەسەر ئەوەدا کرد.**

---

[61] Annals of sennacherib, quoted in luckenbill, Ancient Records of Assyria and Baby lonia, vol.2. p.152.

**من به فەرمانی خوای گەورەی مەرودەك گالیسكە جەنگییەكانم ئامادە كرد. ئۆردوگاكانم رێكخست، فەرمانم دەركرد بە پێشڕەوی بەرەو خەڵكی دوژمنكارو ناكس بەچەی كلدانی... ئەو كەسانەی كە هاوپەیمان بوون لەگەڵ مەرودەك – بەلداندا... وەك لافاو تێكمشكاندن. رێگەم بە سوپاكەمدا هەتاوەكو میوەی باخەكانیان بخۆن... شارەكانی سموفەو بابدوری و ئەو قەڵایانەی كە عیلامییەكان دروستیان كردبوو... وەك هێرشی تۆفان تێكمشكاندن...مەرودەك – بەلدان لە شاری بابلدا ئاگاداربوو لەو هێزەی كە ئاشورو مەرودەك بە منیان دابوو بۆ سەركەوتنی بەسەر ئەم شارانەدا، ترسی مردن بەسەریدا زاڵ بوو لە كۆشكەكەیدا، بە رێكەوتن لەگەڵ دارو دەستەو سەربازەكانیدا شەو هەڵهات و ڕووی لە عیلام كرد.**



ئەم وێنەیە بەناوبانگە پەیوەستە بەكۆشكی سیناخریب لە نەینەوا، قۆچەقانی هاوێژەكانی ئاشور بەرد بۆ شوێنە پتەوەكانی شاری یەهودی لاكیش هەڵ دەدەن.

سیناخریب لەنێوان لەشكركێشییەكانی بۆ بابل فرسەتی دۆزییەوە كە لەگەڵ شۆڕشگێڕە فەلەستینییەكاندا، كە لە هەموویان بەناوبانگتر لەناو ئەوانەدا (حزقیا) شای یەهود بوو، حسابی رێك بكاتەوە. ئەم چالاكییە جەنگییانە بۆ زۆربەی خەڵكی ئەمڕۆ ئاشكرایە، چونكە ئەو بەشانەی ئەوە لە چاخی دێرین (عتیق)دا تاڕادەیەك بە دووورودرێژی باس كراوە. وەك لە كتێبی دووەم لە مێژووەكانی

ڕۆژگاردا هاتووه:

**سیناخریب پاشای ئاشور کە لەگەڵ سوپا گەورەکەی خویدا شاری لاکیش ( باشوری ئورشەلیم)ی گەمارۆدا بوو، نامەبەرەکانی بەم پەیامەوە بۆ لای حزقیاو خەڵکی یەهود کەلە ئورشەلیمدا کۆبووبوونەوە نارد: "…. ئومێدتان بە چ کەسێکە کە لە ئورشەلیمدا بە ئابڵوقەدراوی دەمێننەوە؟... مەگەر نازانن من و باو باپیرانم چیان بەسەر نەتەوەکانی تردا هێناوە؟"** [62]

ڕاپۆرتی سیناخریب گەمارۆدانی لاکیش باس ناکات، بەلاّم ئەم ڕووداوە بەشێوەی شیکردنەوەیەکی وێنەیی لە تابلۆیەکی بەناوبانگی بەرچاودا کە لایارد لەسەدەی نۆزدەیەمدا لە کۆشکی سیناخریب لە نەینەواوە دۆزیبیەوە بەوێنە پیشاندراوە. پەیکەرتاشە ئاشورییەکان کە ئەم تابلۆ بەناوبانگەیان دروست کردووە (کە ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیا لە لەندەن دانراوە)، لەسەر ئەو نەخشانە کاریان کردووە کە هونەرمەندەکان لەشکری سیناخریب کە لە تەپۆڵکەیەکدا لەو چوار دەورە شایەتی گەمارۆدانەکە بوو، کێشابوویان. شایەتییەکی تر بۆ ئەم گەمارۆدانە لەو حەفرانەدا کە بەسەرپەرشتی شوێنەوارناسی ئیسرایلی (دیڤید ئوستشکین) کە لە ساڵەکانی (1973 – 1987) لە لاکیشدا ئەنجامیدا بەدەست هات. بەهەمان شێوەی کە (ڕۆبەرتا ئێل. هاریس) باسی دەکات:

**"حەفرەکانی ئوستشکین پاشماوەی سەکۆیەکی جوولاّوی هێرشکەرەکانی لەژێر خاکدا دەرهێنا، کە تەنیا سەکۆی ئابڵوقەدەری ئاشوری کۆن بوو کە تا ئەو کاتە کەشف کرابوو. ئەم سەکۆیە لە سوچی باشوری ڕۆژئاوای شاردا بە بەشی سەرەوەی دیواری بەرگری دەگەیشت. شوێنێك کە بڕێکی زۆر چەك و خاك و خۆڵی کەلوپەلی تێدا دۆزراوەتەوە... ئوستشکین بەسەرسوڕمانەوە بەڵگەیەك کە حەکایەتخوانی بوونی دژە—سەکۆیەکی یەهودییەکان بوو دۆزیبیەوە، کە بەپەلەو لەوانەیە لەژێر ئاگرەوە لەناو شاردا دانرابێت هەتاوەکو بەرگریکەرەکان لەپێتەوی بەرزی ئەوە سوودمەند بن و لە دیوارەکانەوە لە بەرامبەر هێرشی بێ ئامانی قەڵاکوتەکاندا بیپارێزێت"** [63].

---


[62] . 2nd chronicles, in bible, 32: 10-13.

[63] . Roberta L. Harris, The World of the Bible. London: Thames and Hudson, 1995,p93.

لەگەڵ بوونی بەرگری قارەمانانە کە ئەم دۆزراوانە شایەتی ئەوە دەدەن، لاکیش کەوتە دەستی سیناخریب، بەڵام ئورشەلیم وەك خۆی مایەوەو لەدوای ئەوەی کە حزقیا ئەو باجە قورسانەی پەسەند کرد (هەموو ژنانی حەرەمسەراو کۆرپەکانی!) بە هاوپەیمانەکەی بدات، لەئەنجامدا ئاشورییەکان پاشەکشێیان کرد.

سیناخریب بەهۆی فراوانکردن و جوانکاری نەینەواوە بەناوبانگە. ئەو ئەم شارەی کرد بە پایتەختێکی شایستەی ئیمپراتۆریەتێکی گەورە64. بەتایبەت کۆشکی ناونراو بە (بێ منافسە) شایەنی باسکردنە کە ئەوەی لەبەشی باکوری شاردا دروست کرد. ئەو لە ڕاپۆرتەکەیدا ڕایدەگەیەنێت:

"کۆشکەکەی پێشووم زۆر فراوان کرد. ئەوەم تەواوکردو بەشێوازێکی بەشکۆ ڕازاندمەوە، ئەوەم بە کەرەستەو پێویستییە گرانبەهاکان پڕکردەوە کە چاوی هەموو خەڵکەکەی ئەبڵەق کرد.)[65]



باڵەخانەی شکۆمەندو ڕازاوەی سناخریب، کۆشکی ناونراو بە (بێمنافەسە) لە نەینەوا، بەدرێژایی کەناری دیجلە، لەمەدا نوێکەرەوەیەکی مۆدێرنە بەرچاودەکەوێت.

[64] ئەو سنوری شارەکەی لە (3)ەوە بۆ (13) کیلۆمەتر زیادکرد، مەیدانەکانی شاری فراوانترکرد و شەقامەکانی چەورێژکرد

[65] . Quoted in Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol.2, p. 183.

ڕاپۆرتەکانی ساڵانەی سیناخریب دەربارەی ئاوەدانکردنەوەی شارو کۆشک هەر دووکیان دەچنە ناو ئەوبەشانەوە کە شایەنی ئاماژە بۆکردنن، بڕوانە ئەمە:. Luckenbill, vol.2, pp.160-83

## ئەسرحەدون

سیناخریب بەختەوەر نەبوو، ئەو فرسەتی نەبوو ماوەیەکی زۆر لە کۆشکە نوێکەیدا بژیت. ئەو لە (681)ی پێش زاییندا بەدەستی کورەکانی خۆی کوژرا، کە لە هەموویان گەنجتر ئەسرحەدون بوو لە دەوروبەری (680-669)ی پێش زاییندا، لەدوای شەڕکردنی لەگەڵ براکانی و شکستی ئەوان لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشت:

"من بەسەروەریی و شادمانییەوە هاتمە ناو نەینەواوە. شاری پاشایەتی خۆم و لەسەر تەختی پاشایەتی باوکم دانیشتم... ئەو سەربازە تاوانبارانەی کە بۆ گرتنەدەستی ڕابەرایەتی ئاشور بۆ بەرژەوەندی براکانم زەمینەسازییان کردبوو سزای سەختم بەسەریاندا سەپاندو ڕیشەی ئەوانم دەرهێنا[66].

## پەیامێك لە بەرددا

**جۆن ئێم. ڕاسل، لە گروپی شوێنەرناسی زانکۆیی کۆلۆمبیا لە کتێبەکەی کۆشکی بێ منافەسەی سیناخریب لە نەینەوا باسی دەکات کە چۆن ئارایشت و ڕازاندنەوەی تەلاری سەرەکی کۆشکی پاشایەتی بەشێوەی پەیامێکی تۆکمە نەخشەی بۆ کێشرابوو کە بۆ بینەرانی چ دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە و چ بێگانە بیرخەرەوەی دەسەڵاتی لەڕادەبەدەری پاشا بوو.**

**لەو جێگایەی کە ئەمە گرنگترین بەشی کۆشکە، دەکرا چاوەڕوان بکرێت کە ئارایشت و ڕازاندنەوەی تەلاری سەرەکی بە وردییەکی تایبەت نەخشەی بۆ بکێشرابێ. هەرچاودەکەوێت کە چاوخشاندنێك بە بابەتەکانی ئەوداو پایەیەك کە لەسەر بنەماکانی ئەوەماڵ و سامانیان دەسکەوتووە دەیسەلمێنێت ... لەکاتی نزیکبوونەوە لەم تەلارەو تێپەڕین بەوێدا ڕووبەڕووی سەکۆیەکی سێ چالاکی جەنگی دەبینەوە، یەکەم جار لە بابل و پاشان لە فەلەستین و لەئەنجامدا لە زاگرۆس... تەنیا لەدوای ئەمە سێیەمین جار بوو کەسیناخریب خۆی بە(پاشای**

---

66 . Annals of Esarhaddon, quoted in luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol.2, pp.202-203.

**جیهان) ناوبرد. (شارەزایەکی ناودار) تێگەیشتووە کە وێنە بەناوبانگەکانی سیناخریب، پاشایەك کە فەرمانڕەوایەتییەکەی بە بەراورد لەگەڵ ئاشورییەکاندا تاڕادەیەك ئاشتیانە بوو، "بەشێوازێکی ناشایستەیی پڕ لە تابلۆکانی ڕیوایەتی جەنگی" بەرچاو دەکەوێت، بەڵام ئەم نەشیاوییە تەنیا ڕووکەشە، چونکە شێوازێکی هەمیشەیی فرەلایەنی پاراستنی ئاشتی مەترسییە بۆ جەنگ، ئەم توانیویەتی کاریگەری ئەم تابلۆیانەی فتوحاتی سەربازی بەلایەنی کەمەوە بەسەر ئەو دەستەیە لە بینەرانەوە بێت کە لەناویاندا بێگانە بەهێزە گێرەشێوێنەکان هەبوو. بۆ ئەندامانی دەربار، ئەم وێنانە دەیتوانی وەك بەڵگەی شادی بەخشی سەرکەوتنەکانی ئاشور بەکاربێت. هاوکات لەگەڵ ئەو بیرخەرەوەیەی دەسەڵاتی پاشا بەسەر سوپادا وەك پارێزگاری دەسەڵات لە ئاشوردا بێت.**

فەرمانڕەوایەتی یانزە ساڵەی ئەسرحەدون لەناو هەموو پاشاکانی ئاشوردا یەکێك بوو لە ناودارترینیان، کە هۆی ئەوە تاڕادەیەك ئەوەبوو کە ئەو توانی، بەگشتی لە ڕێگای دیبلۆماسییەوە ئیمپراتۆریەتە گەورەکەی خۆی تاڕادەیەکی زۆر لە ئاشتیدا پاراست. یەکەمین هەنگاوی گەورەی ئەو — ئاوەدانکردنەوەی بابل — پێشینەو کەلتورێکی بەرچاوی بەجێهێشت کە پیشانی هەمووان دەدات ئەو زیاتر لەوەی ئارەزوومەندی وێرانکاری بێت هاندەری هەنگاوە دروستکەرەکانە. ئەم پرۆژە گەورەیە لەسەرتاسەری قۆناغی فەرمانڕەوایەتی ئەودا درێژەی هەبوو، ئەنجامی کۆتایی شارێکی گەورەترو بەشکۆترو ڕۆحی تازەی ئاگربەست و ئاشتی لەگەڵ خەڵکدا ئەوە بوو:

"هەموو خاوەن پیشەکانی خۆم و خەڵکی بابلم بەگشتی بانگ کرد... بناغەی دیوارە سەرەکییەکانی شارم بەڕۆن و هەنگوین و کەرەو شەرابی دەرەجە یەك... دانا. خۆم سەرپۆشەکەیم بەست و ئەوەم هەڵگرت (واتە وەك جموجۆڵێکی ڕەمزی، ئەو یەکەمین جار بەردەکە خۆی هەڵیگرت)... سەرلەنوێ بابلم دروست کردەوەو ئەوێم فراوان کرد، ئەوێم پایەدارو بەشکۆ کرد. ئەفسانەو بەسەرهاتی خوا گەورەکانم نوێکردەوەو

ئەوانەم دووبارە لە زیارەتگاکانی خۆیاندا دانا هەتاکو بۆ هەمیشە ڕازێنەرەوەی ئەوانە بن... سەرلەنوێ کارم بۆ کوڕەکانی بابل دابین کرد"[67].

بەڕاستی ئەم پلانی ئاوەدانکردنەوە دۆستانەیە زۆربەی بابلییەکانی بەلای ئەسرحەدوندا ڕاکێشا. جگە لە کارەساتێکی بچووك لە (680)ی پێش زاییندا، کە لەوەدا کوڕی مەرودەك —بەلدانی ستەمکار هەولێدا شارەکەی ئەو داگیر بکات، ولاّتی بابل بۆ باقی قۆناغەکانی فەرمانڕەوایەتی ئەسرحەدون بە وەفاداری مانەوە بەرامبەر بە ئاشور.

نابێت لەم ڕووداوانەوە ئەنجامێك وەرگیرێت کە ئەسرحەدون پیاوێکی بەهێزو ڕاست و دروست بووە کە لە شێوازە بێ ڕەحمانەکانیدا دەستدرێژکەر بوو. ئەوەی کە ئەو بەشێوەی وروژاوی بەهەمان ئەندازەی بەخشندەیەتی دەیتوانی دەست بەسزای بێ ڕەحمانە بکات، ئاشکرایە ڕەفتاری لەگەڵ شاری فینقی سیدون، کە هەنگاونەری هەڵەیەکی زیادەڕۆ بوو ئەسرحەدون بەپەلە شۆڕشەکەی تێکشکاند، فەرمانڕەوایی سیدونی سەربڕی و شارەکەی بەیەکداداو دانیشتوانی بە زیندووماوی ئەوێی بۆ ئاشور دوورخستەوە. ئەم کارە ترسناکانە ئەنجامێکی خوازراوی بەرهەم هێناو کەناری دەریای ناوەڕاست لەدوای چەندان ساڵ بەئارامی مایەوە.

لەئەنجامدا سەرتاسەری ئیمپراتۆریەت تاڕادەیەك ئارام بوو. لەم بەشەدا ئەسرحەدون فرسەتێکی گونجاوی دۆزییەوە بۆ ئامانجێك کە زۆربەی پاشاکانی ئاشور لە خەونی ئەوەدابوون, بەلاّم هیچیان لەو پێگەیەدا نەبوون کە ئەوە بە پراکتیکی بکەن -واتە داگیرکردنی میسر- حەقیقەتی پێبەخشی. میسر بە شارستانیەتێکی تاڕادەیەك کۆنتر لەوەی نێوان دوو ڕووبار سەردەمێك ولاّتێکی بەهێز بوو, بەلاّم لە سەدەکانی دواتردا ڕووی لە سستی کردبوو. ئەگەرچی هێشتا میسرییەکان ئەوەندە کاریگەرییان هەبوو کە هانی

[67] Annals of Esarhaddon, quoted in luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol.2, pp.244.

باجدەرە جۆراوجۆرەکانی ئاشور بدەن بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش، بەڵام سوودمەند نەبوون لە توانای سەربازی پێویست بۆ ڕێگرتن لە هێرشە فراوانەکانی ئەسرحەدون. ئەسرحەدون لە (671)ی پێش زایینداا لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا مەمفیسی پایتەخت و زۆربەی گوندەکانی دراوسێی ئەوێی خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە. پاشان ئەسرحەدون لەبارەی پاشای میسر-ترهاقەوە وتی: "یەکسەر زۆربەی تاکەکانی ئەوم کوشت و پێنج جار بەنووکی نەیزە زەربەم لە خودی ئەودا... مەمفیسی پایتەختی ئەوم لە نیوەڕۆیەکدا بە کونکردنی تونێل و زەربە گەمارۆمداو داگیرم کرد... ئەوەم لە ئاگردا سووتاند. شاژنەکەی و حەرامسەراکەی و کوڕەکان و کچەکانی و کەرەستەکان و داراییەکەی و ئەسپەکانی و گایەلەکانی مانگاو مەڕەکانی، کە ژمارەیان لە ڕادەبەدەر بوو، لەگەڵ خۆمدا بۆ ئاشورم برد[68]."

لەگەڵ ئەم سەرکەوتنە سەرەتاییەدا ئەسرحەدون پاراستنی سەرکەوتووشی بەسەر میسرییە لەخۆباییەکاندا دژوار کرد. لەدوای دوو ساڵ مەبەستی بەشی زۆری سوپای ئاشور ترهاقە، کە بۆ دووردەستێك لە باشور هەڵهات بوو گەڕایەوە، دووبارە مەمفیسی داگیرکردەوەو شۆڕشێکی توندوتۆڵ و عەیارە تەواو هەڵگیرسا ئەسرحەدون لە ڕێگای گەڕانەوەی بۆ میسر بۆ دامرکاندنەوەی ئەم نائارامییە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو مردو کوڕەکەی ئاشوربانیپاڵ جێگیری دەسەڵات, بووبە جێنشینی ئەو.

## ئاشوربانیپاڵ

ئاشوربانیپاڵ لە دەوروبەری (668 – 627)ی پێش زایینداا ئیمپراتۆریەتی ئاشور لە لوتکەی خۆیدا بەشێوەی پاشایەتییەکی بەرفراوان کە لە دۆڵی نیل لە باشوری ڕۆژئاواوە تا ئەرمەنستانی مەرکەزی لە باکور، بەدرێژایی زیاتر لە (1600) کیلۆمەتر درێژ بووبۆوە،

---

68 . Quited in Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol.2, p.227.

له باوكییەوه به میرات وەریگرت بێگومان ئەم پاشایەتییە دووربوو له سەقامگیریی و ئارامیی، چونكه میسر به ئاشكرا شۆڕشی بەرپاكردبوو، پاشای نویٚ تێگەیشت كه هەرچی زووتره شۆڕشەكەیان سەركوت بكات، ئەوەبوو كه بەخێرایی لەسەر ڕێگاكەی چووەناو سوریاو فەلەستین له دەوڵەته ژێردەستەكانی سەر ڕێگاكەیدا گەنجەكانی بۆ خزمەتی سەربازی بانگ كردو چووه ناو میسرەوه. لەوێدا بەپێی ڕاپۆرتی ئەو:

**"ترهاقه پاشای میسر له مەمفیسدا هەواڵی پێشڕەوی منیان بیست و پیاوه شەڕانییەكانی خۆی له دژی من ڕابەرایەتی كردو دەستی به بەرگریی و شەڕێكی چەكدارانه كرد. من بەهاوكاری ئاشورو خوا گەورەكان كه لەتەنیشت منەوه جموجوڵیان دەكرد، دووباره سوپاكەی ئەوم له شەڕێكدا له دەشتەكاندا تێكشاكاند... شكۆی دڵ شپرزەكەری ئاشورو عەشتار بەسەر ئەودا زاڵبوو، ئەوی شێت كرد.. مەمفیسی ڕزگاركردو بۆ (تەبەس) هەڵهات"** [69].

ئاشورییەكان هەتا تەبەس دوای ترهاقه كەوتن، كه كەوتبووه چەند سەد كیلۆمەترێكی باشور له (میسری سەروو) كه هەتا ئەو كاته كەوتبووه دەرەوەی ناوچەی ژێر كۆنترۆڵی ئاشور. دیسانەوه ترهاقه هەڵهات و دوای نزیكەی دووساڵ لەوه له دووره وڵاتدا مرد. پاشان كوڕەكەی (تانوئاتامون) دوای ئامانجەكەی ئەو كەوت. لەگەڵ ئەوەی كه بەشی سەرەكی سوپای ئاشور وڵاتەكەی بەجێهێشت، ئەم پیاوه گەنجه هێزەكانی ناوخۆی ناوچەكەو نیشتمانپەروەرەكانی كۆكردەوه، بەرەو باكور بەڕێكەوت و دلێرانه مەمفیسی ئازاد كرد, بەڵام سەركەوتنەكەی ئەو كورتخایەن بوو. ئاشوربانیپاڵ بۆ جاری دووەم چووه ناو میسرەوه، مەمفیسی گرت و تەبەسی تاڵان و وێران كرد, بەڵام پاش نزیكەی ده ساڵ له (655)ی پێش زایینندا دیسانەوه (ورق) گەڕایەوەو ئەمجاره نیشتمانپەروەرێكی تری میسری بەناوی پسامتیك (یان پسامیتیكۆس) سەركەوت و توانی هێزه داگیركەرەكانی ئاشوری له وڵات بكاته دەرەوەو ئەوانه هەتا (ئەشدود) له فەلەستین ڕاوبنێت.

[69] . Quoted in luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol.2, p. 293

ڕێك بەهەمان شێوەی كە پاشاكانی ئاشور زۆرجار لەم جۆرە پێگانەدا كاریان دەكرد، چاوەڕوان دەكرا كە ئاشوربانیپاڵیش تێبكۆشێت كە ئەم شۆڕشە تازانە دامركێنێتەوە, بەڵام ئەو لەوكاتەدا گرفتاری جەنگێكی گەورەبوو لەگەڵ عیلامـدا لـە جەبهـەی باشـوری ڕۆژهەڵاتدا. ئەو توانی لەماوەیەكی تاڕادەیەك كورتدا پاشەكێشیٚ بە عیلامییەكان بكات بۆ ناو وڵاتەكەیان, بەڵام تازە لەم كارەدا ئاسودە بووبوو, دیسانەوە ناوچەكە دووچاری هەڵچوون و ئاشوب بـۆوە. ئـەمجارە ناوەنـدی ئاشـوبی بابـل و تـاوانی براكـەی خـودی ئاشوربانیپاڵ (شەمەش شوم –یوكین)، بوو. ئاشوربانیپاڵ لەكاتی بە پاشایەتیدا بەخواستی باوكی لەكاتی مەرگیدا ڕازی بووبوو كە ڕێگە بە شەمەش شوم– یوكین بدات لەگـەڵ ئیختیاراتی تەنیا خوارتر لە فەرمانڕەوایی ئیمپڕاتۆریەت لـە نەینـەوا لـە سـەرتەختی فەرمانڕەوایەتی بابل دانیشێت. بۆ ماوەی حەوت ساڵ بەم ڕێكەوتنە كاركرا، بەڵام لەو ماوەیەدا شەمەش شوم– یوكین بوو بە بابلی -لە كاروبارەكانی ئاشور جیابووبۆوە- ئێستا دەیویست لەگەڵ دەسەڵاتی كۆتایی براكەی بەسەر ڕۆژهەلاتی نزیكدا بجەنگێت.

دەبێت ئاشوربانیپاڵ لەبەر هەوڵی بۆ دامركاندنەوەی قەیران لە ڕێگای ناتوندوتیژیدا ئافەرین بكرێت. ئەو لە داوایەكیدا لە خەڵكی ئاشور كە وشەكانی بەوردی هەڵبژێردرابوو:

**"هەموو ئەو قسە پڕوپووچانەی كە ئەو برا نامویارەكەی من بەئێوەی وتووە بیستوومە... ئەم قسانە جگەلە هەوایەك هیچی ترنین، بە قسەكانی باوەڕ مەكەن!... ئێستا بەهەر شێوەیەك بێت گوێ لەو قسە پڕوپووچانەی ئەو مەگرن، ئابڕوو و پلەوپایەی خۆتان لە نیگای خودی من و لە نیگای هەموو وڵاتەكاندا بەو جۆرەی كە چاكە بەبایدا مەدەن، لە بەرامبەر خوادا دەست بە گوناح و تاوان مەكەن!... خەریكم بۆ ئێوە دەنووسم كە نابێت خۆتان بەم ڕووداوەوە بئالێنن"** [70]

لەبەر هۆی نەزانراو بابلییەكان ئەم پێشنیارە ئاشتیخوازانەیەیان ڕەتكردەوەو بەزوویی شەڕی تەواو خوێناوی هەڵگیرسا. هەندێك لە شارە بابلییەكان پشتیوانیان لە شەمەش

---

[70] . Quoted in Oppen heim, Letters from Mesopotamia, p. 169

شوم— یوکین کرد، لەکاتێکدا کە ئەوانی تر بە جوامێرییەکی زیاترەوە لایەنی ئاشوربانیپاڵیان گرت کە ئاشکرا زۆرترین چانسی سەرکەوتنی هەبوو. بۆ نموونە شاری کۆنی (ئور) ئەم داوایەی بۆ پاشای ئاشور نارد:

لەوێدا (لە ناوچەی ئەکەد) جگە لە (ئورکیسیك و شاتینا) شارێك نییە کە بەوەفاداری لەگەڵ ئاشوردا مابێتەوە، پاشاو سەروەری ئێمە دەزانێت کە ئور لە ناوەڕاستی ئەکەددا لە سەرەتاوە وەفادار بووە. تەنگپێهەڵچنین و داماوی لە هەموو جێگایەکدا هەیە. ئێمە دەکەوینە دەست شۆڕشگێڕەکان... بهێڵە پاشاو سەروەری ئێمە سەربازەکانی خۆی بۆ پاراستنی پەرستگامان بنێرێت... (ئەگینا) ئەم ناوچەیە لەدەستی شا دەچێت[71].

بەڵام ئەو ناوچەیە لە دەستی ئاشوربانیپاڵ نەچوو. لەدوای سێ ساڵ خوێنڕێژی شۆڕش دامرکایەوە، شەمەش شوم— یوکین لە نائومێدیدا ئاگری لە کۆشکەکەی خۆی بەرداو لەناو بڵێسەکانی ئەودا مرد.

## دەسپێکی کۆتایی

ماوەیەکی زۆر لە دەستکەوتی کۆنترۆڵکردنی بابل تێنەپەڕی بوو کە ئاشور خۆی لە جەنگێکی تردا لەگەڵ عیلام بینییەوە. ئەمجارە ئەو وڵاتە هەمووی فشاری پێشەوای ئاشور بانیپاڵیان هەست پێکرد چۆن کە سوپاکانی ئەو هێرشیان کردە سەر ناوجەرگەی ئەو ناوچەیەو بە وێرانکارییەکی سەرەڕۆیانەو سەرگەردانکەرانە ئەوەیان بەواتای ڕاستەقینەی وشە لە پانتایی زەویدا نەهێشت. بەم شێوەیە پێشبڕکێی سێ هەزار ساڵی نێوان عیلام و خەڵکانی نێوان دوو ڕووبار بەشێوەیەکی کتوپڕو بۆ هەتاهەتایە کۆتایی هات.

---

71 . Quoted in Leroy Waterman, Royal correspondence of the Assyrian Empire. 4vols. Ann Arbor: University of Michigan press, 1930 – 1936, vol. 2, p. 365.

## ئاشوربانیپاڵ عیلام لەناو دەبات

**ئەمانە ئەو هەڵبژاردانەیە لە ڕاپۆرتی فەرمی بەجێماو لە لەشکرکێشی وێرانکاری ئاشوربانیپاڵ بۆ سەر عیلام (بەگواستنەوەی لە دانیل دی. لوکنبیل، بەڵگە کۆنەکانی ئاشورو بابل)، کە بۆ لەناوبردنی ئەو وڵاتە ئەنجامدرا.**

**بورجی پەرستگای شوشم وێران کرد. پەرستگاکانی عیلامم وێران کرد. یەزدان و خواکانی ئەوێم بەبادا دا... گۆڕی پاشاکانی یەکەمین و دوایەمینی ئەوانەم وێران کرد کە لە ئاشور نەدەترسان و تەنگ و چەڵەمەیان بۆ پاشاکانی ئاشور، باوو باپیرانم دروست دەکرد... ئەوانەم لەبەرهەتاودا دانا. ئێسقانەکانیانم بۆ ئاشور برد... ویلایەتەکانی عیلامم لەناوبرد. بەسەر ڕووی ئەوانەدا خوێم پرژاند... هەتاوەکو دوورترین مەرزەکانم لەماوەی مانگێکدا وێران کرد. دەنگەدەنگ و ژاوەژاوی خەڵك، قاچی مانگاکان و مەڕەکان و هاوارەکانی خۆشحاڵی و شادمانیم خامۆش کرد. لە کێڵگە کشتوکاڵیەکانیدا کارێکم کرد کە کەرەکێوییەکان و ئاسکەکان و هەموو جۆرە گیانەوەرە کێوییەکان لەناویاندا بحەسێنەوە، وابزانن کە لە ماڵی خۆیاندان.**



لەوێنەیەکی بەناوبانگی کۆشکی ئاشوربانیپاڵدا، شەڕکەرەکانی ئاشوری، لە ڕووداوی گەمارۆدانی شاری عیلامی هامانودا، خەریکی نانخواردنن.

سەرسوڕهێنەر ئەوەیە کە ئەم ڕووداوە گرنگە خاڵێکی پێکەوەگرێدانی گەورەیە بۆ ئیمپڕاتۆریەتی ئاشورو سەرەتای کۆتایی هاتنی کتوپڕو کۆتایی خودی ئەوەش لە کۆتاییەکانی (639)ی پێش زاییندا هەرهەمان ئەو ساڵەی کە عیلامبوونی خۆی لەدەستدا، ڕاپۆرتە شاهانەکانی ئاشوربانیپاڵ لە خامۆشیدا لەناوچوو، دوازە ساڵی کۆتایی فەرمانڕەوایەتی ئەو بەلایەنی کەمەوە وێنەی ئاشور لە تاریکییەکی پوختدا مایەوە. سەرچاوە بەربڵاوەکانی دەرەوە دەڵێن تێکەڵاوییەك لە هێرشەکان، شۆڕشەکان و کێشە ناوخۆییەکان، بە بەراوردێکی فراوانتر لەوەی کە ئاشورییەکان لە ڕابردوودا ئەزمونیان کردبوو ئیمپراتۆریەتەکەیانی لە کاملێدا لەناوبرد. لەوانەیە نزیکبوونەوەی لێکهەڵوەشان بەناچاری بووبێت. بەهەرحاڵ ڕاستییەکەی ئەوەبوو کە هەر یەکێك لە دەوڵەتە ژێردەستەکانی ئاشورو دراوسێکانی دەرەوە ڕقیان لە ئاشور بوو، سوودیان لە لەناوبردنی وەردەگرت. ئەو کەسانەی کە پێشبینی ناحوم ئاشنابوون دەبێت ئارەزوویان کردبێت کە حەقیقەتی ئەوە ببینن:

**"هەرکەسێك تۆ ببینێت لە تۆ هەڵهاتووە، هاواری دەکرد: (نەینەوا بەتەواوی وێرانبووە!)، بەڵام هەرگیز کەسێك خەم و پەژارەی لە چارەنووسی تۆ نەدەخوارد ... ئاگر تۆ هەڵدەلوشێت و شمشێر تۆ پارچەپارچە دەکات... هەموو ئەو کەسانەی کە ئاگاداری چارەنووسی تۆ بن دەستلەشادی هەڵدەگرن، چونکە کەس نەیتوانییوە ڕزگاری بێت کە زوڵم و ستەمی تۆ لە ئەماندا بووبێت"** [72].

---

[72] . Nahum, in bible, 3:7,15,19.

# بەشی پێنجەم
## کۆمەڵگایەکی سەرسپێردراو بە خواکان و پاشاکان: ژیان و کەلتوری ئاشور

لە لێکۆڵینەوەی مێژووی سیاسەتی توندتیژانەی قۆناغی سارگۆندا، کە لەوەدا ئیمپراتۆریەتی ئاشور بەبەرزترین ڕادەی دەسەڵاتی خۆی گەیشت، دەتوانرێت بەئاسانی درکی پێبکرێت کە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئاشور گرفتاری جەنگ و کێشە بوو، بەڵام ئەم سەرمایە ناڕاستەقینەیە کە تارادەیەکی زۆر بێ ئەزموون دەبێت لە هەڵبژاردنی خەسڵەتی بەڵگە بەجێماوەکاندا. بەشی زۆری ئەم بەڵگانە بریتییە لە ڕاپۆرتەکانی پاشایەتی و باسی تر و وەسفی چالاکییە جەنگییەکان و نەخشەی بیناکان کە شێوازی کلاسیکی دەربڕینی پاشاکانی ئاشور بوو. توێژەری ڕۆژهەڵاتی نزیک (ئێل. دلپۆرت) باسی دەکات:

(ئەو پەیکەرانەی کە بەبڕێکی زۆر لە گۆشەو قەراخی تەلارەکانی کۆشکی پاشایەکدا بڵاوبوونەوە ئامانجێك جگە لە شکۆمەندی و شانازیکردن بە کەسێتی ئەوەوە هیچی تر نەبوو. ئەو دەقانەی کە لەگەڵ ئەم پەیکەرانەدا بوو دیسانەوە لە ستایشی شکۆو گەورەیی ئەودا بوو.. ئاسایی ئەوانە سێ بەشی سەرەکی بوون: یەکەم، مەدح و ستایشی شاو پێشکەشکردنی پوختەیەك لە کارەکانی ئەو... دووەم، ڕاپۆرتی ڕووداوەکانی قۆناغەکانی فەرمانڕەوایەتی ئەو—جەنگەکان و کارەکانی بیناسازی. سێیەم، نەفرەتکردن لە هەرکەسێك کە نووسراوەکە خراپ بکات) [73].

---

[73] . . L. delaporte, Mesopotamia: The Babylonian and Assyran Civilization. Translated by v. Gordon childe. New York: Barnes and Noble, 1970, pp.339 -40.

سەرەڕای ئەمە ڕاپۆرتی کارە شاهانەییەکان و ژمارەیەك نامەی شەخصی و بەڵگەکانی ماف و نووسراوە مەزهەبی و زانستییە بەجێماوەکان، کە گەورەترین کۆمەڵەی ئەوە (لییارد) لە ساڵی (1849)دا لە نەینەوا کەشفی کرد. ئەرشیفەکە زیاتر لە (25) هەزار لەوحەی بە خەتی بزماری لە خۆگرتووە، بەشی زۆری کتێبخانەیەکی پێکدەهێنا کە ئاشوربانیپاڵ کۆیکردبۆوە. ئەگەرچی ئەم بەڵگانە بەبایەخە، بەڵام بەگشتی بە کاروبـاری سیاسـی و مەزهەبی و بازرگانی ئەنجومەنی دەربارو ڕێوڕەسم و کاهینی و چینە خۆشگوزەرانەکانەوە پەیوەست دەبێت و لەبارەی ژیانی ڕۆژانە ئاشورییە مام ناوەندییەکانەوە زانیاری زۆرکەم دەدات بەدەستەوە. بەهەمان شێوەی کە پرۆفیسۆر ڕۆکس پیشانی دەدات:

**(لەگەڵ ئەوەی کە ئەم دەقانە زۆرو سەرنجڕاکێشن... ئەو زانیاریانەی کە دەتوانرێت لەوانە لەبارەی بابەتەکانی وەك بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کرێی زەوی و بازرگانی ناوخۆییەوە بەدەست بێت زۆر سنوردارو پڕ لە پچڕاوی و نەبوونی یەکپارچەییە)** [74].

کاتێك بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ لەبەردەستدانییە ئاسایی مێژوونووسەکان بە گومانێکی تارادەیەك دڵنیاوە، لەسەر بنەمای سەر داوە ناڕاستەوخۆکان لە بەڵگە مەوجودەکان لەلایەکەوە لێکۆڵینەوەی وێرانەکان و شتە دەستکردەکان و دەستکەوتەکانی شوێنەوارناسی لەلایەکی ترەوە، بەهەمان شێوە دەست دەخەنە پەیوەندییەکانی نێوان کەلتورەکانی ئاشوری و بابلی، چونکە ئەم دوو کەلتورە لە زۆر ڕوانگەوە لەیەك چووبوون.

## پاشاو جێنشین

توێژەرانی مێژوو دەربارەی پاشاو دەزگای بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەت زانیاری زیاتریان هەیە تا دەربارەی شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئاشور. پاشای ئاشور زیاتر وەك مرۆڤێك سەیردەکرا تا وەك خوایەك لە شێوەی مرۆڤدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو وەك نوێنەرو ئامێری

---

[74] . Rouxm Ancient Iraqm p.312.

زەوی خوای ئاشور مرۆڤێکی ئاسایی نەبوو. دەقە ڕەسمییەکان زۆرجار شەوق یان تیشکێك کە سەرتاپای ئەوی گرتبۆوە (میلامو) یان (درەوشانەوەی سەرگەردانکەر) لەوانەیە هێزێکی میتافیزیکی کە ڕاستەوخۆ لە خواوە سەرچاوەی گرتبێت باس دەکەن. پاشا بەهۆی ئەو پەیوەندییە تایبەتە لەگەڵ فریشتەکاندا، سەرەڕای سەرۆکی پایەبەرزی دەوڵەت، کاهینی گەورەی ئاشوریش بوو. لەو باوەڕەدابوو کە لەپێناوی کۆمەڵگادا دەبوایە ئەم جۆرە تاکە تایبەتییە چاودێرییەکی وردی بکردایە. ئوپنهایم ڕوونی دەکاتەوە:

(کەسێتی ئەو لە بەرامبەر نەخۆشی و بەتایبەت کاریگەری شەیتانی جادو بەوردی چاودێری دەکرا، چونکە بوونی ئەو بۆ وڵات ژیانی تازە دەکردەوە. لە بەرهەمان هۆ پاشاکانی ئاشور بەو شێوەیەی کە ئێمە لە ڕێگای نامە پارێزراوەکانەوە لەوانە تێگەیشتین، ژمارەیەکی زۆر جادوگەر (ئەوکەسانەی کە داواکراوبوون بەتوانان بە بەختگرتنەوە پێشبینی ئاینده بکەن)و پزیشك چواردەوری دابوون هەموو نیشانە پەیامهێنەرەکان لە سەرنجدانی کاریگەرییان لەسەر کەسێتی پاشا دەبینراو شیدەکرایەوە. شێوازی ئاڵۆز بۆ لابردنی نیشانەکانی شەڕ هەبوو، بەلایەنی کەمەوە لە لایەنێکی ئاشور ئاگادارین کە بۆ نەهێشتنی پێشبینییەکی کوشندە دەستیان بەم فێڵەکرد کە کەسێکی تر بکەنە شا بۆسەد ڕۆژو پاشان ئەوە بکوژن و بەهەمان شێوەی پاشا دفنی بکەن هەتاوەکو چارەنووسی چاوەڕوانکراو بە ئەنجام بگات، بەڵام چارەنووس هەڵبخەڵەتێت و شای ڕاستەقینە بەزیندوویی بمێنێتەوە. دەستگەیشتنی بە شا بەوردی کۆنترۆڵ دەکرا، تەنانەت بۆ میراتگرە سەلمێنراوەکان، هەتا ڕێگە بگیرێت لە گیروگرفتە نەخوازراوەکان، لە هەموو کۆشکێکی ئاشوردا ژوورێك لە تەنیشت تەلاری ڕەسمییەوە بۆ خۆشتنی ئایینی شا هەبوو[75].)

(میراتگرەوەی سەلمێندراو) زۆربەی کات کوڕی پاشا جێنشین بوو. ئەگەرچی بەرووکەش پاشا بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لە کوڕەکانی وەك جێنشینی خۆی لە ئاشورو خواکانی تر ئیلهامی وەردەگرت، بەڵام لەڕاستیدا ئەم هەڵبژاردنە دەبووایێ بە پشتگیریی ئەندامەکانی تری خێزانی پاشایەتی و بەهەمان شێوە گروپی بچووکی پیاوماقوڵە هەڵبژێردراوەکان بەئەنجام بگەیشتایێ. زۆربەی کات ئەم پیاوماقوڵانە بە هەڵبژاردنی شا ڕازی دەبوون، لەناو

---

[75] . oppenheim, Ancient Mesopotamia, p.100.

ئەمانەدا چەند حاڵەتێکی شاز زانراوە، لە هەموویان دیارتر شەڕی دەسەڵات لەنێوان کوڕەکانی سیناخریب دایە کە بووە مایەی کوشتنی ئەو.



کاهینێکی پلە بەرزی ئاشور (چەپ) و پاشاکەی گومان دەکرا لە پاشاکانی ئاشور دەرەوشانەوەیەکی ڕەمزدار دەورەی دابووبێتن کە نیشانەی پەیوەندی تایبەتی ئەوانەبوو لەگەڵ خوایی سەرەکی، ئاشوردا.

کاتێك کە جێنشین هەڵدەبژێردراو دەبووە مایەی پەسەندکردن، کۆشکی باوکی بەجێدەهێشت و لە (خانووی جێنشینی)دا شوێنی نیشتەجێ بوونی هەڵدەبژارد کە کەوتبووە چەند کیلۆمەترێك لە سەرووی نەینەواوە. پیاوی گەنج لەوێدا هونەرو ئەدەبیات فێردەبوو، بەتایبەتی ئەرکەکانی پاشایەتی فێردەکرا، ئامادەدەکرا کە لە هەر ساتێکدا ڕابگەیەنرێت کە جێنشینی باوکی بێت و ئەمە لەکاتێکدا بوو کە پاشای فەرمانڕەوا لەشەڕدا دەکوژرا. ڕاپۆرتی ئاشوربانیپاڵ پەروەردەی قۆناغەکانی گەنجێتی بەم شێوەیە وەسف دەکات:

**(هونەری فەرمانڕەوایەتی فێربووم—گەنجینەی شاراوەی هەموو زانیارییە نووسراوەکان و نیشانەکانی ئاسمان و زەوی—دلێربووم و بێ ئەندازە تێکۆشەر... لێکۆڵینەوەم لەبارەی ئاسمانەکانەوە کردووە لەگەڵ مامۆستا زیرەکەکانی پێشبینیکەر (جادوگەر) مەسەلە دژوارەکانی لێکدان و دابەشکردنم شیکارکردووە... ئەلف وبای هونەری سۆمەری و بێ ناوەڕۆکی ئەکەدیم خوێندووە، کە زاڵبوون بەسەر ئەوەدا گرانە. سواری ئەسپی ڕەسەنی خۆم دەبووم و بەشادمانییەوە ئەسپ سواریم دەکرد. کەوانم**

هەڵدەگرت و تیرهاوێژیم دەکرد، کە نیشانەی دلێریم بوو. تەلاشە بەردەکانم وەك نەیزەهەڵدەدا. جڵەوی ئەسپەکانم وەك ئەسپسوارەکان بەدەستەوە دەگرت و چەرخەکانی گالیسکەم دەهێنایە جوولە... لەهەمان کاتدا خەریکی فێربوونی ئاداب و ڕێوڕەسمی پاشایەتی بووم، شاهانە بەڕێگادا دەڕۆیشتم، فەرمانم بەسەر پیاوماقوڵەکاندا دەدا. باوکم بەرهەمهێنەری من شایەتی ئەو دلێریەبووم کە خوا گەورەکان لەچارەی منیان نووسی بوو) [76].

## ژیانی ئیتر لەدەست خۆیدا نەبوو

لەئەنجامدا بۆ هەموو جێنشینێك ڕۆژێك دادەهات کە دەبووا تاقی بکرایەتەوە، ساتێك کە باوکی (بەدوای سوپاسنامەکەیدا دەڕۆیشت) پاشای مردوویان لە تابوتێکی بەردینی نەخشێنراو و قورسدا دادەناو لە ئاشور کۆنترین و بەرێزترین پایتەختی وڵاتی ئاشور دەیانناشت. لەدوای ماوەیەکی کەم ڕێوڕەسمی تاج لەسەرنانی جێنشین ئەنجام دەدرا. یەکەمجار خزمەتکارەکان ئەویان لە کەژاوەیەکدا بەرەو پەرستگای ئاشور دەبرد، لەکاتێك کە کاهینێك بەچواردەوریدا زەنگی لێ دەداو بەردەوام هاواری دەکرد:"ئاشور



لەم وێنە بەناوبانگەی سەرئەودیوارە کە لە کۆشکی ئاشوربانیپاڵ لە نەینەوا دۆزراوەتەوە، ئەو لە گالیسکەی پاشایەتی خۆیدا وەستاوە.

پاشایە!" کە دەگەیشتنە ناو پەرستگا جێنشین دیارییە گرانبەهاکانی پێشکەش بە قاپی خوا

---

[76] Quoted in Luckenbillm Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol. 2, p. 379.

دەکردو پاشان دادەبەزییە سەر زەوی و لە هەمان کاتدا کاهینێك ئەوی چەور دەکرد, پاشان کاهین بەرەسمی شتە ئاشکراکانی پاشایەتی— تاج و گۆچانی نینلیل (هاوسەری فریشتەی ئاشور)— پێشکەشی ئەوی دەکرد، بەدرێژایی ئەم ماوەیە ئەم دروشمانەیان دەژمارد:

**"تاجی پاشایەتی بۆ سەرسەرت- با ئاشور و نینلیل... بۆ سەد ساڵ ئەوە بەتۆ بسپێرن... با لەبەردەم قاپی ئاشور، خوای تۆ، ڕوحیانەتی تۆو ڕۆحیانەتی کوڕەکانت پەسەندبکرێت. با گۆچانی سافی پاشایەتییەکەت ناوچەکەت فراوان بکات. با ئاشور شادی و دادپەروەری و ئاشتیت پێ ببەخشێت"** [77].

لە ئەنجامدا پاشای نوێ بەرەو کۆشکی خۆی بەڕێدەکراو لەوێدا پیاو ماقوڵەکان و خاوەن پلەوپایەکان بەئاشکرا هەستی پاشایەتی ئەویان ڕادەگەیاندو ڕێزیان لێدەنا لەوانە بەدوای ئەوەدا پشووی گشتی ڕابگەیەندرایە و جەژن و شادمانی دروست بووایە.



**جیاوازی چینە کۆمەڵاتییەکان، کە ئاڵۆزی کۆمەڵگا پیشاندەری ئەوەیە، لەم وێنە چاککراوەیەدا ئاشکرایە کە (لە چەپەوە بۆ ڕاست) مرۆڤێکی ئاسایی و نووسەرێك و پلەدارێکی دەرباروو پیاوماقوڵێك پیشان دەدات.**

پاشای نوێ کاتێك کە لەسەر تەختی پاشایەتی دادەنیشت تێدەگەیشت کە ژیانی بەمانایەك ئیتر لەدەست خۆیدا نییە، چونکە ئەرکەکانی ئەو زۆرو هەمەچەشن بوو. بەبێ دوودڵی یەکەم و لەپێش هەمووانەوە ئەو فەرمانەدی گشتی سوپا بوو، بەدەستی بوو کە بە ئارەزوو، ئیرادەی خۆی دەستبە

77 . Quoted in Roux, Ancient Iraq, p.315.

جەنگ بکات و نەخشەسازیی بۆ چالاکییە سەربازییەکان بکێشێت. بەپێی کەلتور ئەو دەبووایە دڵنیابووایە کە خۆراکی ڕۆژانەی سوپاکانی بە ڕێکوپێکی دابەش دەکرێت، چاوی بە سەربازەکانی دەکەوت و هەرخۆی ڕابەرایەتی چالاکییە سەربازییەکانی دەکرد. لە دەربار‌دا فەرماندەکان و کارگوزارەکانی تری دادەمەزراند، لەگەڵ خاوەن پلەوپایە بەرزەکان و سەفیرەکاندا دادەنیشت و پێشوازی لێدەکردن، بەدواداچوونی بۆ شکاتە جۆراوجۆرەکان دەکرد. زۆربەی ئەم شکاتانە بەشێوەی عەریزە بوو بە ئەنجامدانی دادپەروەری لەلایەن شاوە. نامەیەکی بەجێماوی یەکێك لەم عەریزانە لە کەسێکەوەیە بە ناوی (نابوبالاسویکبی) بۆ ئاشوربانیپاڵ دەنووسێت:

(چ پێشهاتێکە کە چەندان عەریزەم بۆ خاوەن شکۆ ناردووە، بەڵام هیچ کاتێك کەس لەمنی نەپرسیوە؟ لەوانەیە کە بەتاوانێك بەرامبەر بە خاوەن شکۆ تاوانبار کرابێتم، بەڵام من تاوانێکم بەرامبەر بە خاوەن شکۆ نەکردووە، من تەنیا ڕۆیشتم و فەرمانی شام بەقاچی خۆم گەیاند، لەگەڵ ئەوەی کە وتم "من لەلایەن دەربارەوە فەرمانم پێدراوە"، بەڵام ئەو ئەوەندە بێ شەرف بوو کە هەموو ماڵ و سامانی لێوەرگرتم. تەنانەت منی دەستگیرکردو کەلەپچەی کردم و بە زنجیر بەستمییەوە، ئەویش لەبەردەم هەموو خەڵکدا لە ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا هیچ کەس شتێکی بە من نەداوە کە بیخۆم. دەبێت خاوەن شکۆ بزانێت کە هەر ئەو دوو پیاوەی کە زێرو گەورهەرەکانیان لەملی مندا فڕاند هێشتا هەر خەریکی پلاندانانن بۆ لەناوبردنی من و ماڵ وێران کردنی من، چەندەها قسەی مەترسی داریان لەبارەی منەوە بەگوێی خاوەن شکۆ گەیاندووە!)[78].

بەزیادبوونی لە ئەستۆگرتنی زۆربەی ئەرکە گەورەو بچووکەکانی سەربازی و دەربار، چاوەڕوان دەکرا لە شا بە ئەرکەکانی وەك کاهینی گەورەش کاربکات، ئەم ئەرکانە چاودێری دروستکردن و پارێزگاری پەرستگاکان و دانانی کاهینەکان و ڕابەرایەتی مەراسیم و جەژنە جۆراوجۆرەکانی مەزهەبی، ئەنجامدانی قوربانی یەکجار زۆرو ئاڵۆزی پەیوەست بە بەختگرتنەوەو پێشبینی کردن و ئەستێرەبینین و جادوگەریی لەخۆگرت بوو.

[78] Quted in Oppenheimm Letters from Mesopotamia, pp. 179 -80.

## خاوەن زەوییەکان و کرێکارەکان

ئەگەرچی لە ئاشوردا لەلایەنی تیۆرییەوە هەموو دەسەڵاتەکان لەدەستی شادابوو، بەڵام ئەو بۆ بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەت ئاسایی دەبوایە هەندێك لە کارەکانی خۆی بە پیاو ماقوڵە دەوڵەمەندەکان، کە چینێکی ژمارە کەم, بەڵام زۆرکاریگەریان پێکدەهێنا بسپێرێت. سەرەڕای (تارتانو) (فەرماندەی سوپا دەسەڵاتی دوای پاشا بوو)، پلەوپایە گرنگەکانی ترو پلە بەرزەکان جارچی دەربارو موفەتیش و سەرۆك وەزیری لەخۆ دەگرت. بەرووکەش هەموویان جگە لە تارتانو بەگشتی وەك ڕاوێژکارانی شا کاریان دەکرد. لە دەرەوەی پایتەخت حوکمڕانەکانی ویلایەتی (بل پیهانی)و ژێردەستی ئەوان زنجیرەیەك پلەداری جێبەجێکردن کە بریتی بوون لە گوندەکانی دەوروبەری (رب ئالانی)و سەرۆکی شارەکانی (هازانو).

بێگومان هەموو ئەم پلەوپایە بەرزانە لە ژیانێکی نایاب سوودمەندبوون و لە خانووە ئارامەکاندا دەژیان کە خزمەتکاری زۆری هەبوو، خۆیان خاوەنی زەوی بوون. لە ئاشوردا لە لایەنی تیۆرییەوە هەموو زەوییەکان بە شا یان پەرستگا مەزهەبییەکانەوە گرێدرابوو، بەڵام بە پراکتیکی شا یان پەرستگاکان موڵکەکانیان بە کەسە پلە بەرزەکان دەسپاردو ئەم بەشە لە سیستەمی پاداشت داندا بوو کە بۆ پاراستن و بەردەوامی گەورەیی و بەڕێوەبردن داڕێژرابوو. سەرەڕای ئەم بنەمایە ئەم جۆرە موڵکانە فراوان و لە تەنیشت یەکترەوە نەبوو کە هەزاران بەندە لەوێدا بەکارەوە خەریك بن، وەك ئەوانەی کە چەندان سەدە دواتر لە ئیتاڵیای ڕۆمیدا دەرکەوتن. زۆربەی موڵکەکانی ئاشور تاڕادەیەك بچووك بوون و گەورەترینیان تەنیا (250) ئاکرا* فراوان بوو، ئەگەرچی خاوەن زەوییەکی دەوڵەمەند لەوانەبوو خاوەنی چەندان موڵکی لەم جۆرە بێت لە ناوچە جیاوازەکانی ئیمپراتۆریەتدا.

---

* Acre: یەکەیەکی پێوانەیی زەوییە، یەکسانە بە (4050) مەتر چوارگۆشە

## خەریکبوون بە بەختگرتنەوەو ڕۆحە پیسەکانەوە

**پاشاکان و پیاوماقوڵەکانی ئاشور بایەخێکی زۆریان بە بەختگرتنەوەو نوشتە دەدا. پاڕانەوەی خراپ و جنگرتن و ئەستێرەبینین و شێوەکانی تری خورافیات و جادوگەریی. خۆیان بەمانەوە خەریك کردبوو، لەم هەڵبژاردەیەدا ئەو نامانەی کە کاهینەکان بۆ شا ئەسرحەدونیان نووسی بوو ئاشکرایە (بە گواستنەوەی لە ئەی. لئو. ئۆپنهایم، نامەکانی نێوان دوو ڕووبار):**


**(لەبارەی پرسی خاوەن شکۆ لەم لایەنەوە پەیوەندی بەرکەوتنی لەگەڵ قەلەباچکە ڕەشەکان، بەختەکانی پەیوەست بەوەوە بەم شێوەیە:**

**(ئەگەر قەلەباچکەیەك شتێك بۆ ماڵی کەسێك بهێنێت، ئەو پیاوە شتێك بەدەست دەهێنێت کە بە ئەوەوە نەبەستراوە. ئەگەر ئەو شتەی بە بازێك یان قەلەباچکەیەکە بەسەر ماڵی کەسێك یان لەبەردەم قاچی پیاوێکدا بکەوێت، ئەم ماڵە پڕەدەبێت لە هاتوچۆ — هاتوچۆ بەمانای بەهرەمەندییە. ئەگەر باڵندەیەك گۆشتی باڵندەیەکی تر، یان هەرشتێکی تر هەڵبگرێت و بەسەرخانووی کەسێکدا بەریبداتەوە، ئەو پیاوە میراتێکی زۆری پێدەگات).**

**لەبارەی نووسراوەکەی خاوەن شکۆ بۆ ئەم لایەنەی ئەو مەراسیمە، ئەوانە دەبێت مەراسیمی (جنگرتن) ڕێك بەهەمان شێوەی کە خاوەن شکۆ هەتاوەکو ئێستا چەندان جار ئەنجامیانداوە، ئەنجامی بدەن. لەبارەیەوە... یاساکانی (دوعاو جادوو) کە دەبێت پێشکەش بکرێت، دەبێت پاشا ئەم یاسایانە بەوردی بپارێزێت. پاشا دەبێت ئەوەی کە لەسەر ئاگر لێنراوە نەیخوات، دەبێت پاشا جلوبەرگی فشی پەرستیارەکان لەبەربکات، دەبێت ئەو دووبەیانی بڕوات بۆ ڕووبارو خۆی بشوات، شا دەبێت ئەم مەراسیمە چەندان جار دووبارە بکاتەوە).**

بەم جۆرە خاوەن زەوی موڵکدارێکی غایب بوو، بەو مانایەی کە لە شارۆچکەیەك یان شاردا دەژیاو پارێزگاری موڵکەکەی ڕاستەوخۆ تەسلیم دەکرد، بەبڕیاری ئاشکرا ئەو کارکەرانەی کە دەبوونە مایەی سوودبەخشین بە خاوەن موڵکەکان پێکهاتەیەك بوون لە

کرێکارە ئازادەکانی کشتوکاڵ و سیرافەکان و لەوانەیە چەند بەندەیەك بووبێتن. بەداخەوە جیاوازییەکانی نێوان ئەم گروپانە بەهەمان شێوە پێگەی وردی کۆمەڵایەتی و بەشی ئەوانە نادیارە. بەرچاودەکەوێت کە کرێکارە ئازادەکان زۆرجار ناچاردەبوون بە بەکرێگرتنیان لەلایەن خاوەن موڵکەکانەوە گیان لەدەست بدەن، ئەگەرچی ئەو خۆراکەی کە ڕۆژانە وەك حەقدەست دەستیان دەکەوت لەوە باشتر نەبوو کە بەکرێکارە نائازادەکان دەدرا.



لە هەڵکۆڵدراوی سەردیوارێکدا لە نەینەوا، جوتیارە ئاشورییەکان هەنار و کولەی برژاو بۆ جەژنێکی بووکێنی دەبەن. کرێکارە بێ چارەکان بەردەوام لەلایەن چینە بەرزەکانەوە دەکەوتنە بەر ڕەنج کێشان.

لەوانەیە هەندێك لە کرێکارە ئازادەکان پارچە زەوی بچووکی خۆیان هەبووبێت، بەڵام باجی زۆریان دەدا، کە دەوڵەت ئاسایی زیاتر بەشێوەی (کاری ئیجباری) بەسەر ئەوانەیدا دەسەپاند هەتا دەستکەوتی پارەو کاری ئیجباری و کارێك کە لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی نزیکدا باوبوو، بە وتەی (دانیل سنێڵ): "لەلایەن کارگوارەکانەوە وەك ڕێگایەك بۆ وەرگرتنی باجەکان لە جوتیارەکان بەکاردەهێنرا، بەبێ ئەوەی کە پێویستیان بەوەرگرتنی شێوەکانی پارە بێت، زۆرجار بۆ سەرنجدانی سەرچاوەکانی کار بە بەراوردێکی گەورەو بەئەنجامدانی چەندان ساڵی ئەو نەخسانەی بەکاردەهات کە جگەلەم شێوەیە لەوانەبوو نەوەکان بەدرێژایی

ڕۆژگار ئەنجامیان دابێت"[79] لەم ڕووەوە، زۆربەی جوتیارەکانی ئاشور دەوایە لە دوای وەرزی چاندن، لە جیاتی باجی خۆیان، چەندمانگێکیان لەکاری خۆیان بەدروست کردنی کۆشکەکان و حەفری کەناڵەکان و پڕۆژەکانی تری دەوڵەتەوە تەرخان دەکرد.

سنێل لەبارەی سوودوەرگرتن لەبەندەکان و سیرفەکان لە ئاشوردا پیشانی دەدات: بەندەکان لەهیچ یەکێك لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی کۆندا بایەخیان بەلایەنی ئابوری نەداوە. هێزی سەربازی دەسەلاتێکی کەمی هەبوو، ئەم کۆمەڵگایانە بۆ وەرگرتنی هۆشیاریی و چاودێری هەمیشەیی کە بۆ گەشەی کۆمەڵگای خاوەن بەندە پێویست بوو، ئامادەییان نەبوو. بەندەکانیان وەك دەستکەوتی جەنگی یان کالآی بازرگانی لەدەرەوە دەهێنا. لەوانەیە زۆربەی خێزانە دەوڵەمەندەکان لە یەکێکەوە تا پێنج بەندەی تایبەتییان هەبووبێت, بەلآم بەدەگمەن ژمارەی ئەم بەندانە لە پانزە تێپەڕی دەکرد. نەدەکرا بەشێوەیەکی کاریگەر سوود لەوانە وەربگیرێت بۆ کاری کشتوکاڵ بەهۆی ئارەزووی بەندەکان بۆ هەڵهاتن، لەم ڕووەوە کەمتر کۆششیان دەکرد.

**کۆمەڵگای ئاشور کە خاوەنی چینی پێکهاتوو لە تاکە بێ پلەش بوون کە بەندەنەبوون کرێکاری ئازادیش نەبوون. زاراوەی (سیرف) لەوانەیە زۆر ناڕێك بێت, چونکە بیرهێنەرەوەی سیستەمی فیودالیزمی ئەوروپایە کە لەوەدا جوتیارەکان تەنیا بە زەوییەوە نەبەسترابوونەوە, بەڵکو لە ڕووی پاراستنی سیاسەت و سەربازی ئەربابیشەوە دەیانتوانی بیانژمێرن[80].**

خاوەن زەوییە دەوڵەمەندەکانی ئاشور سەرکردەی جەنگی سەربەخۆنەبوون و مافی حوکم کردنیان بەسەر ئەو جوتیارانەدا نەبوو کە لە موڵکەکانیاندا کاریان دەکرد, هەر ئەوەندەش لەناو ئەم جۆرە جیاوازیانەدا کرێکاری چینی ژێردەستەی جیاواز هەبوو، سەلمێنراوە کە ئەوانە بەلایەنی کەمەوە لەشتێکدا هاوبەش بوون: ئەوانەش وەك جوتیارەکان

[79] . Snellm Life in the Ancient Near East. p.122.
[80] . Snellm Life in the Ancient Near East. p.p.122-24.

بێ نەوا و دەست بەتاڵ لە هەموو سەردەمێکدا، بە ڕێگایەك لەلایەن چینە باڵادەستەکانەوە بەڕێکوپێکی دەکەونە ژێر ڕەنج کێشانەوە.

## بەندەکانی ئاشور

**توێژەری بەناوبانگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ئەی. تی. ئومستد) لە کتێبی مێژووی ئاشوردا لەبارەی ژمارەو جۆرەکانی فرۆشتنی بەندەکانی ئاشور بۆچوونی خۆی پیشان دەدات و لەنێوان بەندەکانی ماڵەکاندا کە یان دەکڕدران یان بەهۆی نەدانی قەرزەوە دەگیران بۆ کاری بەندایەتی و دیلەکانی جەنگ، کە پلەیەکی نزمتریان هەبوو، هەڵسوکەوتی ڕەقتریان لەگەڵدا دەکرا، تایبەتمەندییەکانیان باس دەکات.**

**ژمارەی بەندەی ماڵەکان تاڕادەیەك کەم بوو. لە خێزانە کەمدەرامەتەکان تێکڕا بەندەکان ژن بوون کە بە بەرهەمهێنانی شتەکانی ماڵەوە، وەك چنین، خەریکبوون و زۆرجار لە ماڵی هاوسەری پلە دوودا (ئەو پیاوانەی کە وەك هاوسەری دووەم ژنی سیغەیان دەهێنا) دەردەکەوتن. ئەم پێگەیە لە بەهای بەندەیەکی ژندا تیشك دەداتەوە، کە لە بنەڕەتدا بە ئەندازەی بەندەیەکی پیاوە. تەنیا چەند خانوویەکی گەورە موڵکی ژمارەیەکی زۆری بەندەی پیاوبوون و بە ئەگەرێکی تاڕادەیەك دڵنیاوە بەگشتی ئەوانە خەسێندرابوون (ئەو پیاوانەی کە تۆوەکانی گونیان دەرهێنراوە). زۆرترین ژمارەی بەندەکانی کەسێکی تایبەت، سی کەسە، کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی قۆناغەکانی ئیمپراتۆریەت. بەشێکی گەورە لە بەندە خێزاندارەکان لە ماڵی خۆیاندا دەژیان، بە ئیشوکاری خۆیانەوە خەریکبوون، تەنیا (باج)ی ساڵانەی خۆیان بەپێی عورف و عاداتی چەسپاو بە ئەربابەکانیان دەدا... جگەلەم باجانەی ساڵانە بەرچاودەکەوێت کە ئەوانە لە مافی ئەوە بێبەش بوون و نەیاندەتوانی ئەربابی خۆیان هەڵبژێرن و دەبووایە کەم و زۆر لەژێر چاودێری تەنگ پێهەڵچنی ئەربابەکانی خۆیاندا بمێننەوە. لەم ڕووەوە بەندە یەکسەر سەرچاوەی داهاتێکی مسۆگەربوو بۆ ئەربابەکەی, بەڵام چارەنووسی ئەو بەخت بۆ گەڕاوانەی کە لە جەنگدا بەدیل گیرابوون بەتەواوی جیاوازبوو.**

**چاودێر ئەوانەی کەلەپچە دەکردو بە زنجیر دەیبەستنەوەو قامچی لێ دەدان، سوود لە کاری ئەوانە وەردەگیرا بۆ دروستکردنی سەکۆی کۆشکەکان و کارە سەرەتاییەکانی تر... گرووپی خێزاندارەکان بەشێکی گەورەیان لە بەندە فرۆشەکان پێکدەهێنا، تەنانەت دەوترا کە بەندەکە هیچ کاتێك بەبێ خێزانەکەی نافرۆشن.**

## ژیانی شارو ژنان

چینی نابودتر لە ئاشوردا، کە زۆرینەی کۆمەڵی پێکدەهێنا، بەگشتی لەخانووی لەڕادەبەدەری بچووکدا دەژیان. لە دەوروبەری ئەو گوندانەدا زۆربەی کات ئەم خانووانە لە گوندە بچووکەکاندا ڕێکدەخران. سەرەتاییترین خانووەکان کەپری خڕبوون کە لە لقەدارە بەیەکەوە چنراوەکان دروست کرابوون و سەقفەکەیان بەو قامیشانە داپۆشرابوو کە بەرێك قووڕی وشکەوەبوو بەیەکەوە دەلکێندران. دەرگای دروستکراو لە دار یان قامیش لەسەر پاژنەیەك دەسوڕایەوەو بە تیرێکی بچووك دەبەسترایەوە کە لە زەویدا چەقێندرا یان بە دیوارەوە دەلکێندرا. تەویلەو پشتیری مەڕەکانیش بەهەمان شێوە دروست دەکران.



سەری ژنێکی ئاشوری دورستکراو لە عاج، لەچینی باڵا دەست، دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری (720)ی پێش زایین، کە لە نەمرود دۆزراوەتەوە.

خانووەکان کەمێك توندوتۆڵتر لە خشتی دروستکراو لە گڵی ڕۆس، کە لەگەڵ کادا تێکەڵکراوەو لەبەرهەتاو وشك یان لە کورەدا سوورکرابۆوە دروست دەکرا. خشتی سوورەوەکراو بەرگری زیاترو تەمەنی درێژتربوو، بەڵام بەرهەمهێنانی داهاتی زیاتری تێچووبوو, لەم ڕووەوە سوودوەرگرتن لەوە ئاسایی بۆ خانووە گەورەکانی دەوڵەمەندان و پرۆژەی بیناکانی دەوڵەت سنووردار دەکران[81].

خانووی گەورەتر، لەوانە خانووی خاوەن زەوییە غایبەکان، بەگشتی کەوتبووە شارەکانەوە. ئاشور بەبەراورد لەگەڵ زۆربەی کۆمەڵگاکانی تری سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایین، تاڕادەیەکی زۆر شارنشین بوو، واتە شاری زۆر قەرەباڵغی دە هەزار کەسی هەبوو. ڕیزە بەرفراوانەکانی خانووەکان و دوکانەکان و تەویلەکان و ئەنباری خشت بەیەکەوە پەستێوراوەکان، پەرستگاکان و کۆشکە ڕازاوە و بەشکۆکان دەوریان دابوو کە بەسەر ناوەندەکانی شاردا دەسەڵاتی هەبوو. زۆربەی دانیشتوانی هەژارتربوون لەوانەیە لە کێڵگە کشتوکاڵییە بچووکەکان کە بەگشتی کەوتبوونە چواردەوری دیوارەکانی شارەوە کاریان کردبێت. نیشتەجێبووەکانی تری شار لەناو دیوارەکانی شاردا وەك خاوەن پیشەو بازرگان و دوکاندارو کرێکاری (کارگە) کاریان دەکرد.

کارخانەکان بەڕووکەش کارگەکانی دەوڵەت بوون کە لەوانەدا گروپە بچووکەکان یان گەورەکان لەتاکەکان قاڵییان دەچنی و گوڵیان لەسەر پاچەکان دەچنی، یان بە بەرهەمهێنانی کەرەستەکانی ترەوە خەریکبوون بۆ سوودوەرگرتنی دانیشتوانی کۆشك یان پیاوماقوڵەکانی ناوچەکە.

---

[81] ـ بۆ زانیاری لەبارەی یەکێك لە توێژینەوە زۆرباسەکان، بۆ پرۆسەی فێرکاری و زۆر ئاسان بۆ خوێندنەوە لەبارەی کەرەستەکان و ئامێرەکان و شێوازەکانی بیناسازی و ئەوەی کە چۆن سوود وەردەگیرت لەوانە بۆ خانووەکان و کۆشکەکان و پەرستگاکان و ڕێگا ئاوییەکان و هیتد، بڕوانە ئەمە:
L. Sprague de Camp, The Ancient Engineers. New York: Ballantine Books, 1963, specifically, "The Mesopotamia Engineers" pp. 46 -82

هەندێك لە شایەتەكان حەكایەتی ئەوە دەكەن كە بەشێكی زۆری كرێكارەكانی ئەم كارگانە ژنان بوون (كە زۆربەی ئەوانەش بەندەبوون). لە ئاشوردا وەك هەموو كۆمەڵگاكانی كۆن، ژنان بەگشتی ژێردەستەیی پیاوان بوون. لەوانەیە حاڵەتی ناوازە لەم یاسایەدا هەبوویێت، چونكە لەبارەی چینە ژێردەستەكانەوە زانیاری لەبەردەستدا نییە، لەوانەیە كە لە خێزانە هەژارەكانی جوتیاراندا ژنان لە بڕیاردان لەگەڵ مێردەكانیاندا لە مافی یەكسانی سوودمەندبوو بێتن.

زانیاری باوەڕپێكراو كەمێك لەبەردەستدایە لەبارەی ژنانی چینی باڵادەستی شار (كە بە بەراورد بە ژنانی سۆزانییەكان و ژنانی ساقی، كە ئەوانەش لە شارەكاندا نیشتەجێ بوون، لە ڕێزێكی زیاتر سوودمەندبوون. ئاشورناس (جۆرج كونتنو) ئەركە كۆمەڵاتییەكانی كچێك، دایكێكی شایەنی ڕێزلێگرتن بەم شێوەیە كورت دەكاتەوە:

كچ هەتا كاتی شووكردنی لەژێر سەرپەرشتی باوكیدا دەمێنێتەوەو ئەو مافی ئەوەی هەبوو كە كچەكەی بەهەر كەسێك بەشوو بدات كە خۆی بە گونجاوی دەزانی... لەپێش خێزان دروستكردندا مەراسیمی دەستگیرانێتی ئەنجام دەدرا، كە لەو ماوەیەدا مێردی ئایندەی كچ عەتری بەسەریدا دەپرژاندو دیاری و ئازوقەی بۆ دەهێنا. لەدوای ئەوە كچ بەو شێوەیە بە ئەندامی تەواوی خێزانی مێردی داهاتووی دەژمێردرا، ئەگەر ئەو بمردایە كچ لەگەڵ یەكێك لە براكانی ئەو، یان ئەگەر برای نەبوو، لەگەڵ یەكێك لە خزمە نزیكەكانیدا خێزانی دروست دەكرد، خێزانێكی ڕاستەقینە... بەشێوەی گواستنەوەی هاوسەر بۆ مێردەكەی ئەنجام دەدرا... مەراسیم لەگەڵ خودی گرێبەستی هاوسەرێتیدا هاوكات بوو، ئەگەر ئەم تەشریفاتە نەكرایە، ژیانی هاوبەش لە ماوەی قۆناغێكی دوو ساڵیدا... بەرامبەر بە گرێبەستی هاوسەرێتی پەسەند دەكرا. ژیانی هاوسەرێتی پێویستی بەوە بوو كە یان ژن لە ماڵی باوكیدا بمێنێتەوە یان لەگەڵ مێردەكەیدا بۆ ماڵی ئەو بڕوات. بەو شێوەیە یەكەمجار مێرد بڕێكی بە ژنەكەی دەدا بەناوی دوماكی وەك نەفەقە، ئەگەر مێرد بمردایە، ئەم مافە بۆ بێوەژنێتی ئەو بە پارێزراوی دەمایەوە، بێگومان بەو مەرجەی كە لە مردووەكەوە بۆ كوڕەكان یان براكانی بەجێمابوو... لەلایەكی ترەوە ئەگەر شووكردووی گەنج بۆ بەسەربردنی ژیان بۆ ماڵی مێردەكەیان دەچوون، كچ لەگەڵ خۆیدا یەك شیركو یان پێداویستی و

کالآی بووکێنی دەبرد ... . شیرکو ... داراییەك شایەنی ئەوە نیە بە مـنداڵەکانی ئەو پسپێرریێت، براکانی مێردەکەی بایەخییان بەوە نەدابوو[82] .

## هونەرەکانی ئاشور

زۆر لە ڕاستییەوە دوورە کە ژنانی بەشەرەفی چینی باڵادەست لە کارگەکاندا وەك خاوەن پیشە کاریان کردبێت، چونکە هەڵبژێردراوەکانی کۆمەڵایەتی بەگشتی کارەکانی ئاستی خوارەوەیان بەکاری خۆیان نەدەزانی. سـەیر ئەوەیـە کـە ژیـان و شـوێنەواری زۆربـەی هەڵبژێردراوەکان ماوەیەکی زۆر پشتگوێ خرابوو، لەکاتێکدا کە شوێنەواری زۆربەی خاوەن پیشە نەناسراوەکانی چینی ژێردەست بەسـەلامەتی ماوەتـەوەو بەشـێوەی گـەورەترین دەسـتکەوتی کـەلتوری شارستانیەتی ئاشور شایەنی تێڕامانە، لەناو هونەرە بـەجێماوەکانی ئاشـوردا بێگومان لە هەمووی سەرنجڕاکێـشترو ڕەسـەنتر نـەخش ونیگـارە بەردینـە بەناوبانگ و بەشکۆکان بوون کە دیواری کۆشـکی شـاکانی دەڕازانـدەوە. لـە ژوورەکان و ڕاڕەوەکاندا یـەك لـەدوای یەکتر هەزاران مەتر نەخش و نیگـاری بەناوبانگ بەشـەکانی پانتـایی ژیـان و ڕووداو خوازەکانی شا دەکێـشران، لـە



پەیکەرە بەردینەکانیی گا باڵدارە زۆر گەورەکان، بەسەری مرۆڤ، وەك ئەمە، کە لەوانەیە کێشیان بە چل تەن بگات، زۆرجار لە دەروازەکان و تەلارەکانی پاشایەتیدا کۆشکەکانی ئاشوریان دەپاراست.

[82] Georges Contenau, Everday Li fe in Bablon and and Assyria. London: Edward Arnold, 1964, pp. 15-17.

هەندێك لەوانەدا دەتوانرێت شا لەکاتی نانخواردن لەباخەکانی پڕ لە درەختەکانی میوەدا ببینرێت، لە هەندێکی تردا ئەو بەڕاوی شێر یان وەرگرتنی باج لە باجدەرەکانەوە خەریکە، دیسانەوە لە هەندێکی تردا، ڕابەرایەتی سوپاکەی خۆی دەکات لەشەڕدا.

(چیستەرجی ستار) لەبارەی چۆنێتی بیٚ وێنەیی ئەم شوێنەوارەوە ئاشکرای دەکات:

**(لەلایەنی هونەرییەوە نەخش و نیگاری ئاشوری لە بەرزترین لووتکەدا بوو کە هونەری ڕۆژهەڵاتی نزیك دەستیان بەوە گەیشت بوو. سەکۆکانی گەمارۆدان و شەڕ زۆرجار خاوەنی هەستێکی فراوان بوون، لە تابلۆکانی ڕاودا گیانەوەرەکان بە واقیعگەراییەکی زیاتر لە ڕابردوو پیشان دەدران. لێرەدا هونەرمەندان بە هەستێکی زیندووی بزواوەوە و تەنانەت زۆرجار ڕەحمیان بەرامبەر بە شێرەکان یان کەرەکێوییەکان پیشان دەدات لەکاتی مردندا، لە تابلۆکانی تردا شا بە جلوبەرگی گڵۆنکەدار، ڕیشی درێژی بریسکەدار، شان و قاچی پان، پەیکەرێکی وەستاو، بەڵام بەهێزبوو. هەتاوەکو سەردەمی هونەری پاشایەتی ڕۆمی، ئیتر ئێمە چاومان بەو جۆرە هونەرمەندانە نەکەوت کە ئاراستەی خۆیان بە نووسین و کێشانی ئارەزوویەکی تایبەت لە هەریەکێك لە ڕووداوە مێژوویەکاندا سەرنجڕاکێشەر بێت[83].**

یەکێك لەو هونەرانەی تر کە هونەرمەندانی ئاشوری بایەخیان پێدەدا شێوەکاری بوو، هەندێك لەم شێوەکارییانە لەسەر خشتە شێدارە ڕوونەکان کرابوون, کە بۆ ڕازاندنەوەی پەرستگاکان و کۆشکەکان بەکاردەهاتن، هەندێکی تر لەسەر گەچ کە ئەو شێوەکارییانەی دیواری گیانەوەران چ لە بینا گشتییەکان و چ لە ماڵە تایبەتییەکاندا دروستیان کردبوو. نموونە بەجێماوەکان پیشاندەری شارەزایی لە ڕادەبەدەرو ئازادی دەربڕینەو لەلایەنی هونەرییەوە بەهیچ شێوەیەك لە نەخش و نیگارە بەناوبانگە هەڵکۆڵدراوەکانیاندا کەموکوڕی نییە. پیشەوەرەکانی ئاشوریش دەستکردی کانزایی جوان، لەوانە دەفرەکان و جامەکانی خواردنەوەو کەلوپەلی ڕازاندنەوەی برۆنزیی و زیویی و زێڕییان دروست دەکرد. کاری ئەوانە لە تاشین و شێوە پێدانی عاج بەهەمان ئەندازە جوان بوو، پیشەوەرەکان

---

[83] Chester G. Starr, Ahistory of the Ancient World. New York: Oxford Univerty pressm 1991m p.135.

تەپڵەکەکان و سیسەمەکان و کورسییەکان و دەرگاکانیان بە عاج ڕازاندبۆوە، بەهەمان شێوە پیاڵەکانی عاج و سندووقەکانی کەرەستە گەوهەرییەکان و گوڵدانەکان و دەرزی سنجاقەکان و کەوچکەکان و شانەکانیان لەژێر خاك و خۆڵەوە دەرهێناوە کە لە زۆربەی ئەوانەدا بەردی گرانبەها بەکارهاتووە. بەشێوەیەکی ناوازە گاکان و شێرە باڵدارە پەیکەرە گەورەکان بەسەری مرۆڤەوە کە لە دەروازەکان کۆشك و تەلارەکانی پاشایەتیدا پارێزگارییان دەکرد، تەنیا چەند پەیکەرێکی پارچەپارچە لەخۆوە وەستاو دۆزراوەتەوە.

## ئەستێرەناسی و پزیشکی

بەپێچەوانەی دەستکردە بەردین و کانزایی و عاجییەکان کە زۆرجار بۆ هەزاران ساڵ بەجێدەمان، کاغەزەکانی پاپیرۆس — کە نەتەوەکانی نێوان دوو ڕووبار زیاتر نامەکانی ڕۆژانەو یاداشتەکان و حسابەکانی ماتماتیك و ئەستێرەناسی و تێڕوانینە پزیشکییەکانی خۆیان لەسەر ئەوانە دەپاراست— بەخێرایی چۆنێتی خۆیان لەدەست دەدەن. لەم ڕووەوە زانیاری زۆر لەبارەی ئەستێرەناسی و پزیشکییەوە لەناوچووە. خۆشبەختانە بەشە بەجێماوەکان لە کتێبخانەی ئاشوربانیپالدا بریتییە لە ژمارەیەك لەوحەی خەتی بزماری پەیوەست بەم بەشانەوە. ئەم لەوحانە پیشانی دەدەن کە ئەستێرەناسەکان و پزیشکەکانی ئاشوریی هیچ دەستکەوتێکی تازە یان بنەمایەکیان نەبوو، بەڵکو یەکسەر درێژەیان بە کەلتورە وەرگیراوەکانی بابل دەدا، کە هەتاوەکو کاتێکی درەنگ کەتەلۆکی ئەسڵی کەلتوری بۆ ئاشورو وڵاتەکانی تری نێوان دوو ڕووبار مایەوە.

بۆ نموونە دابەشکردنی ساڵ بە دوانزە مانگی قەمەری لەلایەن بابلییەکانەوە، بە سەرتاسەری نێوان دوو ڕووباردا بڵاوبۆوە. پرۆفیسۆر ڕۆکس ڕوونی دەکاتەوە:

(ساڵ لە یەکەمین مانگی نوێدا لەدوای هاوتابوونی بەهار -یەکسانبوونی شەوو ڕۆژ- دەستی پێدەکردو بەسەر دوانزە مانگی ( **29** یان **30**)ڕۆژەدا دابەش دەکرا، هەموو ڕۆژێك خۆر لە ڕۆژئاواوە دەستی پێدەکردو بەسەر دوانزە (دوو کاتژمێری)دا دابەش دەکرا کە خودی ئەمانەش بەسەرشەست (دوو خولەکی)دا دابەش دەکران. سیستەمێك کە هێشتا ئێمە پەیڕەوی دەکەین و ئێمە قەرزاری بابلییەکانین بۆ ئەوە. بەداخەوە ساڵی قەمەری نزیکەی یازدە ڕۆژ لە ساڵی هەتاوی کورتترە، بەشێوەیەك کە لەدوای نۆ ساڵ ڕادەی جیاوازییەکە بە وەرزێکی تەواو دەگات... بەدرێژایی سەدەکان دژواری ناکامڵ لە جیاوازی نێوان ساڵی هەتاویی و ساڵی قەمەریدا بەشێوەی حەزێك چارەسەر دەکرا، واتە شا بڕیاری دەدا کە یەك یان دوو مانگ کە بیسە (زیادە) (بۆ سەر بنەمای دەورەیەك) بۆ ساڵ زیاد بکات[84].



شەیتانێکی نەخۆشی دروستکەری ئاشوری-بابلی بەسەری شێرو قاچی هەڵۆ، کە گوزەرێکی کوتەروکەتەرێکی کوشندەی بە دەستەوەیە.

ئەستێرەناسەکانی ئاشوریش، کە زۆرینە یان زیاتری ئەوانە کاهین بوون، وەك هاوتاکانی بابلی خۆیان درێژەیان بە سەیرکردنی وردی ئاسمانەکان دەداو سەرنجی جووڵە ڕێکوپێکەکانی خۆرو مانگ ئەستێرەکانیان لەسەرتاسەری دوانزە بورجدا (شێوەکانی

[84] roux, Ancient Iraq, p.p.336-37.

فەلەکی) ناوچەی بورجەکاندا بوو. ئامێرەکانی ئەوانە سەرەتایی بوون، بریتی بوون لەمیلی بەرز (جۆرێك کاتژمێری هەتاوی سەرەتایی)، جۆرێك کاتژمێری ئاوی (کە بە جوولەی ئاو کاری دەکرد) و پۆلۆس (کەرەستەیەك کە لە سێبەری تۆپێکی بچووکدا کە بە بەشی سەرەوەی نیوەگۆیەکەوە هەڵواسرابوو دەپیێوا) . ئەم چاودێرانە لە ڕێگای سەیرکردنی خۆڕاگرانە دووبارەو وردی ئاسمان بەپێی ئەو زانیارییە کۆکراوانەو پاشان ئەوانەیان بەپێی چارەنووس و کاریگەری ئەستێرە بەسەر ڕووداوەکانی ئایندەی مرۆڤدا تەفسیر دەکرد[85]. پاشاکانی ئاشور کە خۆیان کاهین بوون بۆ ئەم پێشبینییانە بە ئەرزشێکی زۆر ڕازی دەبوون و زۆرجار ڕووداوە گرنگەکان و پەیماننامەکان لەسەر بنچینەی ئەوانە ڕێك دەخران.

لەمەیدانی پزیشکیشدا ئاشورییەکان وەك بابلییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە نەخۆشی و نارەحەتی خواکان دەبنەهۆی ئەوەی هەتا مرۆڤەکان بەهۆی گوناحەکانیانەوە سزا بدەن. لەم ڕوانگەیەوە لەوانەبوو خواکان ڕاستەوخۆ کەسێك موبتەلا بکەن و ئەو لەناکاو نەخۆش بکەوێت، پزیشکەکان نیشانە دیاریکراوەکانیان بەناسینی ئەم خوا یان ئەو خوایان دەزانی, یان لەوانەبوو خواکان ڕاستەوخۆ کەسێك موبتەلا بکەن و ئەو لەناکاو نەخۆش بکەوێت، پزیشکەکان نیشانە دیاریکراوەکانیان بە ناسینی ئەم خوایان ئەو خوایان دەزانی. یان لەوانەبوو خواکان ڕێگا بە شەیتانەکان بدەن لەشی ئەوکەسە بخەنە ژێرکۆنترۆڵی خۆیانەوە، یان جادووگەرەکان و سیحربازەکان ئەو سیحراوی بکەن. سەیرنییە کە شوێنی قوربانیکردنی جادوویی و سیحرو فێڵ و دوعاو پاڕانەوەو قوربانیکردن و دەرمانە سەرەکییەکانی ئەم بەشەی کەلتوری جادوویی— مەزهەبی پزیشکی بوو کە بە ئەوەیان دەوت (ئاشیپویو).

85 . لەوێدا کە ئامانجی ئەم چاودێرە یەکەمیانە زیاتر پێشبینی ئایندە بوو هەتاوەکو دۆزینەوەی ماهیەتی ڕاستەقینەی ئەستێرەکان، لەوانەیە ووردتر ئەوەبێت کە زاراوەی ئەستێرە بینی(بەخت گرتنەوە) لەبارەیانەوە بەکاربهێنین هەتا ئەستێرەناسین (منجم)، یەکەمین ئەستێرەناسە ڕاستەقینەکان زانایانی یۆنانی سەدەکانی شەشەمو پێنجەمی پێش زاین بوون.

بەلایەنی کەمەوە لە قۆناغی سارگۆنییەکاندا چەند پزیشکێکیش هەبوون کە بەجۆرێك پراکتیکی تر لە پزیشکی بەناوی (ئاسوتو) خەریك دەبوون. ئەگەرچی ئەوانەش باوەڕیان بە شەیتانە ئاسمانییەکانی غەزەب و بەڵا هەبوو، بەدڵنیاییەوە لەبارەی بوونی میکرۆبەکان هیچیان نەدەزانی، بەڵام هەستیان دەکرد کە هەندێك لە هۆکارەکانی سروشتی وەك خاك و خۆڵ خواردن یان خواردنەوەی بۆگەن بوو، یان (ساری) نەخۆشی پەتا دەبووە هۆی هەندێك لە نەخۆشییەکان، بەگوێرەی ئەوە تێدەکۆشان هەندێك لە نەخۆشییەکان بە دەرمانەکان و دەرمانی گیایی و مەڵحەمەکان و لەوانەیە هەندێك لە جۆرە سادەکانی نەشتەرگەری چارەسەر بکەن.

شێوازێکی تازە کە ئەم شفادەرانە بە پراکتیکی بەکاریان دەهێنا پێشاندەری یەکەمین بزووتنەوەکانی شیکاری ڕاستەقینەی زانستییە لەسەر بنەمای نیشانەکان هۆو هۆکار کە لە چەند سەدەی دواتردا لە یۆنان ڕاست و دروستی تەواوتری پەیداکرد، بەڵام لەوکاتـەدا پزیشکی ئاشور وەك ئەو لایەنانەی ژیانی ڕۆژانەی نێوان دوو ڕووبار بەگشتی لەناو حسارو ژێر فەرمانی کەلتورە دێرین و بەردەوامەکاندا بوو کە پێیان لەسەر بەرێوەبردنی کۆمەڵگاو ئەندامانی ئەوە لە خوا نەمرەکان و نوێنەری زەمینی ئەوان واتە پاشا دادەگرت.

# بەشی شەشەم

## دێوێکی کەم دەوام:

## لێکهەڵوەشانی لەناکاوی ئاشور

لە سەرەتاکانی (639)ی پێش زاییندا کاتێك کە ئاشور دوژمنە دێرینەکەی, واتە عیلامی تێکشکاندو لەناوی برد، شا ئاشوربانیپاڵ دەبووایە هەستی سەرمەستی نەبوونی ئافات و بەڵاو بەختەوەری بکردایە. ئەو کەسانی پێشووی سێ سارگۆنی یەکەم، تاڕادەیەك توانیبوویان بەسەر هەموو دوژمنێکدا سەربکەون و شۆڕشەکەیان لە پانتایی ئیمپراتۆریەتی گەورەی خۆیاندا یەك لە دوایی یەکتر دابمرکێننەوە. تەنیا میسر توانیبووی خۆی لەژێر قۆچی ئاشوردا بکاتە دەرەوە، سەلمێنراوە کە ئاشوربانیپاڵ لەدوای چەسپاندنی ئەمن و ئاسایش لە سنوری ڕۆژهەڵاتدا، لە بیری ئەوەدا بوو کە چاکسازی لەم بارودۆخەدا بکات لە ماوەیەکی کورتدا. بە ڕووکەش بەرچاودەکەوێت کە پاشایەتی



لەم تابلۆی نمایشییە نوێکراوەیەدا لەسەر یەکێك لە زۆربەی نەخش و نیگارەکانی دیواریدا دۆزراوەتەوە لە کۆشکی ئاشوربانیپاڵدا، ئەمە دوایەمین پاشای گەورەی ئاشورە شێرێك دەکوژێت.

ئاشور تارادەیەك شایەنی تێکشکان نییەو سەرکەوتوویی و مەترسی خۆی بەسەر ڕۆژهەڵاتی نزیکدا بۆ نەوەکانی ئایندەش درێژەپێدا.

بەڵام بەو شێوەیەی ئاشکرا بوو تێك نەشکانی ئاشور هەر خەوو خەیاڵ بوو. لەماوەی ئەو ساڵانەدا ئاشور دەستی بە لەشکرکێشی و هێرشی بێ شمار کردبوو، بڕێکی زۆری لە سەرچاوە مادی و مرۆییەکان پاشەکەوت کردبوو، کە زۆربەی ئەوانەی لە شوێنە داگیرکراوەکانەوە وەك دەستکەوت وەرگرت بوو، بەردەوام تێکۆشابوو ئەرکی زۆر قورسی لەسەر یەکتری پاراستنی سەدان نەتەوەو شاری لەیەکتر دوورو ئامادەی شۆڕش یەکسەر بە زەبری شمشێر لە ئەستۆ بگرێت. ئەنجامی کۆتایی ئەوەبوو کە دۆستانی ئاشور بەشێوازێکی کوشندە خۆیان لەڕادەبەدەر فراوان کردبوو. ئاشورییەکان لەجیاتی دروستکردنی دۆستایەتی و یەکێتی لەناو دراوسێکاندا وریایانە دوای سیاسەتی جەنگ و وێرانکاری و ترس دروستکردن کەوتبوون و ئەم دراوسێیانەی خۆیان گۆڕی بوو بۆ دوژمنی چارەگران و سەرسەخت.

تەنانەت لەوەخراپتر، فەرمانڕەواکانی ئاشور بایەخێکی زۆرکەمیان دابوو بە گۆڕانکارییە مەترسیدارەکان لە ناوچەکانی پشت زنجیرە چیاکانی زاکرۆس. لەوێدا مادەکان، کە ئەربابەکانی ئاشور ئەوانەیان بەشتێك جگە لە نەتەوەیەکی دواکەوتوو لە کەناری شارستانیەتدا پیشان نەدەدا، لەکاتی کۆکردنەوەی هێزو دروستکردنی مەکینەیەکی سەربازی شایەنی تێکنەشکاندن بوون. ئەو گالیسکە تۆقێنەرە لەئەنجامدا لە پانتایی باکوری نێوان دوو ڕووباردا کەوتە جووڵەو ناوەندی ئاشوری تێکشکاند. لەم ڕووەوە لەکاتێکدا کە ئیمپراتۆریەتی بەهێزی ئاشور بە مێشکێکی ئارامەوە لە قەرەوێڵەی شانازی سەرکەوتنەکانی ئاشوربانیپالدا حەسابۆوە، بەوتەی ڕەخنەئامێزی جۆرج ڕۆکس: "لەناکاو ئاشکرابوو کە ئەم دێوە کەم دەوامە"[86].

[86] . roux, Ancient Iraq, p. 294.

## گیروگرفتی ناوخۆیی، مەترسییەکانی دەرەوە

لەوێدا کە ڕاپۆرتەکانی ئاشوربانیپاڵ لەدوای ساڵی چارەنووسساز لە (639)ی پێش زاییندا وەستا، لەناوبردنی ئەو جۆرە گرفتاریانەی کە ئەو وڵاتەکەی بە درێژایی پاشماوەی فەرمانڕەوایەتییەکەی لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو بووبوونەوە ئاسان نەبوو، بەڵام دەقە بەجێماوەکان لە جێنشینە ڕاستەوخۆکانی ئەوەوە، ئەگەرچی ناتەواو و بەربڵاوە، هەواڵی چەند پارچەیەتی ئەو ناوچەیە بەهۆی جەنگی ناوخۆیی و وێرانی وڵاتەوە دەدەن. لەدوای مردنی ئاشوربانیپاڵ لە (627)ی پێش زاییندا دوو کەس لە کوڕەکانی ئاشور -ئتیل- ئیلانی (ئاشور، قارەمانی خواکان)و سین -شار- ئیشکۆن (خوا سین شای داناوە) لەسەر تاج و دەسەڵات لە یەکترگیڤ بوونەوە بۆ شەڕ. بەپێی بڕیارێکی ئاشکرایی ئاشور -ئتیل- ئیلانی کە تارادەیەك لەبارەیەوە هیچ نازانین، لەم پێشبڕکێیەدا سەرکەوت و بۆ نزیکەی چوار ساڵ فەرمانڕەوایەتی کردو لە کۆشکی نەمروددا شوێنی نیشتەجێبوونی هەڵبژارد. ئەوەی کە لەشەڕدا کوژراوە، یان بەهۆی ئاساییەوە مردووە یان کوشتوویانە نادیارە، ئەوەی کە سەلمێنراوە ئەوەیە کە براکەی سین - شار- ئیشکۆن لە ساڵی (623)ی پێش زاییندا دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.

لەبەشێکی دەستکاریکراوی یەکێك لە ڕاپۆرتەکانی شای نوێ ئاماژە بە وێرانی شارەکان لە شەڕی ناوخۆو بە (هاوپەیمان)ەکەی تارادەیەك بەدڵنیاییەوە برا مردووەکەی دەکات:

**(لە سەرەتای پاشایەتیمدا لە یەکەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتیمدا کاتێك کە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایەتی دانیشتم، هەتاوەکو ئەو شارانەی (وێران بووە) ئاوەدان بکەمەوە، هەتا پەرستگاکان و دیوارەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی ئاشورییەکان بەشێوەیەکی تەواو نوێ بکەمە*و ... بەمەستێکی**

**چەسپاوەوە من* و خوا گەورەکان، کە من پەروەردگاری ئەوانە دەپەرستم ئامانجی منیان لەبەرامبەر (هاوپەیمانەکانم)دا ئاشکرا کردووە*، دیسان ئەو ڕووناکییەی کە ئەوان هەیانە[87].**

لەکاتێکدا کە ئاشور بەهۆی گیروگرفت و نائارامی ناوخۆوە ڕووی لەلاوازی دەکرد، لە هەمان کاتدا خۆی ڕووبەڕوو لەگەڵ مەترسییە دەرەکییە بەردەوامە ڕوولەزیادبووەکاندا بینییەوە. لەسەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژێردەستەکان و باجدەرەکانی سوودیان لە گیروگرفتەکانی ئەو وەرگرت، یان پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا لە نەینەوا پچڕان و یەکسەر ئەوەیان پشتگوێ خست. قەیرانەکە ڕووی لە ناهەمواری کرد، مەترسی سەرەکی و کتوپڕ بۆ سەر ئاشور لەلایەن هاوتا دێرینەکەی بابل دەرکەوت کە لەوێدا لە (626)ی پێش زاییندا کلدانییەك بەناوی (نەبو پولسەر) هێزە جێگیرەکانی ئاشوری لە پایتەخت کردە دەرەوەو تاج و تەختی داگیرکرد. ئەمە نیشانەی دەستپێکردنی فەرمانڕەوایەتی گەورەترین و بەناوبانگترین بنەماڵەی بابلی کلدانییەکان یان (بابلییە نوێکان) بوو کە نزیکەی سەدەیەك لەنێوان دوو ڕووباری خوارووی شکۆمەندانە حوکمیان کرد.

نەبو پولسەر بچووککردنەوەی نیاکانی، لەوانە مەرودەك— بەلدانی پشتگوێنەخست بوو، کە لەو هەوڵانەی خۆیان بۆ ئازادکردنی بابل لە دەسەڵاتی سەپاوی ئاشور شکستیان خواردبوو. ئێستاکە نەبو پولسەر دەسەڵاتی تەواوی بەسەر شاری بابلدا هەبوو، درێژەی بە جەنگ داو ئاشورییەکانی لە شارەکانی بابلی یەك لە دوای یەکتر دەرکرد. لە (616)ی پێش زاییندا خۆی ئامادەکرد بۆ هێرشکردنە سەر خودی ئاشور، گاهشماری بابلی قۆناغەکانی فەرمانڕەوایەتی ئەوو پێشڕەوییەکەی بەدرێژایی کەنارەکانی فوراتبەم شێوەیە نووسیووە:

---

* نیشانەی لەناوچوون، یان خەتی ئالۆزو نەخوێندراوە لە شوێنەوارە کۆنەکاندا.

[87] Quoted in luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol.2, p. 412

**(نەبو پولّسەر لە سالّی دەیەمی فەرمانڕەوایەتیدا لە مانگی ئایار(گولّان) سوپای بابلی ئامادەکردو بەرەو کەنارەکانی فوڕات لە باکور پێشڕەوی کرد... لە مانگی ئاب (خەرمانان) ڕاپۆرت بە ئەوان گەیشت کە سوپای ئاشور لە شاری (کابلینی)یە. نەبو پولّسەر بەرەو ئەوانە پێشڕەوی کرد...هێرشی کردە سەر سوپای ئاشور. سوپای ئاشور... ڕووبەڕووی شکستێکی سەخت بۆوە. ئەوانە زۆربەیان بەدیل گرتن. زۆربەی پیاو ماقولّەکانی ئاشوریان بەدیل گرت[88].**

نەبو پولّسەر شاری ئاشوریشی گەمارۆدا، بەلاّم نەیتوانی ئەوە بگرێت، یەکێك لە نیشانەکانی ئەوەی کە تا چ ڕادەیەك ئاشور لەو ساتەدا دووچاری پەرێشانی و نائومێدی بووبوو، داوای یارمەتی لە (شا سین- شار- ئیشکۆ)کرد لە میسر، واتە لە یەکێك لە قوربانییە سەرەکییەکانی هێرشەکانی پێشووی ئاشوردا لەوانەیە لەبەرئەوەی کە میسرییەکان لە دەسەلاّتی (دم افزون) بابل زیاتر ترسیان هەبوو بێت لە توانای لەرزێنەری هەنووکەیی ئاشور. بۆ ماوەیەکی کاتی دوژمنایەتی و ڕق و کینەی خۆیان بەرامبەر بە ئاشور وەلاوە ناو بە ناردنی یارمەتی ڕازیبوون. لەوانەیە ئاشور بە پشتیوانی میسرییەکان بیتوانیایە دەستی بگات بە جۆرە ئاگربەستێك لەگەلّ بابلداو لەم ڕێگایەوە خۆی لەوێرانبوون ڕزگار بکات, بەلاّم دوو هۆکار دژی ئەم بەرنامەیە کاریکرد. یەکەم: میسر لەبەر پێگەی جوگرافی سوپاکانی نەنارد بۆئەوەی کە بارودۆخەکە بگۆڕێت.

دووەم: لە هەمووی گرنگتر کە لەم بەشەدا هەستیاربوو کە گەمەی دەسەلاّت لەنێوان دوو ڕووباردا بە هاتنە ناوەوەی لەناکاوی جۆکەرێك، سیاسەت —بواری سەربازیی — پێشڕەوی مادەکان —بەخێرایی گۆڕا.

---

88 . Quoted in lucken bill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol.2, p. 417.

## گەمارۆو دژەگەمارۆ

**ئەم هەڵبژاردەیە لە گاهشمار نەبو پوڵسەرەوەیە (بەگواستنەوەی لە دانیل دی. لوکنیلەوە بەڵگە کۆنەکانی ئاشورو بابل) هەوڵی سەرنەکەوتووی ئەو بۆ داگیرکردنی شاری ئاشور لە ڕووداوی یەکەمین هێرشی ئەو بۆ ناوجەرگەی ناوچەی ئاشور لە (616 – 615)ی پێش زاییندا، پاشەکشێی دواتری ئەو بەهەمان شێوە دژەگەمارۆسەرنەکەوتووەکەی کە هاوپەیمانەکەی دەستی بەوە کرد باسی دەکات:**

**(لە یازدەمین ساڵی (نەبو پوڵسەر)دا پاشای ئەکەد (بابل) سوپاکەی ئامادەکردو لە کەنارەکانی دیجلەوە بەرەو سەرەوە پێشڕەوی کرد. لە مانگی ئایار(گولان)دا لە قەراخ شاری ئاشوردا جێگیری کرد. لە ڕۆژی سیمانۆ (جۆزەردان)دا هێرشی کردەسەر شار، بەلام شارەکەی نەگرت. پاشای ئاشور سوپاکەی ئامادەکردو پاشای ئەکەد خەریك بوو لە ئاشور دەگەڕایەوە، بەدرێژایی دیجلەو هەتا شاری تکریت دوایکەوت. پاشای ئەکەد سوپاکەی کردە ناو قەلای تکریتەوە.**

**پاشای ئاشورو سوپاکەی لە بەرامبەر سوپای پاشای ئەکەددا کە لە تکریت گەمارۆدرابوو، ڕیزیان کردو بۆماوەی (دە) ڕۆژ هێرشیان بۆ ئەوان برد، بەلام شارەکەیان نەگرت. سوپای پاشای ئەکەد ئاشوری پیس تێکشکاند. پاشای ئاشورو سوپاکەی کۆتاییان پێهێناو بۆ سەر زەوی خۆیان گەڕانەوە.**

## دەرکەوتنی وڵاتی ماد

لەپێش ئەوەی کە پاشاکانی ئاشور بە فراوانکردنی حکومەتی توندوتیژو بێ ڕەحمانەی خۆیان لە بەشە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکەوە خەریکبن لە سەدەی نۆیەمی پێش زاییندا، تۆوی وێرانی و فەسادی ئەوانە لە ناوچە بەرزەکانی بیابانی ئێراندا چێندرابوو. لەوانەیە

کاتەکەی لەنێوان (1100و 1000) پێش زایینیدا بووبێت، بەدرێژایی دووەمین قۆناغە تاریکەکانی نێوان دوو ڕووبار، ئەو گروپە بچووکانەی کە خۆیان ناودەنا (ئاریەکان) لە زەوییەکانی دەشتێکی ڕۆژئاواو باکوری دەریای خەزەرەوە بەرەو بیابانی بەرزی ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس سەرەولێژ بوونەوە. ناوی ئێران، کە لەدواییدا بۆ ناونانی ئەم ناوچەیە بەکارهات، لە وشەی ئاری ناوەوە بەمانای (سەر زەوی ئارییەکان) وەرگیراوە. لەناو ئەم نەتەوانەدا مادەکان هەبوون کە لە دەستپێکی یەکێتییەکی نارێکوپێکدا لەو خێڵانەبوون کە بەدرێژایی هەمان ئەو ساڵانە کە ئیمپراتۆریەتی ئاشور لە پانتایی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لە دۆخی فراوانبووندا بوو، قەرەباڵغترو بەهێزتر بوون.

لە نیوەی سەدەی هەشتەمی پێش زایینیدا دوو نەتەوە بەو شێوەیەی لە ڕاپۆرتەکانی تیگلات پیلصەری سێیەم و سارگۆنی دووەمدا نووسراوە گیروگرفتی جەنگەکان دەوری بوو. لەدوای شکستی مادەکان ئەوان ڕێکەوتنامەیان لەگەڵ ئاشوردا ئیمزا کرد کە گومان دەکرا ئەوانە ببن بە بەشێك لە قەڵەمڕەوی ئاشور. یەکێك لەم ڕێکەوتنامانە، کە ئەسرحەدون و ڕێبەرێکی ماد بەناوی (ڕاماتایا) لە دەوروبەری (672)ی پێش زایینیدا لەسەری ڕێکەوتن، بەجێماوەکە بەشێکی ئەوە بەم شێوەیەیە:

(ئەمە پەیمانێکە کە ئەسرحەدون شای جیهان، پاشای ئاشور لەگەڵ ڕاماتایا ئەمیری شاری (ئوراکازابارنا) دەیبەستێت... ئەمە پەیمانێکە کە ئەسرحەدون لەگەڵ تۆدا بە ئامادەبوونی خوا گەورەکانی ئاسمان و زەوی لەبارەی ئاشوربانیپاڵ, جێنشین، کوڕی سەروەرت ئەسرحەدون، کە وەك جێنشین ناونراوەو دانراوە دەبەستێت. کاتێك کە ئەسرحەدون مرد، ئەو (ئاشوربانیپاڵ) پاشایەتی و فەرمانڕەوایەتی ئاشور بەسەر تۆدا کارەکانی دەکات. تۆ دەبێت لە شارو لادێدا پارێزگاری لەو بکەیت.. تۆ دەبێت بۆ ئەو بجەنگی و بمری.. نابێت دوژمنایەتی لەگەڵ ئەودا بکەیت.. نابێت دژی ئەو هەستیت یان شتێك لەدژی ئەو لەئەستۆ بگری کە شایستەو شیاو نییە)[89].

[89] Quoted in Laessoe, people of Ancient Assyria, 117-18.

بەهۆی بوونی ئەم ڕێکەوتنامانەوە نەتەوەکانی بیابانی ئێران، کە لە دەسەڵاتی ناوەندی لە نەمرودەوە دووربوون و چاودێریکردنی ئەوانە دژواربوو، بەگشتی بە پەراوێزی لە دەسەڵاتی ئاشوردا مانەوە، گوندی مادەکان بەو پێکهاتەیەی کە لەپێش ڕووداوەکاندا هەبوو، واتە یەکگرتنی خێڵە تایبەتەکان لە میللەتێکی بەهێزو بە هەیبەتدا درێژەیان پێدا. پاشاکانی ناوخۆ بە ناوەکانی (دیائەکۆ) لەدەوروبەری (647-700)ی پێش زایینداو کوڕەکەی (فرورتیش) لە نەخشەی دوو بینای سەرەکیدا ئەم هەوڵەیان دەرکەوتووە. مێژوونووسی یۆنانی (هیرۆدۆت) باسی دەکات کە چۆن دیائەکۆ پاشایەتییەك و پایتەختێکی نوێ و بەشکۆی دروست کرد:

(یەکەمین هەنگاوی دیائەکۆ ئەوەبوو کە فەرمانی بەدەست و پێوەندەکانیدا کۆشکێکی شایستە بۆ پاشا دروست بکەن و گاردێکی شەخصی بۆ پارێزگاری ئەو ئامادەبکەن. مادەکان جێبەجێیان کرد.. کۆشکێکی گەورەو خاوەنی پایەو توندوتۆڵییەکی باش لە شوێنێکدا کە خودی ئەو چاوەڕوانی بوو دروستیان کرد، ڕێگەیان پێدا دەستەیەکی پارێزگاری شەخصی بەبێ سنورداریێتی لە هەڵبژاردندا هەڵبژێرن. کاتێك کە دیائەکۆ پایەکانی فەرمانڕەوایەتی خۆی پتەوکرد، فشاری خستەسەر مادەکان کە شارێکی گەورەو بێ وێنە بنیات بنێن تا ببێتە پایتەختی وڵات و هەموو شارەکانی تر لە بەرامبەر ئەودا کەمبایەخ پیشان بدەن. دیسانەوە ئەوانەیان جێبەجێ کرد، شارێك دروستکرا کە ئێستا بە (ئەکباتان) ناودەبرێت، شوێنێکی زۆرفراوان و خاوەنی پایەی بەهێز لە ڕێگای دیوارە ناوەندییەکانەوە، ئەم دیوارانە بەشێوەیەك دروست کرابوون کە هەر بازنەیەکی یەك لەدوای یەك بەهۆی بەرزی بورج و حەساری ئەو لە بازنەی خوارووی بەرزتربوو... ژمارەی بازنەکان حەوت تا شەش و چەقی ناوەوەی ئەوانە کۆشك و خەزێنەی فەرمانڕەوایەتی لە خۆدەگرت... بورج و حەساری پێنج ئەڵقەی دەرەوە بە ڕەنگە جیاوازەکان نەخشێنراو، یەکەمی سپی، دووەمی ڕەش، سێیەمی ئەرخەوانی، چوارەمی شین، پێنجەمی نارنجی، بورج و حەسارەکانی دوو ئەڵقەی ناوەکی بە ڕێکوپێکی بە زێڕو زیو ئاوکاری کراوە. ئەم پایانە بۆ پارێزگاری لە شاو کۆشکی ئەو بوو، خەڵکی دەبووایە خانووەکانی خۆیان لە دەرەوەی خولگەی دیوارەکان دروست بکردایە[90].

[90] . . Herodotus, 1.99-100, in histories, pp. 82 – 83.



ژن و مێردێکی پیاوماقوڵی ماد. مادەکان کە لەئەنجامدا ئیمپڕاتۆریەتی ئاشوریان لەناوبرد، لەبنەڕەتدا دانیشتوانی ناوچە بەرزەکانی بیابانی ئێران بوون و لەوێدا پایتەختی خۆیان ئەکباتانیان دروست کرد، کە خاوەنی پێگەو پایەیەکی بەهێزبوو.

ئەم دەرکەوتنی یەکێتی و دەسەڵاتەی ماد بەهاتنی فەرمانڕەوایەتی (هوخشترە) (کیاکساری دووەم) لە (625)ی پێش زایینـدا بە لوتکە گەیشت. فەرمانڕەوایەتی پڕ جۆش و خرۆش چارەنووسی ئەوەبوو کە لە ئەنجامـدا ئاشـورییەکان تێکبشکێنێت و بەدرێژایی یەك

فرایند ئیمپڕاتۆریەتی ماد دروست بوو. بە وتەی هـیرودوت ڕەمزی سەرکەوتوویی هوخشترە بەرنامەی فراوان کردن و ڕێکخستنی تازەی سوپابوو کە یەکسەر لەدوای جێنشینی باوکی (فرورتیش) دەستی بەوە کرد. نەیزەدارەکان و تیروکەوان دارەکان و سەربازی سواری خۆی بەسەر یەکە بەش بەشکراوەکاندا دابەش کردو هەریەکێکیانی بەجیا پەروەردەکردو بەشێوازی تایبەت سودی لەوانە وەرگرت لە مەیدانی شەڕدا, بەهەمان شێوە ئەو کەرەستەکان (یونیفرمەکان)ی سەربازیی بەیەکسانی دروستی کرد کە بریتیبوون لەمانە:

(فەرنجییەکی چەرمی قۆڵدرێژ کە دەگەیشتە سەر ئەژنۆو کەمەربەستێکی دوو لا بە قولاپێکی خڕ ئەوەی دەپاراست، شەڵوارێکی چەرمی، پاپووجە قەیتاندارەکان بە نووکی دەرچوو، کلاوێکی خڕی خوری کە مل دادەپۆشێت. تیروکەوانداره‌کان و بەهەمان شێوە هەندێك لەو سەربازانەی سوودیان لە هەردوو نەیزەو کەوان وەردەگرت، کەوانەکانی خۆیان لە سندووقە زۆرجوانەکاندا هەڵدەگرت و تیرەکانی خۆیان لە کیفە چەرمینەکاندا دەپاراست کە بە شان, یان کەمەریانەوە هەڵواسرابوو. ئەگەرچی زۆربەی سەربازەکانی هوخشترە مادە ڕەسەنەکانی ناوچەکە بوون، بەڵام ئەو سەربازیی بەو نەتەوە بچووکانەی ئێرانی دەکرد کە دەوڵەتی ماد تازە بەسەر ئەوانەدا سەرکەوتبوو، ئێستا ژێردەستەو باجدەری بوون.

## شەپۆلی وێرانکاری

کاتێك هوخشترە دڵنیابوو کە سوپاکەی بەئەندازەیەکی تەواو گەورەو شایەنی تێکشکان نییە، بە بەرنامەڕێژییەوە هێرشی کردە سەر ئاشور، کە دەیزانی لە ساڵەکانی کۆتاییدا ڕووی لە سستی کردووە. لە (615)ی پێش زایینیدا، واتە لەدوای کەمتر لە ساڵێك لە دەستپێکردنی هێرشەکانی نەبو پولسەری بابلی بۆسەر ئاشور، لەناکاو هێزەکانی هوخشترە لە قەدپاڵی چیاکانی زاگرۆسەوە سەرەولێژبوونەوەو شاری (ئاراپخا)یان گرت، کە لە نزیکەی (96) کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی ئاشورداببوو. مادەکان بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە ڕووبەڕووی بەرگییەکی کەم بوونەوە، ساڵی دواتر هێرشیان کردە سەر خودی ئاشور، واتە کۆنترین و پیرۆزترین شارەکانی وڵاتی ئاشور. گاهشماری بابلی ئەم ڕووداوەی نووسیووە:

**(پاشای ماد لە دیجلەوە هێرشی هێنا، لە بەرامبەر ئاشوردا جێی خۆی کردەوە، پاشانهێرشی کردە سەر شارو ئەوێی داگیرکرد. ئەو شارەکەی وێران کردو شکستییەکی سەختی بەسەر خەڵك و پیاوماقوڵەکاندا سەپاند)**[91].

نەبو پوڵسەر بە بیستنی هەواڵی هێرشی مادەکان بۆ سەر ئاشور بەپەلە سەربازەکانی خۆی کردە ناو مەیدانەکەوە، بەو ئومێدەی کە لە هێرشەکەدا بەشداری بکات و بەشێکی لە دەستکەوتەکان بەربکەوێت، بەڵام زۆر درەنگ گەیشت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو و هوخشترە ئاقلانە یەکێتییەکیان لە بەرامبەر دوژمنە هاوبەشەکەیاندا دروست کرد، ئەوان لەوێدا لەوێرانەکانی ئاشوردا پەیمانێکیان ئیمزاکردو کەمێك لەدوای ئەوەوە بە رێکخستنی هاوسەرگیری کوڕی نەبو پوڵسەر بەناوی (نەبوکەد نەصر) (بوخت ئەلنەصر) و شازادە خانمی مادی (ئامیتیس) پشتگیرییان لەو ئیمزایە کرد.

لەوانەیە ئاشور بەبەکارهێنانی هەموو سەرچاوە بەجێماوەکانی خۆی لە هەوڵێکدا بەتەواوی بوونییەوە بیتوانیایە لە بەرامبەر هەر یەکێك لە بابلییەکان یان مادەکاندا بەو تەنیاییە بەردەوام بووایە، بەڵام ئیمپراتۆریەتی ئاشور بە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ یەکێتی نێوان ئەم دوو سەرپێچیکەرە چارەنووسی هەر شکان بوو.

هێزەکانی نەبو پوڵسەرو هوخشترە لە هاوینی (612)ی پێش زایینداا هێرشیان کردە سەر ناوجەرگەی ئیمپراتۆریەتی ئاشور لە باکوری شاری ئاشورو شارەکانیان یەك لەدوای یەك گرت. کاتێك کە بە نەمرود گەیشتن هێرشیان کردەسەر قەڵایەکی بەرگریی کە شەلم نەصری سێیەم لە سەدەی نۆیەمی پێش زاییندا دروستی کردبوو، ئەو بینایەی کە بۆ عەمبارکردنی خەزێنەکان و لەوحە بزمارییەکان بەکاردەهات, شوێنەوارناسەکان زۆربەی سەرە نەیزەو ئامێرە جەنگییەکانی تریان لەبەردەم ئەم دیوارانەدا دۆزیوەتەوە کە شایەتی

[91] Quoted in luckenbill, ancient records of Assyria and Babylonia, vol.2. pp. 418-19.

شەڕێکی خوێناوی و بێ ئومێدانەیە کە کاتێك کە هێرشکەرەکان لە بورج و حسارەکانەوە سەرەوژێربوونەوەو سووتان. لەناو ئەنباری ناوەندیدا حەفرکەرەکان ڕووبەڕووی چینێك خۆلەمێشی (182) سانتیمەتری بوونەوە کە شایەتێکە بۆ بلێسەی ئاگرێك کە سەرکەوتووەکان هەڵیان گیرساندبوو، بەگشتی شارێکی گەورەیان بە دڕندەیی لەناوبرد.

لەئەنجامدا ئەم شەپۆلی وێرانکارییە بە دەروازە گەورەو گرنگەکانی شاری ئاشور، واتە نەینەوا گەیشت. گاهشماری بابل بەشێك لە ستەمکاریی و پارچەپارچەبوویی، لەناوچوونی ئەم شارە بە کورتی باس دەکات:



وێنەیەکی ئەمڕۆیی لە ڕوخساری نەبوکەدنەصرکە باوکی نەبوپولسەر یارمەتی مادەکانی دا لە جەنگیان لەگەڵ ئاشورییەکاندا.

(پاشای ئەکەد (بابل)و هوخشترە* ... ئەوان بەدرێژایی کەنارەکانی دیجلە پێشڕەوییان کرد*ولە نەینەوا* بەهێزەوە هێرشیان کردە سەر شار. لە مانگی خەرماناندا شارگیرابە* کۆمەڵکوژی گەورە (جینۆساید) لە خەڵك و پیاوماقوڵەکان ئەنجامدرا. لەو ڕۆژەدا سین —شار —ئیشکۆن پاشای ئاشور هەڵهات, لەشار ئەوانسەرکەوتن و شارەکەیان بۆ تۆپەڵێك لەوێرانە گۆڕی) [92].

---

* نیشانەی لەناوچوون یان خەتی ئاڵۆزو نەخوێندراوە لە شوێنەوارە کۆنەکاندا.

[92] Quoted in luckenbill, ancient records of Assyria and Babylonia, vol.2. pp. 419-20.

لەدوای ئەوەی هەواڵەکانی وێرانبوونی نەینەوا بە یەهودا گەیشت، ناحوم نەبیّ باسێکی ڕوونترو ڕێکوپێکتری دەربارەی بیّ سەروبەرەیی و خوێنڕێژیی هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوە چارەنووسسازەدا نووسی:

(سوپاکانی دوژمن تۆیان گەمارۆداوە. بەس بورج و حەسارەکانی خۆت بەهێزبکە. قەڵغانە سوورەکانی دوژمن دەبریسکێنەوە! جلوبەرگە ڕەنگ سوورەکانی ئەوان ببینـە! سەیری گالیسکە درەوشاوەکانی ئەوان بکە کە لە تەنیشت یەکترەوە بەهۆی ئەسپەکانەوە بەرەو پێشەوە پێشڕەوی دەکەن. گالیسکەکانی تۆ بەخێرایی لە شەقامەکان و مەیدانەکاندا پێـشیان لێـدەگرن، وەك بروسـکە بـۆ پێـشەوە دەڕۆن و وەك بڵێـسە دەدرەوشـێنەوە... دەروازەکانی ڕووبار کراوەیە. دوژمن دزەی کردۆتە ناو شار. کۆشکی فەرمانڕەوایەتی ترس گرتوویەتییەوە! شاژنی نەینەوایان بەڕووتی بە کۆڵانەکاندا هێناوە، ئەویان بەدیلگرتووەو یاوەرەکانی بەگریان بەدوایدا دەڕۆن. شاری نەینەوا وەك گەنجینەی ئاوەکە کون کرابێت خەڵکانی ئەویّ بەخێرایی لەوە دەرژێنەدەرەوەو بەو هاوارانەی ڕێدەگرێت لە هەڵهاتنی ئەوان سەرنج نادەن. زیوەکان تالآن بکەن! زێڕەکان بە فەرهوت بەرن! گەنجینە بیّ شومارەکانیان تالآن بکەن! شاری نەینەوا وێران بووەو پشتگویّ خراوە. دڵەکان لە ترسدا بوون بە ئاوو ئەژنۆکان دەلەرزێن و وزە لە خەڵکدا نەماوەو ڕەنگ لە ڕووخسارەکان پەڕیووە)[93].

---

[93] . Nahum, in bible, 2: 1-10.

## دوایەمین پایەداریی

ئەگەرچی هێرشکەرەکان شارە سەرەکییەکانی ئاشورییان گۆڕی بۆ تۆپەڵە سووتویەك لە بەردو خۆڵ، بەڵام هێشتا کاریان کۆتایی نەهاتبوو. سین — شار — ئیشکۆن بەو شێوەیە کوژرا، لەوانەیە بەدەستی ئەفسەرەکانی خۆی بووبێت، یەکێك لەم ئەفسەرانە ئێستا خوازیاری تاج و دەسەلاَت بوو، ناوی شا (ئاشور ئۆبالیتی) لەخۆی نا، کە نزیکەی حەوت سەد ساڵ لەوەوپێش بە داگیرکردنی ئەو بەشانە لە پاشایەتی لەناوچووی میتانی یەکەمین ئیمپراتۆریەتی ئاشوری دروست کردبوو. ئاشور ئۆبالیتی نوێ بەپەلە ئەو سەربازە ئاشوریانەی کۆکردەوە کە لە داگیرکردنی ناوەندی ئیمپراتۆریەتدا بەسەلامەتی ڕزگاریان بووبوو، بەرەو ڕۆژئاوا هەڵهات و لە حەڕان لە کەنارەکانی سەرەوەی ڕووباری فوراتدا دوایەمین بەرگریی ڕێکخست. لەوێدا لەشکرێکی سەربازە میسرییەکان، کە لەئەنجامدا بە یەکێتی ئاشوری— میسری کە نزیکەی چوار ساڵ لەوەوپێش ئیمزاکرابوو ڕازی بووبوون، ئەویان بەهێزکرد. بەپێی گاهشمار بابلی مادەکان و بابلییەکان لە (610)ی پێش زاییندا بەرەو حەڕان پێشڕەوییان کرد:

لە ساڵی شازدەیەمینی (فەرمانڕەوایەتی نەبوپولسەر)دا پاشای ئەکەد سوپاکەی ئامادەکردو مادەکان بۆ پارێزگاری ئەکەد هەستان و ئەوان سوپاکانی خۆیان یەکخستو بەرەو حەڕان و دژی ئاشور ئۆبالیت، کە لەسەر تەختی پاشایەتی ئاشور دانیشتبوو پێشڕەوییان کرد. ئاشور ئۆبالیت و سوپای (کولانیا) (لەوانەیە فەرماندەیەکی میسری بووبێت)، کە بۆ یارمەتی ئەو هاتبوو لە ترسی ئەوەی کە دوژمن بەسەریاندا بڕژێت شارەکەیان بەجێهێشت[94].

---

94 . Quoted in luckenbill, ancient records of Assyria and Babylonia, vol.2, pp.420-21.

گاهشمار هۆشداری دەدات کە ماوەیەکی کورت لەدوای هەڵهاتن ئاشور ئۆبالیت گەڕایەوەو تێکۆشا کە حەڕان بگرێتەوە، بەڵام سەرنەکەوت و لەوەبەدواوە ئیتر کەس شتێکی لەبارەی ئەو تاج وتەختی پاشایەتی و پاشماوەی حکومەتی ئاشورەوە نەبیست.

لەشکرکێشی کورت، بەڵام ترسناکی بابلییەکان و مادەکان بەشێوەیەك وێرانکەربوو کە ناوچەی سەرەکی ئاشور، کە نزیکەی دوو هەزار ساڵ بەردەوام شوێنی نیشتەجێبوون و گەشەسەندن بوو، بۆ وێرانەیەك گۆڕاو دوایەمین پاشماوەی ئیمپڕاتۆریەتێك کە سەردەمێك گەورەو بەهێزبوو، لە هەمان ناوچەدا فەرمانڕەوای بەسەر ئەودا دەکرا، بەخێرایی دووچاری لێکهەڵوەشان بوو، لە دەیەکان و سەدەکانی دوای ئەودا ئەوەی کە لەو پاشایەتییە بەجێما تەنیا بیرەوەرییە ستەمکارییەکانی ئەوبوو. خودی نەبو پولسەر بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت کە دەیتوانی نووسراوی سەر بەردی گۆڕی فەرمانڕەوا لەقاچ کەوتووەکانی ئاشوربێت، ئاماژە بەوێرانکاریی و دەڕندەیی دەکات کە ئیمپڕاتۆریەتی ئاشور لە سەردەمێکی وا دوورودرێژدا خۆی بەسەر سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی نزیکدا سەپاندبوو:

**(من ناوچەی ئاشورم قەتڵوعام کردو ناوچەی دوژمنم بۆ تۆپەڵێك لە وێرانە گۆڕی. ئاشورییەکان، کە ڕۆژگارێکی دوورودرێژ بەسەر هەموو ئەم نەتەوانەدا حوکمیان کردبوو. بە قۆچە بەردینەکانیان ئازاریان بەخەڵکی ناوچەی (بابل) گەیاندبوو، قاچییانم لە ئەکەددا بڕی وقۆچەکانیانم لەناوبرد)** [95].

(صفنیا) نەوەی حزقیا فەرمانڕەوایی یەهودی کە سیناخریب بۆ بچووککردنەوەی ناچاری کردبوو بەدانی باج، نووسراوی سەر بەردی گۆڕێکی تری بەجێماوی دانراو بۆ خەڵکێك کە دیارترین میراتیان نەفرەتی هەتاهەتایی بوو بەرامبەر بە دراوسێکانیان:

(خوا دەسەلاتی خۆی لە دژی ئاشورییەکان بەکاردەهێنێت و پایتەختی گەورەی ئەوە نەینەوای وێرانکراو دەگۆڕێت بۆ بیابانێکی وشك. ئەو شارە دەبێتە لەوەڕگای مەڕەکان و جۆرەها گیانەوەری کێویی لەوێدا جێگا دەگرن. شەمشەمەکوێرەکان و کونە بەبووەکان

---

95 .Quoted in olmsteadm History of Assyria, p. 640.

لەناو وێرانەکاندا هێلانە دەکەن و دەنگیان لە پەنجەرەی خانووە بەجێهێڵدراوەکانەوە دەبیسترێت. ئەم شارە سەقامگیرە بەشێوەیەك لە ئەمن و ئاسایشدا بوو کە بەخۆی دەوت:"لە هەموو دنیادا شارێکی وەکو من بوونی نییە!" وێران بووە، بووە بە لانەی گیانەوەرەکان! هەرکەسێك بەوێدا تێپەڕببێت سەری خۆی لە حەپەساوی و سەرسوڕماندا بادەدات)[96], بەڵام ئەو ئاشوریانەی توانییان لەکاتی لەناوچوونی وڵاتەکەیان بەسەلامەتی ڕزگاریان بێت ناچاربوون ژیانی خۆیان لە سێبەری ئەربابە تازەکانیاندا لە سەختی و ناهەمواریدا بەسەربەرن و حەپەسابوون کە بۆچی خوای گەورەی ئاشور ئەوانی بەخۆیان سپاردووە. بە تێپەڕینی ساڵەکان نەوەکانی ئەوان و نەوەی نەوەکانیان بەتەواوی و بۆ هەمیشە لەناو مەنجەڵدا بەیەکەوە کوڵاوو بەردەوام لەدۆخی بەرهەمهێناندا وەك نەتەوە جۆراوجۆرەکان بوون، بەزوویی ئیتر ئەو ئاشوریانە نەمان کە لە سەرسوڕماندابن.

[96] .Zephaniah, in Bible, 2:13-15.

**دوا وتە:**

## ڕابردوویەك كە لەبیر ناچێتەوە

لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی ئاشور لە كۆتاییەكانی سەدەی حەوتی پێش زایینـدا هاوسەنگی دەسەلاتێكی نوێی لە ڕۆژهەلاتی نزیكدا بەرهەمهێنا, كە لەوەدا چوار ولاتی تاڕادەیەك هاوهێز دەسەلاتیان بەسەر ناوچە جیاوازەكاندا هەبوو. ماد باشورو ڕۆژئاوای ئێران و ئەو بەشانەی باكوری نێوان دوو ڕووبـاری لـەژێر كۆنترۆلـدابوو، بـابلی كلـدانی دەسەلاتی بەسەر باقی نێوان دوو ڕووباردا فراوان كردووەو خوازیاری فەرمانڕەوایەتی بوو بەسـەر هەنـدێك لـە باجـدەرەكانی پێـشووی ئاشـور لـە فەلەسـتین و سـوریاو لیـدی. پاشایەتییەكی تاڕادەیەك نویێ، بـەلام دەوڵەمەنـدو بـەهێز بەسـەر ئـەنادۆڵی ڕۆژئـاواو مەركەزیدا دەسەلاتی هەبوو، ئەم ولاتانە بەم بارودۆخە ڕازی نەبوون و بەناچاری كێشەو گیروگرفت و جەنگ لەناویاندا ڕوویدا، بەم شێوەیە پاشاكانی ئاشور بە زاراوە لە گۆڕی خۆشیاندا ئارامییان نەبووە، چونكە ڕۆژهەلاتی نزیك چووبووە ناو قۆناغێكی تـازە لـە فراوانخـوازی، داگیركـاریی و سـەركەوتوویی خوێنبـارو دەركـەوتن و لەناوچـوونی ئیمپراتۆریەتەكان.

## فراوانخوازی نوێی بابل

دوای ئاشور یەكەمین پێشبڕكێی سەرەكی لە تابلۆی سیاسیدا لەنێوان بابل و میسردابوو لەسەر دەسەلات بەسەر كەنارەكانی دەریای ناوەڕاستدا. میسرییەكان تازە سەربازەكانی خۆیان بەرەو باكور بەڕێكردبوو، بێهودە هەوڵیاندا یارمەتی دوایەمین فەرمانڕەوایەتی ئاشور بدەن، كە ئێستا دەسەلاتی بەسەر سوریا تا كەركەمیش لە باكوردا هەبوو. نەبو پوڵسەر

ئەرکی کردنەدەرەوەی میسرییەکانی لەو شارە کلیلییە بە کوڕەکەی نەبوکەد نەصر سپارد، کە لە (605)ی پێش زاییندا ئەم ئەرکەی ئەنجامدا. پاشان نەبوکەد نەصر لە ڕێگای فەلەستینەوە بەرەو باشور ڕۆیشت و حوکمڕانی و سیستەمی باجدانی لە یەهوداو دەوڵەتە خوازراوەکانی تردا جێبەجێ کردو بە نزیکی پلوزیوم لە سنوری میسر گەیشتبوو. کە هەواڵ گەیشت نەبو پولەسەر مردووە، کوڕەکەی بەپەلە خۆی گەیاندە بابل و ئارەزوومەندانە فەرمانڕەوایەتی باوکی و ئیمپراتۆریەتی ڕوو لە گەشەی ئەوی لەئەستۆ گرت، بەڵام ئەو شتەی کە دەبووە مایەی نیگەرانی پاشای نوێ ئەوەبوو کە بابل تازە فراوانخوازییەکەی ئێستای دەستی کردبوو بە ئەزموونی هەندێك لە هەمان ئەو دژوارییانەی کە ئاشور لە هەوڵی بۆ پاراستنی ئیمپراتۆریەتێکی هەمە چەشنە لە نەتەوە جیاوازەکان و لە دووری یەکتر ڕووبەڕووی بووبۆوە. لەدوای چەند ساڵێك چەندان دەوڵەتی فەلەستینی، لەوانە یەهودا, شۆڕشیان هەڵگیرساند و نەبوکەد نەصر، کە خۆی لە منداڵییەوە بەنەفرەت لە ئاشورییەکان بەهۆی بێ ڕەحمییانەوە گەورەبووبوو، ئێستا هەندێك لە هەمان شێوازەکانی وەك تیرۆرو دوورخستنەوەی بەکاردەهێنا. (روبرتا هاریس) لەبارەی چارەنووسی یەهودا لەدوای ئەوەی کە بابلییەکان لە (587)ی پێش زاییندا ئورشەلیمیان داگیرکرد دەڵێت:

**"بابلییەکان یەکەمجار ئورشەلیمیان تالآن و پەرستگاکەیان وێران کرد، پاشان ئاگریان لەشارەکە بەردا. (صدقیا) پاشای یەهودا لە شار هەڵهات، بەڵام بەدیلگیراو بردیان بۆلای نەبوکەد نەصر لە (ربلە)لە سوریا. ئەویان دانا کە شایەتی لەسێدارەدانی کوڕەکانی بێت، پاشان (کوروشیان) گرت و بە کەلەپچەکراویی بردیان بۆ بابل. زۆربەی هاوڵاتییە گرنگەکانی ئورشەلیمیشیان بەدوای پاشاکەیاندا دوورخستەوە. هەموو خێزانەکان دەبوایە سەروەت و سامانیان سوار ئەو گالیسکانە بکردایە کە گا ڕایدەکێشاو سەفەری ترسناکی چەند سەد کیلۆمەتریان ببڕیایە هەتاوەکو لە ناوچەیەکی نوێ و بێگانەدا شوێنی نیشتەجێبوون هەڵبژێرن"** [97].

[97] . Harris World of the Bible, p.97.

## ئاوابوونی ماد

لەم ناوەدا سەدان کیلۆمەتر دوورتر لە باکورو ڕۆژهەڵات مادەکان گرفتاری بەرنامەی داگیرکاریی و سەرکەوتوویی و فراوانخوازی خۆیان بوون. ماوەیەکی نەئەوەندە زۆر لەدوای سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو ناوچانەی پێشوویی باکوری ئاشور، سوپاکانی هوخشترە جارێکی تر کەوتنەڕێ و تا (590)ی پێش زاین زیاتر لە ئەرمەنستانیان داگیرکرد. هوخشترەش وەك نەبوکەد نەصر، بەگومانی ئەوەی ئەم هێرشانە ئەوی بەهێزکردووە، بەڕووکەش پێشبینی ئەو کێشە جدییانەی نەدەکرد کە لە ڕووداوی پاراستنی ئیمپراتۆریەتێکی فراوان لەگەڵ باجدەرە نارازییەکاندا ڕووبەڕووی دەبۆوە. ئەوەبوو کە فەرمانڕەوایەتی ماد لە ڕادەبەدەر لەخۆی دڵنیابوو, لە (589)ی زاییندا دیسانەوە بەرەو ڕۆژئاوا پێشڕەوی کردو دلێرانە هێرشی کردە سەر نوێترین دەسەڵاتی گەورەی ڕۆژهەڵاتی نزیك، واتە لیدی. پاشای لیدی (ئالواتس) بەم سوپا بەهەیبەتە شەڕانییەی خۆی ڕووبەڕووی بۆوەو بە وتەی هرودوت، جەنگ (پێنج ساڵ درێژەی کێشا کە بەدرێژایی ئەوەش لیدییەکان و هەم مادەکانیش سەرکەوتنیان بەدەست هێنا)[98].

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە زیاتر هێزەکانی سروشتی و نامرۆیی بوون کە جەنگی مادو لیدەکان بەشێوەیەکی لەناکاو و چاوەڕوان نەکراو وەستا.

یەکێك لە گەورەترین ڕووداوە مێژووییەکانی بێ ئەزموون لە بۆنە کاتییەکاندا لە(28ی ئایاری 585)ی پێش زاییندا لە (بحبوحە) شەڕێکی گەورە لەنێوان هێزە دوژمنکارەکاندا خۆرگیرانێکی تەواو ڕوویدا. لەدواییدا هرودوت نووسی: (لەدوای پێنج ساڵ جەنگ و بەربەرەکانیەتی بێ بەرهەم، شەڕ هەڵگیرساو سوپاکان بەسەختی خەریکی

---

[98] Herodotus, 1.74, in Historiesm p.70.

شەڕبوون کە لەناکاو ڕۆژ بۆ شەو گۆڕا. هەم لیدیییەکان و هەم مادەکان کە ئەم تاریکبوونەی ڕۆژیان بینی، دەستیان لە شەڕکردن هەڵگرت)[99]. مادەکان بەو باوەڕەی کە ئەم خۆرگیرانە پەیوەستە بە بەختی شومەوە، پاشەکشێیان لە لیدیییەکان کردو ئیتر هیچ کاتێك نەگەڕانەوە.



لە م وێنە نوێیەدا لەلاپەڕەیەکی کتێبی پیرۆزدا، نەبوکەدنەصر (بوخت ئەلنەصر) پاشای بابل. لە جێگایەکدا کە بەرزەو دەڕوانێت بەسەر شاری بەهێزی بابلدا، وتار بۆ دەستوپێوەندەکانی دەدات.

ساڵێ دواتر هوخشترە مرد، بەبێ ئەوەی کە ئاگاداربێت ئەو خۆرگیرانە بەڕاستی نیشانەی بەدبەختی بوو بۆ مادەکان، چونکە خودی ئیمپراتۆریەتی ئەوانیش بەزوویی بەدەستی یەکێك لە نەتەوە ژێردەستەکانی خودی ئەوان، فارسەکان ڕووی لە ئاوابوون کرد.

لەسەرەتای دەیەی (550)ی پێش زاییندا پیاوماقوڵێکی فارسی وریا، ئامادەباش و تێکۆشەر بەناوی (کورشی دووەم) شۆڕشێکی سەرکەوتووی هەڵگیرساند کە بەخێرایی ئیمپراتۆریەتی زوو تێپەڕی ماد تێکشکاو لەدوای ئەوە لیدیییەکان بابل و چەند بەشێکیان لە فەلەستین داگیرکرد. پاشایەتی فارس لە لوتکەی خۆیدا لەسەردەمەکانی هەندێك لە جێنشینەکانی کورش دا گۆڕا بۆ گەورەترین ئیمپراتۆریەت کە جیهان هەتا ئەوکاتە بەخۆییەوە بینیبووی. ئەم پانتاییە فراوانە، کە لە باکوری یۆنان لە ڕۆژئاوا هەتا مەرزەکانی هندستان لە ڕۆژهەڵات و

[99] Herodotus, 1.74-75 , in Historiesm p.70.

له میسر له باشور تا ئەرمەنستانی ناوەندی له باکور درێژبووبۆوه، بێ زیادەڕۆیی سەدان نەتەوەو گروپە نەتەوەییەکان و زمانە جۆراوجۆرەکانی لەخۆ دەگرت.

## دوژمنە دێرینەکان سەقامگیرن


فارسیش وەك ئاشور لە قۆناغێکی دەوڵەمەندو دەسەڵات سوودمەند بوو، پاشان بەهۆی تێکەڵاوی یەك لە کێشەکانی ناوخۆیی و مەترسییەکانی دەرەوە لێك هەڵوەشا، ئەسکەندەری گەورە داگیرکەری مەقدۆنی لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی پێش زاییندا فارسی بە ئیمپڕاتۆریەتەکەی خۆیەوە لکاند، بەڵام ئەم پانتایی دەسەڵاتە فراوانە زیاتر لە دروستکەرەکەی خۆی درێژەی نەکێشا. ماوەیەکی کورت لەدوای مردنی ئەسکەندەر سەرکردە سەرەکییەکانی ئەو لەسەر ئەوەی کە چ کەسێك ببێتە جێنشینی گرفتاری جەنگی دەستەڵات بوون. ئەم پیاوە شوێنخوازانە دەستیان کرد بە زنجیرە جەنگێکی وێرانکەر کە چل ساڵ درێژەی کێشا.



کوروشی دووەم، کە زۆرجار بە (گەورە) ناودەبرێت و لە (550 تا 530)ی پێش زاییندا بەسەر فارسدا فەرمانڕەوایی کرد، نازناوی (پاشای مادەکان و فارسەکان)ی بەخۆیدابوو. ئەوو جێنشینەکانی بەسەر ئیمپڕاتۆریەتێکی گەورەدا فەرمانڕەواییان دەکرد کە بۆ نزیکەی دوو سەدە چارەنووسی زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی لەژێر کاریگەریاندا بوو.

لەئەنجامدا تا دەوروبەری (280)ی پێش زایین لە ئیمپراتۆریەتی پێشووی ئەسکەندەر سێ پاشایەتی فراوان دەرکەوتن. گەورەترینیان (سیلوکۆس) بنیاتینا کە ناوچە سەرەکییەکانی ئاشوری پێشوو، بابل و مادو فارس و بەهەمان شێوە چەند بەشێك لە فەلەستین و ئاسیای بچووکی لەخۆ دەگرت.

لە ئەنجامدا پاشایەتی سلوکیانیش لێکهەڵوەشاو ڕێگای بۆ ئیمپراتۆریەتی پارت (ئەشکانی) کردەوە لە دەوروبەری (140)ی پێش زایینـدا، کە ئەویش بە نۆبەی خۆی بەدەستی ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان لە دەوروبەری (224)ی پێش زاییندا تێکشکا، کە خودی ئەویش بەدەستی سوپاکانی موسڵمانە عەرەبەکان (لەدەورروبەری (650)ی پێش زاییندا لەناوچوو. ئەم شێوازە بەو شێوەیە درێژەی کێشا:



سەربازەکانی ئەسکەندەری گەورە، داگیرکەری یۆنانی، لە دوایی چوونە ناوەوەی سەرکەوتووانەیی بۆ مێسر، قەرەباڵغیان لە چواردەوری پەیکەری گەورە و بەناوبانگی (ئەبو ئەلهول) دروست کردووە.

(داگیرکاریی لەدوای داگیرکاری تر، هاوکات لەگەڵ جێگیربوونی هەمیشەیی نەتەوەکان و کەلتورەکان و بیروباوەڕە نوێکان، بەو شێوەیە کە هەموو دەرکەوتەیەکی نوێ لەگەڵ ئەوەی کە کۆن و کلاسیکی بوو تێکەڵاو دەبوو هەتاوەکو کەلتورە بەیەکدا چووەکان و زۆر هەمەچەشنەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی ئەمڕۆ پێکبهێنێت).

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لەگەڵ ئەوەی خواکان ئاداب و ڕێوڕەسمی ناوچەکەو ئامێرە جەنگییەکانی سەربازیی و مەرزە میللییەکانی ئەمڕۆ لەگەڵ قۆناغە گەشەسەندووەکانی ئاشورو نەینەواو بابلدا زۆر جیاوازە، بەڵام دوژمنە دێرینەکان بەوشێوەیە سەقامگیرن. ئەو دوژمنانەی کە بڵێسەی ئاگری جەنگییان بەردەوام لەنێوان نەتەوەکانی دەشتەکانی دیجلەو فوڕات (سۆمەرییەکان و بابلییەکان و ئاشورییەکان)و ناوچە بەرزەکانی ئێراندا (عیلامییەکان و مادەکان و فارسەکان) خۆش کردبوو. لە مناقەشەکان و گیروگرفتەکانی نێوان وڵاتەکانی عێراق و ئێران و لێك نزیکبوونەوەکانی ئەمڕۆی خۆیان هەیە، ئارەزووی دێرینەی پێشڕەوی بەرەو باشورو دەسەڵات بەسەر کەنداوی عەرەبدا، کە ئامانجی سەرەکی داگیرکەرەکان بوو لە سارگۆنی ئەکەدییەوە بگرە هەتا ئاشوربانیپاڵ، لە هێرشەکانی ساڵی (1990)ی عێراق بۆ سەر کوێت، وڵاتێکی بچووك کە شوێنێکی داگیرکردووە کە سەردەمێك باشوری سۆمەر بێشکەی شارستانیەتی نێوان دوو ڕووباربوو تیشکی دایەوە. بەم شێوەیە بەو جۆرەی کە (دانیل سنێل) پیشانی دەدات لەو ڕوانگەیەوە ئەمە تێکەڵاویەکی دەوڵەمەندی کەلتورە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکە، کە ئاشور بەشێك بوو لەوە نەمردووە، بەڵکو ئەو دەقانەی کە بە نووسینی ئەوانەوە خەریك دەبوو بە وەستاویی مایەوە، فەرمانڕەواکانیان گۆڕی، ئەوانە وردەوردە گۆڕان بۆ کۆمەڵگاکان و ئابورییەکانی ئەمڕۆی ناوچەکە. سووربوونی لەرادەبەدەر لەسەر پەیوەندی ئەم کۆمەڵگایانە بە ڕابردووەوە هەڵەیە، بەڵام لەبەرچاونەگرتنی ئەوەی کە پێگە جوگرافییەکانی (ئەمڕۆ) هاوشێوەی نیشانەکانی قۆناغەکانی کۆنن دیسانەوە بەهەمان ئەندازە هەڵەیە لێکۆڵینەوەی ڕابردوو دەوری ئەم کۆمەڵگایانە کلیلی چارەسەری کێشە سیاسییەکانی ئەمڕۆی خەڵکی ئەم ناوچەیە بەدەستەوە نادات، بەڵام بەشی زۆر دووروودرێژو گرنگ لەبارەی ڕابردووی مرۆڤەوە ڕوون دەکاتەوەو یارمەتی ئێمە دەدات ئاشنابین بە بەشێك لە جۆراوجۆرێتی و سەرکەوتنە هاوتاکانی خۆیان کە ئێستا لە ناوماندا نین[100].

[100] . . Snellm Life in the Ancient Near East. p.143.

# سەرچاوەی زیاتر بۆ لێکۆڵینەوە

Michael W. Davison, ed., Evryday life Through the ages, London: Reader’s Digest association, 1992.

ئەم گۆڤارە گەورەیەو وێنەی جوانی تێدایە، کە لێکۆڵینەوە لە شێوازی ژیان لە کەلتورە جیاوازەکانی سەرتاسەری مێژوودا دەکات، خاوەنی بەشێکە لەبارەی ئاشوری کۆنەوە، بەهەمان شێوە چەند بەشێکی لەبارەی بابل و ئێران و یۆنانی کۆنەوەیە.

Samuel N. Kramar, Cradle of civilization. New york: Time Incorporated,1967.

نووسراوی یەکێ لە ناودارترین توێژەرانی کەلتوری نێوان دوو ڕووبار کە نەخش و نیگاری زۆر وێنەکان و شێوەکاری سەرنجڕاکێشی لەگەڵ دایەو یەکێك لە باشترین ناسێنەرەکانی شارستانیەتی نێوان دوو ڕووبار بۆ خوێنەرانی ئاسایی.

Hazel M. Martell, The Ancient world: From the Ice Age to the Fall of rome. New york: king fisher, 1995.

کتێبێکە کە بەشێوەیەکی زۆر جوان ڕازێندراوەتەوەو کورتکراوەی شارستانیەتە جۆراوجۆرو گرنگەکانی کۆنە، لەوانە زۆربەی ئەوانەی لەم کتێبەدایە دەربارەی ئاشوری کۆن لەبارەی ئەوانەوە باس کراوە، لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات.

Don Nardo, The Persian empire. San diego: Lucet Books, 1997.

ئەمە بەمانایەك پاشکۆی کتێبێکی ئامادەکراوە لەبارەی ئاشورەوە، کە بەوێرانکاری نەینەواو شارە گرنگەکانی تری ئاشور بە دەستی بابلی و مادەکان دەست پێدەکات و پاشان بە باسکردنی دەرکەوتن و فەرمانڕەوایەتی دوو سەدەی فارسەکانەوە خەریك دەبێت، کە زۆربەی ڕێوڕەسمی بەڕێوەبردن و سەربازیی یان لەسەر شێوازی کۆنی ئاشوری دامەزرابوو. لە (کۆمەڵەی مێژوو)ی ئێران لە بڵاوکراوەکانی قەفقاسدا بڵاوکراوەتەوە.

Chester G, Starr, Early man: prehistory and the civilizations of the ancient near East. New York: Oxford University press, 1973.

بەرهەمی گشتی، بە کەڵکەو زۆرباش ڕێکخراوە لەبارەی مێژووی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك، لە یەکەمین ڕاوچییەکان و کۆکەرەوەکانی خۆراك هەتاوەکو سۆمەرییەکان و بابلییەکان و میسرییەکان و ئاشورییەکان و فارسەکان بە ڕیوایەتی مێژوونووسێك لەئاستی جیهانیدا.

Tim wood, ancient wonders. New York: penguin Books, 1991.

ئەم کتێبە فێرکارییەو نەخش و نیگاری جوانی تێدایە، بەناوبانگترین بیناکان و بنەماڵەکانی قۆناغەکانی کۆنی تێدایە، لەوانە باخە هەڵواسراوەکانی بابل (حدايق معلقه بابل)، کە بە فەرمانی کوڕێکی هەمان فەرمانڕەوای بابلی دروست کرا کە ئیمپراتۆریەتی ئاشوری بە یەکجارو بۆ هەمیشە وێران کرد، لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات.

## بەرهەمە سوود لێ وەرگیراوەکان

Georges Contenau, Every day life in Babylon and Assyria London: Edward Arnold, 1964.

کانتنو ئاشورناسی بەناوبانگ، سەرنج لە قۆناغی دەوروبەری (700 تا 530)ی پێش زایین دەدات کە ئاشورو بابلی لە لوتکەی گەشەسەندنی خۆیاندا لەخۆ دەگرت. لەلایەکەوە بەهۆی ئەوەی کە ئەم قۆناغانە پیشاندەری ئەم کەلتورانەیەو دیسانەوە لەبەرئەوەی کە ئەم قۆناغە لە هەموو قۆناغەکانی تر باوەڕپێکراوترە, ئەو بەلایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا لەوانە ژیانی خێزان و ژنهێنان و شووکردن و جوتیاری و بازرگانی و مەزهەب و ئەدەبیات و سەرگەرمی و زۆربەی لایەنەگانی ترەوە خەریك دەبوو.

Sir John Hackett, ed., warfare in the ancient world . New York: Facts on File, 1989.

ئەم کتێبە زۆر فێرکاری و سەرنجڕاکێشە کۆمەڵە وتارێکی دوورودرێژە کە مێژوونووسان لەئاستی جیهانیدا نووسیوویانەو هەریەکێکیان بە لێکۆڵینەوە دەربارەی فراوانی سەربازیی و شێوازەکانی جەنگی یەکێك لە نەتەوەکان, یان ئیمپراتۆریەتەکانی کۆنەوە خەریك دەبێت. نەخش و نیگارە جوانەکان و وردی کتێب کاری هونەرمەندو توێژەری ناسراو (پیتەر کاتۆلی)یە. بە سەرنجدان لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە کە دەربارەی ئیمپراتۆریەتی ئاشورە، وتارەکانی ژێرەوە زیاتر شایەنی سەرنجدانن: (سەرەتای جەنگ و کێشە) (ص35-15)، دکتۆر (ترور واتکینز) لە گروپی شوێنەوارناسی زانکۆی (ئیدینبۆرگ) کە بەباسێکی کورتی ئامێرە جەنگییەکان و هونەرو شێوازی کارەکانی سۆمەرییەکان و نەتەوە یەکەمەکانی تری ڕۆژهەڵاتی نزیك خەریك دەبێت، (ئاشورییەکان) (ص36-35)، دی. جەی. وایزمان، ئاشورناسی بەناوبانگی زانکۆی لەندەن، بە لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژی مەکینەی جەنگی ترسناکەوە خەریك دەبێت کە ڕۆژهەڵاتی نزیکی خستبووە مەترسییەوەو پاشان کاریگەرییەکی شایستەی لەسەر سوپای فارسەکان دانا.

Holybible. Revised standard version, New York: Thomas Nelson and sons, 1952.

کتێبی پیرۆز کە نیشانە جیاوازەکانی لەبارەی ئاشورییەکان (بەتایبەت کتێبەکانی ئەشعیاو حزقیل و پاشاکان و مێژووەکانی ڕۆژگارو ناحوم)و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی لەخۆ گرتووە کە لەگەڵ ئەواندا هەڵسوکەوتیان هەبوو. ئەگەرچی لەم نامانەدا بەبێ پێچوپەنا نووسینی ڕووداوەکان مێژوویی نین، بەڵام پڕن لە زانیاری بەنرخ لەبارەی خەڵك و ڕێوڕەسم و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینـدا، ئەو زانیارییانەی کە توێژەرانی مێژوو تێدەکۆشن ئەوانە لەگەڵ گاهشمارەکانی ئاشورو بابل و دەستکەوتەکانی شوێنەوارناسیدا پێکەوە گرێ بدەن.

Jorgen laessoe, people of ancient Assyria: Their Inscriptions and correspondence. Translated by F. S. Leigh – Browne. London: Routeledge and kegan paul, 1963.

ڕیوایەتی بەنرخ لە مێژووی ئاشور، بە تێڕوانینێکی زیاترو پۆلێنکردن و شیکارکردنی بنەماڵەی شا شەمەشی ئەدد لە سەدەی هەژدەیەمی پێش زاییندا بە پشتبەستن بە هەڵبژاردە بێ شومارەکان و لەسەرچاوە زۆر دێرینەکانەوە.

Daniel D. Luckenbill, ed., Ancient Records of Assyria and Babylonia. 2vols. Chicago: University of Chicago press, 1926. Reprint: New York: Green wood press, 1968.

ئەم کۆمەڵەیە بەشێکە لەو دەستە کۆکراوە باوەڕپێکراوانەی وەرگێردراوی ئینگلیزی ساڵنامەکان و نامەکان و نووسراوەکان و بەڵگەکانی تر کە لەلایەن توێژەران و خوێندکارانی جدی زانکۆوە سوود لە شارستانیەتی نێوان دوو ڕووبار وەردەگرێت و لەوانەوە وتەکان دەگوێزرێتەوە. لەو کۆمەڵانەی تر کە من لە نووسینی ئەم کتێبەدا سوودم لەوانە وەرگرتووە، ئەمانەن:

A. leo oppenheim's letters from Mesopotamia: official, Business, and private letterson clay tablets from two Millennia. Chicago: University of Chicago press, 1967; and Leroy waterman's royal correspondence of the Assyrian empire. 4 vols. Ann Arbor: University of Michigan press.1930–1936.

A.T. Olmsteadm History of Assyria. Chicago: University of Chicago press, 1923. reprints: 1960, 1968.

ئەم کتێبە گەورەیە (655)لاپەڕیەو باوەڕپێکراوە لەلایەن پرۆفیسۆر (ئومستد)ی بێ سەروشوێنەوە، یەکێك لە توێژەرە بەناوبانگەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئێستا تارادەیەك کۆن بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی نووسینی وشك و گرانی، بەهەمان شێوە بە مەرجەعیەتێکی گرنگ و بەکەڵك بۆ توێژەران دەژمێردرێت: کتێبێکی تری ئەو مێژووی ئیمپراتۆریەتی ئێران (شیکاگۆ: بڵاوکراوەکانی زانکۆی شیکاگۆ، (1928). چاپەکانی دواتری: (1959، 1984) دیسانەوە بەهەمان ئەندازە باوەڕپێکراو و کەمتر کۆن بووە، بەڵام بەداخەوە بەهەمان ئەندازە دژوارە.

A. leo oppenheim, ancint Mesopotamia: portrait of adead civilization. Chicago: university of chicaago press. 1977.

لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دوورودرێژ، بەنووسینی باش و فێرکاری لەبارەی کەلتوری نێوان دوو ڕووبار بە پێنووسی یەکێك لە مامۆستا باوەڕپێکراوەکان لەم مەیدانەدا.

Andre parrot, Arts of Assyria. New york: Golden press. 1961.

نمایشکەری بەرهەمەکانی هونەرمەندانی ئاشور بە نەخش و نیگاری زۆرەوە. لەجۆری خۆیدا یەکێکە لە باشترینیان.

Georges Roux, Ancient Iraq. New York: penqui. 1980.

ڕیوایەتێکی زۆر تەواوو بە نووسینی باش لە مێژوو و کەلتوری نێوان دوو ڕووبار لە قۆناغەکانی پێش زایینەوە هەتا دەرکەوتن و لەناوچوونی ئەو نەتەوانەی کە بەسەر ئەم ناوچەیەدا دەسەڵاتداربوون- سۆمەرییەکان و بابلییەکان و ئاشورییەکان و فارسەکان و یۆنانییە هیلینییەکان و پارتەکان (ئەشکانییەکان) پەندو وانەی زۆری بۆ خوێندکارە جدییەکانی ئەم بەشەی زانکۆ تێدایە.

Daniel C. Snell, Life the Ancient Near East, 3100-332 B.C. NewHaven, CT: Yale University press. 1997.

ئەم ڕیوایەتە کەلتورو ئاداب و ڕێوڕەسمە کۆنەکان و بیروباوەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی لەخۆ گرتووە، بە پێنووسی پرۆفیسۆر (سنێل) لە زانکۆی (ئۆکلاهما). ڕۆژی هات و شادیبەخش و فێرکاری و بەڵگەی زۆرو گەلێك پەندو وانەی تێدایە.

# بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر

Maria E. Aubert, the Phoenicians and the west. Translated by mary turton . New York: Columbia University press, 1993.

Paul G. Bahn, ed. , The combridge Illustarted History of archaeology. New York: Cambridge university press, 1996.

Nels M. Baikey, ed., Readings in Ancient history: From gilgmesh to Diocletian. Lexington MA: D.C. Heath, 1976.

james Henry Breasted, Ancient Times: A History of the early world. Boston: gin and company, 1944.

C. W. Ceram, gods, graves, and scholars: the story of archaeology.

Translated by E.B. Garside and sophie wilkins. New york: random house, 1986.

L. Delaporte. Mesopotamia: the Babylonian and Assyrian civilization. Translated by v. Gordon childe. New york: Barns and noble, 1970.

Robert drews, the coming of the greeks: Indo – European conquests in the Aegean and the near east. Princeton, NJ:

Princeton university press, 1988.
The end of the bronze age: changes in warfare and the catastrophe ca. 1200 B.c Princeton university press, 1993.

Henri frank fort, art and architecture of the ancient orient new york: penguin, 1971.
Kirk Grayson, Assyrian Rulers of the Third and second millennia B. C. .A Toronto: university of Toronto press. 1987.

Roberta L. Harris, The World of the Bible. London: Thames and Hudson, 1995.

Herodotus, the Histories. Translated by Aubrey de Selin court New York: penguin, 1972.

Tom B. Jones, ed., The Sumerian Problem. New York: John Wiley, 1969.
John Keegan, A History of Warfare. New york: Random House, 1993.

Samuel N. Kramer, The Sumerians: Their History, Clture and Charater. Chicago: University of Chicago press, 1971.

Setin lioyd, foundation in the dust. New York: Thames and Hudson, 1981 James B. Pritchard, ed., Ancient Near Eastern Texts Relaying to the old Testament Princeton, NJ: Princeton university press, 1969.

John M. Russell, Sennacherib's palace with out Rival at Nineveh. Chicago: university of Chicago press, 1991.

H. W. F. Saggs, Civilization Before Greece and Rom. New Haven, CT: Yale university press, 1989.

Chester G. Starr, AHistory of the Ancient World. New York: Oxford university press, 1991.

Wolfram von Soden, The Ancient Orient: An Introduction to the schudy of the ancient Near east. Translated by Donald G. Schly. Grand Rapids, MI: William B. Eerdmans, 1994.

Michael Wood, Legacy: The Search for Ancient Cultures. New York: Sterling Pubishing, 1992.

C. Leanard Woolley, The Sumerians. New York: W.W. Norton, 1965.